**کاوە جەلال**

# ڕێنێ دێکارت

دەزگای پەخشی سەردەم. سلێمانی 2008

## پێشگوتن

مرۆڤ پێویستە سەبارەت بە فەلسەفەی دێکارت سەرەتا بپرسێ، کە داخۆ ئەو فەلسەفەیە، کە لەنێو تەگژەی قووڵی ئایینی و کۆمەڵایەتیی و زانستیی ئەوروپییەوە، بە ئینتەنسیۆنی خۆیی گۆڕان پێدرا، بەهۆی جەختکردنە ریشەییەکەیەوە لە سەبژێکتی هزرڤان وەك چێکەری زانست لەنێو خۆوە، لە کولتووری ئیسلامیدا شیاوی تێگەیشتن بێ! ئاخر هزرینی سەبژێکتیڤی کە مێتۆدییانە دابین کراوە، بە ناوچەی کولتووری ئیسلامی تەواو نامۆیە، ئەمەیش "بەگشتی" کەسانی زانینخوازی نێو ئەم کولتوورە دەگرێتەوە، کە هەرگیز لە کارکردنی زانستیانەیاندا پرسیار لەبارەی دابینکردنی روانگەیەکی سەبژێکتیڤی ناکەن، بەڵێ لە بنەڕەتدا هەرگیز وەك زەروورەیەك نایبینن، نەك ئەمەش، بەڵکو ئەوان تەنانەت کێشەیان لەتەك من و سەبژێکتیڤێتیدا هەیە. کەچی سەرباری ئەمەیش، هەمیشە لەنوێوە دەبینرێ، کە مرۆڤ تامەزرۆیانە خۆی بە هزری نوێکات و مۆدێرنی ئەوروپییەوە خەریك دەکات، لێرەشدا (بێگومان چەند حاڵەتێکی دەگمەنی لێدەربچێ کە هەمیشە بەدەرچوونی سەبژێکتیڤی لە شێوازی هزرینی کولتووری ئیسلامی هاتۆتە گۆڕێ) بەزۆریی، یان نزیکەی بەڕەهایی، تەنها پێی دەکرێ – گەر گونجاوترین حاڵەت وەربگرین - راڤەی ئاقڵانەی بابەتەکەی بکات.

بێگومان دەتوانین بپرسین، کە داخۆ پێویست بێ ئەوانی زانستکار روانگەیەکی سەبژێکتیڤی بۆ کارکردنی زانستی وەربگرن، واتا داخۆ ئەوە گرنگتر نەبێ کە ئەوان بە شێوازە ترادیسیۆنییەکەی کردنی زانست پتر ئاشنا ببن و لێرەشەوە کارەکانیان ئەنجام بدەن، یان بە هەر شێوەیەکی ترادیسیۆنیانە بێ، بەو شێوازە باوەی کردنی زانستدا بچنەوە و پاشان بەپێی سەردەم گۆڕانکاریی تێدا بکەن؟ ئاخر لەم حاڵەتەدا لایەنێك جەختە: پرۆسەی سۆسیالیزەکردن لەنێو کولتووری ئیسلامیدا لەسەر "گرتنی"، واتا "سستکردنی" من ئەنجام دەدرێ، بۆیە هەمیشە منێکی بچووکە و بەزۆریی لە پشتی کردار (ی رۆژانەوە) دەمێنێتەوە؛ هەروەها کەس لە لایەکی دیکەوە هەر لە سەرەتاوە فێردەکرێ رەهایەتی بە نووسراوی سەر کاغەز بدات، کە بێگومان هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەی سروشی خوایەتی لە ئیسلامدا، بە واتایەکی دیکە، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی رەهای قورئان و تەنها شیمانەی تەفسیر لە لایەن مرۆڤی بەندەی ئەزەلییەتەوە. بەڵام لەم حاڵەتەدا، کاتێك ئەوان لە زانکۆکاندا لە "مێتۆدەکانی لێکۆڵینەوە" دەدوێن، ئەوە سەرلەنوێ وەك خشتەی ئامادەکراو لە کتێبی خۆرئاواییەوە دەیخەنە بەردەم خوێندکاران و داوایان لێدەکەن، کە ئاقڵانە (بەئاقڵی!) تەکنیکەکە بەگەڕ بخەن، بەبێ ئەوەی هەرگیز ئەو هەقیقەتەیان لەگەڵدا کرابێ بە بابەتی دانوستاندن، کە مێتۆد رێگەبڕینێکی سەبژێکتیڤییە و ئەو سەبژێکتەیش بە شرۆڤەی شیمانەکانی زانینی خۆیی دێتە گۆڕێ، نەك ئەوان تەنها وەك کەسانی سۆسیۆکولتووری کێشەکە بکەن بە

خشتەی شیاوی دەرخکردن و تەکنیکی دارشتن کە بەدەگمەن ئیشی ئەکادیمییانەی مەزنی لێدەکەوێتەوە، ئەویش چونکە هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەم حاڵەتەدا "خۆیی" نابێ، بەڵکو برێتی دەبێ لە سەرەنجامی خۆهیلاککردنی کەس: کۆکردنەوە و پشکنین و رێکخستنی بابەتە سەرچاوەییەکان.

کەواتە، گەر ئەم کێشە توخمییە بەتایبەتی بۆ هزرینی پەتی تەرخان بکەین، ئەوە دەتوانین لێرەدا روانگەیەکی ئەوتۆ دابین بکەین، کە لەبەر ئەوەی ئەوان سۆسیالیزەکراوێکی نێو کولتووری ئیسلامین و لێرەشەوە شیمانەیان نییە بۆ گۆراندان بە سەبژێکتیڤێتی، ئیتر ئەوان "نزیکەی" تەنها دەتوانن ئاقلانە لەسەر دەستووری ترادیسیۆنیانەی کارکردنی زانستی لەتەك دێکارتدا (بێگومان هەروەها لەتەك فەیلەسوفانی دیکەی دوای ئەودا) خەریك بن ([1]). بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە داخۆ ئەم جۆرە خەریکبوونە بتوانێ لە دێکارت تێبگات؟ ئاخر ئاشکرایە، مرۆڤ لە هەوڵێکی بەم چەشنەدا هەمیشە، بەهۆی نەبوونی سەبژێکتێکی کاراوە کە مێتۆدییانە هزرینی خۆی دابینکردبێ، تەنها ئەوەی پێدەکرێ، کە راڤەی تێگە توخمییەکانی هزری دێکارت بکاتەوە یان سەرجەمییانە بە ئەقڵ دیاریی بکات، بەبێ ئەوەی لێرەدا هزری دێکارت خودی هزرینی ئەوی لە لای ئەو خۆی خستبێتە ژێر پرسیارەوە، بەڵێ تەنانەت لێکەوتی کردبێ. ئایا چۆن کەسێك، کە نەوێرێ ئاوڕ لە سەرچاوە ناخەکییەکانی خۆی بە سەرجەم خێو و جنۆکە زیندووەکانی نێوییەوە بداتەوە (ئاخر ئەمانە لەو ناخەدا هەن و مەرجیش نییە ئەو پێیان بزانێ یان رەنگە ئەو رواڵەتخوازانە نکۆڵییان لێبکات) و بەتایبەتیش شیمانەکانی زانین و بریاردانی دروست بپشکنێ ([2])، ئیتر بتوانێ لە فەلسەفەیەکدا قووڵ ببێتەوە و لێی تێبگات، کە مێتۆدییانە نەك تەنها زانستە

---

[1] ) ئەم "نزیکە"یە نیشانەیە بۆ ئەوە کە حاڵەتەکە رەها نییە. بێگومان هزرڤانی جیددی و رەسەن هەن، هەروەها مرۆڤ دەتوانێ تا رادەیەك لە دەرەوەی ئەم شێوازە ترادیسیۆنییەی زانستکردن ببینێ کە خوازیارانی هزر بەهۆی کراوەییانەوە دەتوانن گۆڕان بە توانای تێگەیشتن لە دێکارت (یان فەیلەسوفێکی دیکەی نوێکات و مۆدێرنی خۆرئاوایی) بدەن. بۆ نموونە لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی کۆیە، بەشی فەلسەفە، بەزۆریی ئەو کێشە باسکراوەی سەرەوە سەروەرە، بەڵام سەرباری ئەمەیش کەسانی خوازیاری هزرین هەن و توانیویانە تا رادەیەکی گونجاو لە هزری ئەقڵگەرایی دێکارت نزیك بکەونەوە و تەنانەت لێکۆڵینەوەی گونجاویش لەبارەی پرسیارە توخمییەکانی فەلسەفەکەی بنووسن.

[2] ) بێگومان نابێ لێرەدا فێربوونی زانکۆیی لە خۆرئاوا وەك مەرجێکی زەرووری بۆ چێبوونی سەبژێکتیڤێتی وەربگیرێ. راستە ژیاندنی ژیان دەشێ لەوێ بێ بە شیمانەی سەرهەڵدانی سەبژێکتیڤێتی، کە هەمیشە لە رەوتی شرۆڤەی شیمانەکانی زانینی خۆیی و هەڵوەشاندنەوەی لێتوێژەرانەی کەسێتیی سۆسیۆکولتووری دێتە ئاراوە، بەڵام گەر لە رووی دەرەکییەوە بروانین، ئەوە بەراستی مەرج نییە. بۆ نموونە هیچ نەشیاو نییە کە ئەو کەسە سۆسیۆکولتوورییە لە خۆرئاوا "خوێندکارێك"ی بەشی فەلسەفە نەبێ و لێرەشدا "بەزۆریی لەسەر شێوازێکی سکۆلاییستییانەی ئیسلامی کار بە زانستەکان بکات"، بەڵێ تەنانەت دەشێ کە مرۆڤ وەك خوێندکار لەنێو بڕی لەژمارەنەهاتووی سەرچاوەکاندا بزر ببێ و بەناسینی دارشتنە پوختەکانیان هێندە سەرسام ببێ، کە ئیتر لە سەرسامیی ناسینەکەیەوە بە چەشنێك لە خۆی نامۆ ببێ، کە هەر ئەوەندەی لە خۆرئاواوە ئاوڕی لە کولتووره دواکەوتووە کوردییەکەی خۆی دایەوە، ئیتر هەڵپەکەرانە بە دیوی ئەو لای

سروشتییەکان، بەڵکو هەروەها و تەنانەت خودی ماتماتیك و خوایش دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەمەیش بێگومان بە مەبەستێکەوە کە برێتییە لە مسۆگەرکردنی بوونی سەبژێکت؟ ئەم کێشەیە گرنگتر دەردەکەوێ، گەر بڕوانین، کە خەریکبوونی هزری لەتەك هەر فەلسەفەیەکی سەردەمی نوێ یان مۆدێرنی ئەوروپیدا، لە پرنسیپەوە، "بەبێ مەبەست" نییە (بێگومان گەر مۆدەگەریی وەلاوە بنێین)، ئەمەیش سەرلەنوێ ئەو پرسیارە دەهێنێ، کە داخۆ پێویست نەبێ مرۆڤ بەئاگابوونی سەبژێکتیڤی بۆ هەنگاوتنی ئەو مەبەستە ڕێکبخات!

کێشەکەی دێکارت روو دەکاتە وەرنەگرتنی سووك و ئاسانی زانستەکان و ئیمان و بڕواکان! مرۆڤ گەرەکە پێش کردنی زانست، خۆی بکات بە سەبژێکتێکی ئەقلگەرا و بۆ مەبەستی دەستگرتن بەسەر سروشتدا کاری زانستی ئەنجام بدات. بەڵام لێرەدا پرسیاری "ئازادی"ی مرۆڤ سەرهەڵدەدات. بەبێ بەئاگابوونی ئازادی، یان بەئاگابوون لەو هەقیقەتە کە مرۆڤ دەتوانێ نکۆڵی لە هەموو شتێك بکات، بەڵام ناتوانێ نکۆڵی لە خودی نکۆڵی بکات، نەشیاوە مرۆڤی سۆسیۆکولتووری کە هیچ بەئاگابوونێکی لەبارەی "تاك" نییە، بتوانێ لە هزرینی سەبژێکتیڤی نزیك بکەوێتەوە. ئاڕاستەوەرگرتن لە هزرینی سەبژێکتیڤییەوە ئەو سەرەنجامە دەهێنێ، کە خوێنەر (فێرخواز یان توێژەر) دەتوانێ لە داڕشتنە جیاوازەکانەوە نەك تەنها کەمێك شارەزایی سەبارەت بە هزری ئەو فەیلەسوفە پەیدا دەکات، بەڵکو دەتوانێ لە هەر داڕشتنێکەوە مێتۆد و مەبەستی جیاوازی خاوەنەکەی دیراسە بکات، هاوکات ئەو کێشەیەی "من" و "جیهان" بکاتەوە بە بابەتی دانوستاندن، کە لە رۆژهەڵاتی کوردی-ئیسلامی سەرباری تێکچڕژانی سەرجەم جیهان و منێتی هێشتا لە لای "نزیکەی" سەرجەم خۆ بە مۆدێرنزانەکانیش ناسینێکی تێگەییان ئەنجام نەدراوە. بەڵام ئەم کارە بەڕاستی کاتێك شیاوی ئەنجامدان دەبێ، گەر کێشەی سەبژێکتی زانین و ترادیسیۆنالیزمی خۆرهەڵاتی-ئیسلامی تێماتیزە بکرێن؛ ئەمەش بێگومان بە سەرەنجامێکی نادیارەوە! بەبێ ئەنجامدانی ئەم جۆرە دانوستاندنە خۆیی و نێوکۆییە نە شیمانەی تێگەیشتن لە هزری سەردەمی نوێ و مۆدێرنی خۆرئاوایی دێتە گۆڕێ و نە دەرفەتی دانوستاندنی ریشەیی لەسەر کێشەی "خوێندنی خوێندنگەیی" و کێشەی رەهایەتیدان بە نووسراوی سەر کاغەز سەرهەڵدەدات و زانستی نێو زانکۆکانیش "بەزۆریی" تەنها بەناو زانست دەبن — لە باشترین حاڵەتدا داڕشتنی لەباری قەدیمییانە دەبن.

لێرەوە دەتوانین تا رادەیەك لە ئامانجی ئەم کتێبە نزیك بکەوینەوە، کە تێیدا چەند کارێکی جیاوازی فەلسەفی لەبارەی "دێکارت" کۆکراونەتەوە. نەك ئینفۆرماسیۆن لەسەر دەستووری قەدیمییەکان، بەڵکو پاڵنەر بۆ دانوستاندنی ئازادی هزری لەبارەی شیمانەکانی هزرڤانێکی گشتیی هەمەلایەنی. ئەمەش هاوکات ئەو واتایە دەگەیەنێ، کە ئێمە دەتوانین تاکە نموونەیەکیش (لەم حاڵەتەدا دێکارت) وەربگرین بۆ

---

خوێندکارییەکەی خۆیدا لە خۆرئاوا، خۆی وەك فەیلەسوف بنوێنێ، بەبێ ئەوەی هێشتا هەر بە فۆرمێکی داڕشتن گەیشتبێ، بەڵکو تەنها هەڵپەکەرانە "شتی تێکەڵ و پێکەڵ"ی نێو کتێبەکان هەڵبڕێژێ!

دانوستاندنی پرسیارەکانی هزرینی ترادیسیۆنی و نویٚ، هەروەها ئەمە لە خۆیدا ئاماژەیەکیشە بۆ ئەو حاڵەتە، کە دەشێ هزرڤانانی دیکەی سەردەمی نویٚ و مۆدێرنی خۆرئاوا بەم مەبەستەوە دابڕێژرێن و بکرێن بە ئۆبژێکتی دانوستاندن.

هەر یەکەی ئەم لێکۆڵینەوانەی بەردەست، جگە لە تێکستی "تیۆریی زانین لە رێنیسانس"دا، کە وەك دەروازەیەك بۆ نزیکبوونەوە لە کێشەکە دانراوە، ناونیشانی "رێنێ دێکارت"یان هەڵگرتووە. بۆ پتر تێرکردنی کێشەکە لێکۆڵینەوەیەکی نووسەری ئەم بابەتەیان خراوەتە پاڵ، کە لە گۆڤاری "بوون" (ساڵی 1995 – گەر ئەم داتەم بەڕاستی لە یاد مابێت)، هەروەها دوای گۆڕان و پەرەپێدان لە گۆڤاری ئایینـدەدا (ژمارە 58، ساڵی 2004) بڵاوکرابۆوە. بەڵام پێویست نییە لەم پێشەکییەدا دەروازەیەکی ئاماژەدەر بۆ هەر یەکەی لێکۆڵینەوەکان دابڕێژرێ. هەر یەکەی ئەم لێکۆڵینەوانە لە روانگەیەکی خۆییەوە نووسراوە، ئەوەش ئەرکی خوێنەرەوە خۆیەتی، لە رەوتی هەوڵەکانیدا، بۆ کەمێك نزیکبوونەوە لە هزری دێکارت، هاوکات هەوڵ بدات روانگەی نووسەرەکانیشیان بناسێ.

کاوە جەلال

# تیۆریی زانین لە ڕێنیسانسدا

پـاڵهێزە نوێکـانی هـزر لـە قۆنـاغی ڕێنیسانسـدا ئەوەنـدە هەمەلایـەنی بـوون، کـە ئـیتر ئـەو هەمەلایەنێتییە وا دەکات بتوانین گۆڕانی تێگەی زانین (لەم نووسینەدا) بەکورتی دیاری بکەین. مۆرکێکی یەکەمی ئەم گۆڕانە دەشێ لەو هەقیقەتـەدا ببینـرێ، کـە زۆرینـەی فەیلەسـوفەکان یـان توێـژەرانی سـەدەی پازدەیەم و شازدەیەم هەوڵیان دەدا، لـە لێتوێژینـەوەی هۆکـارە ئەمپیرییەکانـەوە بـە زانینـی سروشـت و لـە لێتوێژینەوەی سەرچاوە مێژووییەکانەوە بە زانینی مرۆڤ بگەن (بێگومـان گـەر ئـەوان وەك زاناکـانی دیکـە لایـەنگری سروشـتگەراییەکی تیۆسـۆفی-پانتاییسـتییانە یـان میسـتیکییانە نـەبووبن). مـۆرکێکی دووەمـی سەنترالیی ئەم گۆڕانە لەو هەقیقەتەدایە، کە چیدی مێتۆدەکانی ئەبستراکتاندن و دیالێکتیك بەس نەبوون، تاکو بەرێیانەوە داواکارییەکەی زانین بۆ کەشفکردن و ناسینەوەی "نوێ" ریالیزە بکرێ. بەڵام هـەر خـودی ئەم داواکارییە، لەپاڵ هەندێك داواکاریی دیکەدا، لە خۆیدا برێتییـە لـە هۆکارێـك بـۆ ئـەوە کـە ژمارەیـەکی هەمەلایەنی لە هەوڵی بنەمایی مێتۆدییانە ببن بە پاڵهێزی "هونەری کەشـفکردن" (ars inveniendi) کـە بەگشتی مۆرکی ئەم سەردەمەیە. پرسەکە لێرەدا ڕوو دەکاتە "هونەری کەشفکردن" لەو شێوەیەدا، کـە، بـە پێچەوانەی دابەشاندنی سکۆلاییستییانەی تێگەکانەوە، داوای مێتۆدی دۆزینەوە و کەشفکردنی نوێ دەکات. بـەڵام بـۆ ئـەوەی ئـەم داواکارییـە بـەدیبهێنرێ، ئـەوە دوو کۆنسـەپتی مێتۆدۆلۆژییانـە وەك شـیمانە هەڵدەبژێررێن: لە یەکێکیاندا — بە وەرچەرخانەوە ڕووەو ڕەوانبێژی — زمان دەبێ بە دەروازەی زانین، یان بەڵگەنامە و تێکستە سەرچاوەییەکان بـەرێی مێتـودی مێـژوویی-ڕەخنەییـەوە دەکـرێن بـە بناغـەی زانـین؛ بەڵام لە کۆنسەپتەکەی دووەمدا، بە یاریـدەی مێتـۆدی فەلسـەفی-سروشـتییانەی ئیندوکسـیۆن، ئـەزموونێکی زانستیانەی سادە بەگەڕ دەخرێ کە بـەزۆریی بـە شـێوەیەکی کۆکەرەوانـە دەگشـتێنێ. هـەر لـەم مەغزایـەدا دەشـێ داواکارییەکـەی فرەنسـیس بـەیکن بـۆ "زانسـتی سروشـت" (scientia naturalis) و هـەروەها بـۆ هونەرێکی کەشفکردن (ars inveniendi) راڤە بکرێ، واتا ڕێگەکەی بەیکن لە دەرککردنەوە بۆ ئاشکراکردن (ئیندوکسیۆن) و لە ئاشکراکردنەوە بۆ کەشفکردن (دێدوکسیۆن = هەڵهێنجان) وەك ئەو رۆڵە بەشـداریکەرە ببینـرێ کە ئەو لەم کێشەیەدا گێڕای، بێگومان رۆڵێك، کە بوو بە پاڵهێز بۆ ڕێکخستنی بڕێکی گەورەی تاکە زانینی نوێ لەنێو تیۆرییەکی فۆرمدا. بـەڵام سـەرەڕای ئەمـە، هـیچ کـام لـەم هەوڵـە بنەماییـە سـەرەتاییانە ناتوانێ بناغـەی تێگەیـەکی نـوێی زانـین بڕێـژێ. بـە پێچـەوانەوە، تێگەیـەکی نـوێی زانـین درەنگـتر لەسـەر بناغەی بـەکارهێنان و تەشـەنەی مێتـۆدی ماتمـاتیکی لـە زانسـتە سروشـتییەکان و هـەروەها لـە فەلسـەفەی سـەدەی حەڤدەیەمـدا سـەرهەڵدەدات، لێرەشـدا هێـز و ڕوودانـەکان، بـەرێی شـرۆڤەی ئـەوەوە کـە نـاونراوە جەوهەر، دەگەڕێنرێنەوە بۆ پەیوەندییـەکی نـەگۆڕی سـەرمەدییانەی قـەوارە نـەگۆڕەکان، سروشـتیش وەك میکانیزمێکی گشتگیر دیاری دەکرێ (گالیلێ، کێپلەر، نیوتن). بەم پێیە فـۆرمی جەوهـەری برێتـی نییـە لـە

پرنسیپی زانـین، بـەڵکو ئـەو میکانیکـە پرنسیپی زانـین پێکـدەهێنێ، کـە چ پرۆسـەکە دیـاری دەکـات و چ فۆرمـەکان دەهێنێتـە گـۆڕێ: زانـین لـەم روانگەیـەوە برێتییـە لـە داڕشـتنی بونیـادی ئاقلانـەی (راسیۆنالی) پرۆسەکە لە فۆرمولەکردنێکی پوختدا. ئێستا زانینی ڕاستەقینە بـەزۆریی بـەڕێی شـرۆڤەی هۆکارەکانـەوە، بــەڕێی هەڵبەســتنی مێتۆدییانــەوە، هــەروەها بــەڕێی دروســتکردنی بابەتەکــەوە لــە مەرجەکانییــەوە بناغەدەڕێژرێ. بەمەش مرۆڤ هەروەها سروشت و ماف و دەوڵەت، مێژوو و زمان، لە نوێوە دیاری دەکاتـەوە و بڕی زانینە ناوەرۆکییەکان وەك سەرەنجام دەبینێ. ئێستا لێرەوە ئەو دەرەنجامـە دەکەوێتـەوە، کـە لـەنێو چێوەی ئەم پرۆسە بگۆڕانەدا هاوکات خـودی زانـین دەخرێتـە ژێـر شـرۆڤەیەکی بونیادییـەوە. بـەڵام دەبـێ هاوکات جەخت لـەوە بکـرێ، کـە لێـرەدا نـە بـڕی زانـین و مێتۆدەکـان، نـە پـوختێتیی مێتـۆدی ماتمـاتیکی، دەتوانن خودی زانین مسۆگەر بکەن، گەر لێرەدا سەبژێکتی زانین، بێگومان بەهۆی ئەم هەمەلایەنێتییـەوە، لە خودی خۆی و ئێڤیدێنسە کەرەسەییەکانی جەخت نەبێ.

ئەم خۆجەختییەی سەبژێکتی زانین لـە بنەڕەتـدا برێتییـە لـە پێشـمەرج، چـونکە زانـین لـە خـۆدا پێویستیی بە خۆجەختییەکی کەسی زانەر (ناسەر) هەیە و ئەم خۆجەختییـەش دەبـێ بـە هـەر شـێوەیەك بێ بهێنرێتە گۆڕێ. بەڵام ئەم جەختییـەی هـزر (cogitatio)، کـە دێکـارت بـەڕێی هـەنگاوی سـەلمێنەرانەی (رێدوکتیڤی — و) گومانی مێتۆدییەوە پێی دەگات، ناتوانێ بە تەنیا بناغەی زانـین لـە ناوەرۆکـەوە بڕێـژێ، هەر بۆیـە دێکـارت ناچـار دەبـێ درێـژە بـەم سـەلماندنە بـدات: "هـزرین" (cogitare) خـۆی لـە ناوەرۆکـەوە برێتییە لە "هۆش"ی تایبەتی (واتا برێتییە لە هزر، ئیدێ، ڕێئـالێتی، ئۆبـژێکتیڤێتی / cogitatio, idea, realitas, obiectiva)، جا گەرچی ناوەرۆکی "هـۆش" لـە فـۆرمی (شـێوەی / das Formale) "هزرینـەوە" نایەتە ئاراوە. بەڵام ئەم هەڵبەستنە هۆشەکییە ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە: ئێستا پرسیارێکی ڕەوا سـەبارەت بە سەرچاوەی "ئیدێکان" (ئیدێیا)، یان سەبارەت بە ناوەرۆکەکانی پێشبینی، سەرهەڵدەدات، واتـا سـەبارەت بەو ناوەرۆکانەی پێشبینی، کە هاوکات وێنەی شـتەکانن. بێگومـان دەشـێ پرسـیارەکە لـە حاڵـەتی ناوەرۆکـە کۆتادارەکاندا وەلاوە بنرێ، چونکە لێرەدا دەشێ خودی پێشبینیکار وەك هۆکاری "ڕیالێتییـەك وەك فـۆرم" (realitas formalis) وەربگیرێ و ئەمەش بەسە. بەڵام ناوەرۆکی جەوهەری ناکۆتـا (substantia infinita) دەشـێ تـەنها بـەڕێی هۆکـارێکی ناکۆتـای کاریگـەرەوە (aktual) هـەبێ. بـۆ دێکـارت زانینـی "مـن هزرڤـانم" برێتییە لە ڕاستییەکی نەشیاوی گومان لێکردن، جگە لەمەش، لەنێو زانینـی "مـن هزرڤـانم"دا، لێرەبـوونی خودبەئاگابوون (Selbstbewusstsein) بەبێ هیچ گەیانـدنێك (واتـا راسـتەوخۆ) ڕوون و ئاشـکرایە. بـەڵام لێرەدا ئـەو هەقیقەتـە واتایـەکی سـەنترالی هەیـە، کـە دێکـارت ئیـدێی ناکۆتـا وەك مـەرجی شـیمانەی "مـن دەهـزرێم" (کۆگیتـۆ) و ئیـدێ خـاوەن ناوەرۆکـە کۆتادارەکـان دیـاری دەکـات. هـیچ گومـانی تێـدا نییـە کـە: جـەختی و ڕاسـتیی هـەر تاکـە زانسـتێك بەنـدن بـە زانینـی (ناسـینی) خـواوە. کەچـی ئـەم وەرچـەرخانە تیۆلۆژییانەیـە هێشـتا هـەر ڕێ لـە دێکـارت نـاگرێ ببێـژێ: بەدیهێنانـە ئازادەکـانی زانینمـان، وەك راسـتی، هەمیشە زەرورەی زانینیش پێکدەهێنن.

پاشان سپینۆزا ریشەییتر بناغەی زانین و ڕاستی دەڕێژێ. سپینۆزا دەبێژێ، کە ناشێ "جگە لە خوا ... هیچ جەوهەرێك هەبێ و هەروەها هیچ جەوهەرێك شیاوی تێگەیشتن بێ". روانگەکەی سپینۆزا، بە پێچەوانەی دێکارت، ئەوەیە، کە هۆش (cognitio) و ئەستو (extensio) یەکن، هەروەها هیچ کامیان جەوهەری ڕەها نییە، بەڵکو هەردووکیان تەنها جەوهەری دروستکراون. بێگومان سپینۆزا نکۆڵی لە کرداری خولقاندن دەکات؛ ئەو وشەی "جەوهەر" تەنها بۆ خوا (واتا سروشت) بەکار دەهێنێ، هەروەها جیهانی هزر (cogitatio) و جیهانی جەستە (extensio) تەنها وەك مۆرکەکانی خودی ڕەها (المطلق) دیاری دەکات، بە چەشنێك کە ئیتر ئەقڵمان تەنها دەتوانێ وەك سەر بە جەوهەری خوا بیياننناسێ؛ ئەمەش بۆیە ئەوهایە، چونکە هەموو شتێك لە ئیدێی خواوە دێتە گۆڕێ، هەر لێرەشەوە سپینۆزا ڕەخنەی زانین (Erkenntniskritik) ([1]) قبووڵ ناکات، چونکە هەموو ڕەخنەیەکی زانین (واتا رەخنەی ئیدێکان) دەرەنگتر دێتە ئاراوە. بۆ سپینۆزا "ئیدێی ڕاستەقینە" (idea vera) بریێتییە لە نۆرمی زانینی پەرچێنراو، کە دەرەنجاماندنێکی پێچەوانە بەدەر دەکات، ئەویش چونکە ڕاستی لە خۆیدا ڕوون و ئاشکرایە (ئێڤیدێنتە). بەڵام ئەم تێگەیشتنە بەتایبەتی ئەو پرنسیپەش پێشان دەدات، کە بریێتییە لە "پاكژاندنی زەین" (emendatio intellectus)، ئەویش کاتێك هەموو زانینێکی ڕاستەقینە ئامرازێك بۆ هەڵهێنجانی زانینی نوێ پێکدەهێنێ – چونکە لە دیدی سپینۆزاوە یەکەم ئیدێی ڕاستەقینە (...)، وەك ئیدێی جەوهەرە کامیلەکە، لەنێو مرۆڤدا هەیە. هیچ گومانی تێدا نییە، کە چ دێکارت لە "***پرنسیپەکانی فەلسەفە***"دا و چ سپینۆزا لە "***ئێتیك***"ـەکەیدا یەکەمین مەرجەکانی "دەستووری ئەندازەیی"یان (more geometrico) بەکار هێنا، واتا ئەو مێتۆدەی هزرینی فەلسەفی و داڕشتنی شرۆڤەییان بەگەڕخست، کە ڕێگەیەکی هەڵهێنجەرانە "بەگوێرەی دەستووری ئەندازە" دەگرێتە بەر، ئەویش کاتێك لە پێناسە و ئەکسیۆمەوە (یاساوە) ئاڕاستە دەگرێ، بیردۆز دادەنێ و دەسەلمێنێ، تاکو پاشان ژمارەیەك دەرەنجام و ڕوونکردنەوە بخاتە پاڵ سەلماندنەکان. لەسەر ئەم شێوازە هەردوو فەیلەسوف هەوڵیان دا بۆ ئەوەی ئەو سیستەمەی زانین، کە بینایان کردبوو، مسۆگەر بکەن و زانین لە یەکەمین بنەماکانەوە (بیردۆزەکانەوە – و) بە شێوەیەکی ئا پریۆری (پێشئەزموونی) گۆڕان پێبدەن.

بەرانبەر ئەمە هۆبس و لۆك و هیوم تێگە بلاوە مێتافیزیکییەکانیان نەهێشت و لەبریی ئەوان ئەو بوونیادە هزرییانەیان دانا، واتا ئەو هەڵبەستراوە هۆشەکییانەیان دانا، کە فاکتەرە بونیادییەکانیان "ئەزموونین" (ئەمپیرین). بەڵام سەرباری ئەمە، زانین لە خۆدا نە لە لایەن هۆبس و نە لە لایەن لۆك و هیوم بە شێوەیەکی ئەزموونی دیاری دەکرێ، چونکە زانین لە دیدی ئەوانەوە ئەزموونی نییە، بەڵکو زانین بەرێی پێکەوەلکاندن و پەرچاندنی توخمەکانی زانینەوە سەرهەڵدەدات، کە، بە هەمان شێوەی فۆرمی (das Formale) لکاندنەکە (واتا چەندپاتکردنەوە، زاکیرە، کۆکردنەوە و هتد)، سەرچاوەیەکی ئەزموونییان

---

[1]) واتا لێتوێژینەوەی رەخنەییانەی شیمانەکانی زانینی خۆیی (و)

هەیە. هەر بۆیە دەبێ لێرەش لە خودی سەبژێکتی زانین وەك پەیوەندییەکی فونکسیۆن (کارایی) تێبگەین نـەك وەك "جەوهـەرێك". بـەڵام سـەرباری ئەمـە ئـەو ئەزموونگەراییـە کـە لـە ئینگلانـد گـۆڕانی پێـدرا و ئەزموونی وەك تاکە سەرچاوەی زانین وەردەگرت، هەروەها کە ڕەچاو و ئێکسپێریمێنتی وەك تاکە مێتـۆدی زانسـتیی گونجـاو دادەنـا و بۆیـە دەیکـردن بـە پنتـی لێوەدەرچـوون، بـە هـیچ شـێوەیەك نـەیتوانی هـەموو پرسیارەکان پەیوەست بە کێشەی زانینەوە وەڵام بداتەوە، چونکە ئـەو زەروورەیـە بـۆ ڕوونکردنـەوەی نـەك تەنها پەیوەندییەکانی هەقیقەت، بەڵکو هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێژەی پەتیی هزرۆکەکانیش، وا دەکات هەر هەوڵێك نشوستی بهێنێ، کە ئامانجەکەی ئەوە بێ، تەنیا بە یاریدەی مێتۆدی ئـەمپیری بـە تیۆرییـەکی داخـراوی زانـین بگـات. تـەنها ئـەو کۆنسـەپتانە کـە بـە ریشـەییدانی کێشـەکە هەڵدەسـتن، بـۆ نموونـە ئیمماتەریالیزمی بێرکلی یان تیـۆری مۆنادەکـانی لایبنیـتس، پێیـان دەکـرێ لێـرەدا دەرفـەت بـۆ کۆنسـەپتی پەیوەندییەکی لەخۆدا داخراوی پێشمەرج (پرێمیس) بشێنن. ئاخر چـۆن ئەرِیستۆتێلیس پلاتـۆنیزمی بـە شێوەیەکی سیستەماتیك تەواو کرد، ئەوهاش بۆ نموونە لایبنیتس توانی تەقەلاکانی سەدەی هەڤدەیەم، کـە بـۆ تیۆرییـەکی ئاقلانـە و هاوکـات لـەخۆگری تێگـەی زانـین دەدران، کـۆ بکاتـەوە. بـە چـەند وشـەیەکی دی ببێژین، لایبنیتس بناغەی زانینی لە یاسای هاوشوناس (القانون الذاتی) و یاسای هۆکاری کافییـەوە (السـبب الکـافی) ڕشـت، ئەمـەش بـە چەشـنێك کـە ئـیتر بـەرِێی ئـەم یاسایانەوە سیسـتەمێکی داخـراو و هاوکـات دینامیکانە هاتۆتە دارِشتن، کە لە نێویدا هەموو بابەتێك تەواو گێنێزییانە (بگۆرِییانە) شیاوی دیاریکردنە. لـەم روانگەیـەوە زانـین وەك شـیمانەیەك بـۆ توانسـتی زانـین پێناسـە دەکـرێ، لـەم شیمانەیەشـەوە ئـەو دەرەنجامە دەکەوێتەوە، کە گەر هاتوو مەرجەکان لەنێو سیستەمێکی کامیلی پەیوەندیدا شیاوی دارِشتن بن، ئەوسا زانستێکی گشتی (یونیڤێسال) سەرهەڵدەدات.

سەرچاوە:

وەرگێڕراوە لە

Wenturis / Van hove / Dreier, Methodologie der Sozialwissenschaften, Tübingen 1992

# ڕێنێ دێکارت

گیونتەر کایل

ڕێنێ دێکارت (کارتێسیوس) 31 ی مارتی 1596 لە "لا های" دێتە ژیانەوە، لە ساڵی 1604 هەتا 1612 لە کۆلێژی یەزووییەکان لە "لا فلێش" فێرخواز دەبێ، پاشان لە زانکۆ یاساناسی تەواو دەکات. دێکارت ساڵی 1618 دەبێ بە سەرباز و لە جەنگدا بەشداری دەکات. ساڵی 1625 دەڕوات بۆ پاریس و لەوێ بۆ ماوەی سێ ساڵ دەژی. لەم کاتە بەدوواوە هەتا ساڵی 1649 لە هۆڵلاند دەژی و ژیانی بۆ کاری فەلسەفی تەرخان دەکات. ساڵی 1649 کریستینەی شاژنی سوید بانگی دەکات بۆ کۆشکی سویدی و لەوێ پاش ماوەیەکی کورت، لە 1630/2/11، دەمرێ.

## مێتۆد

فرەنسیس بەیکن لەسەر بناغەی ئیندوکسیۆن گۆڕان بە سیستەمێکی زانستی و مێتۆدی دەدات. دێکارت بەرانبەر ئەم مێتۆدەی بەیکن تەنها ئینتوئیسیۆن و دێدوکسیۆن بە گونجاو بۆ هەڵبەستنی زانست وەك سیستەم دادەنێ. ئینتوئیسیۆن ئەو توانستەی مرۆڤە، کە لە ئاسانترین ڕاستییەکان تێدەگات، واتا ئەو ڕاستییانە کە بە هیچ گومانێك (dubitatio) تێکەڵ نەبوون، بەڵکو زۆر ئاسان ڕوون و ئاشکران، بۆ نموونە خولگەییبوونی بازنە برێتییە لە هەقیقەت. ئینجا "دێدوکسیۆن" دەبێ ئەم جۆرە ڕاستییە، کە بەڕێی ئینتوئیسیۆنەوە دەستگیر کراوە، بەردەوام بهزرێنێ، واتا دێدوکسیۆن دەبێ هەموو ئەو ڕاستییانەی دی دەستگیر بکات، کە لە ڕاستییە روون و ئاشکراکانەوە شیاوی هەڵهێنجانن.

دێکارت بەم مێتۆدە هەڵهێنجەرە خۆی لە "ناکۆکیی تێگەکان"ی چەرخی نێڤین ڕزگار دەکات، ئەمیش بەو شێوەیە، کە بۆ ئەو ڕاستی (veritas) نە لەنێو تێگەکاندایە (وەك چۆن لە ریالیزمدا نوێنەرایەتی دەکرا) و نە لەنێو تاکە دەرککردنە سێنسییەکاندایە (وەك چۆن لە ناوگەراییدا نوێنەرایەتی دەکرا)، بەڵکو ڕاستی لە "چنین"ی ئەو تێگانەدایە، کە بەڕێی ئینتوئیسیۆن و هەڵهێنجانەوە دەستگیر کراون، ئەمەش بە

واتای ڕاستی لەنێو بڕیاردایە (Das Urteil). بۆ نموونە بڕیاری "بازنە خولگەییە" بڕێتییە لە ڕاستی؛ ئەم ڕاستییە لەوەدا بڕیار دراوە، کە "بازنە" بڕێتییە لە لکاندنێکی تێگەییانەی "خولگەییبوون".

بەم پێیە زانین بڕێتییە لە پێکەوەکارکردنی ئەزموونی سێنسی و هزرین. ئەزموونی سێنسی ئەو کەرەسەیە دەنێرێ، کە هزرڤان دەرکی دەکات، ئینجا هزرڤان بەڕێی هزرینەوە ڕێکی دەخات و بڕیاری بەسەردا دەدات. لێرەدا هزرین لە ناوەڕۆکەوە هزرینێکی ماتماتیکییە، واتا هزرینی ئەندازەیی (جیۆمەتریانە) و لۆجیکییە. ئاخر تەنها ئەم جۆرە هزرینە لەسەر بنەمای ڕوون و ئاشکرایی دامەزراوە. لە کۆتاییدا هەموو بابەتەکانی توێژینەوەی زانستی (هەروەها هەموو شتێکی دەرککراو)، بڕێتین لە ئۆبژێکتی هزرینی ماتماتیکی و بەمەش، لەبەر ئەوەی هزرینی ماتماتیکی گشتییە، ئەوە بڕێتین لە ئۆبژێکتی هزرینێکی "گشتی"ی ماتماتیکییانە، واتا: ماتماتیکی یونیڤێرسال وەك تیۆرییەکی گشتی (یونیڤێرسالْ).

کەواتە مرۆڤ لەکاتی زانیندا دەبێ ئاگای لەوە بێ، کە 1) هیچ شتێك، کە بە هەر شێوەیەك شیاوی گومانلێکردن بێ، بە ڕاست دانەنێ؛ 2) کێشەی ئالۆز بە کەرتکردن دابەش بکات، تاکو بە یەکە بناغەییەکانی ڕوون و ئاشکرایی بگات؛ 3) لەنێو هزریندا بە شێوەیەك ڕێکخستن ئەنجام بدات، کە لە "ئاسان"ەوە بۆ "ئالۆز" هەنگاو بنێ؛ 4) هەمیشە زانین بابەتەکەی بپشکنێ، تاکو بۆی دەربکەوێ کە داخۆ کاملە.

### پرسیاری گومان

دێکارت لە نووسینی "لێهزرینەکان سەبارەت بە یەکەم فەلسەفە"دا ( Meditationen über die Erste Philosophie) لە گومانی ڕیشەییەوە سەرچاوە دەگرێ، تاکو لەسەر بناغەکەی هەموو شتێك بخاتە ژێر پشکنینەوە. بەڵام گومانەکەی دێکارت گومانگەرایی (سکێپسیستی) نییە، واتا گومانێك نییە، کە لەنێو گومان خۆیدا تەواو ببێ، بەڵکو تەنها گومانێکی مێتۆدییە: گومان بڕێتییە لە پنتێکی مێتۆدییانەی دەرچوون و لەدژی ئەم گومانەیش دەبێ بێگومانی خۆی بچەسپێنێ.

ئێمە هیچ گەرەنتییەکمان بۆ لێرەبوونی ئەو شتە نییە، کە ئێمە بەڕێی سێنسەکانمانەوە دەرکی پێدەکەین، چونکە زۆر دەشێ سەرجەمی دەرککردنە سێنسییەکانمان خەون و وێنا بن، هەر لەبەر ئەم هۆیە ئەم گومانەمان سەرجەم ئەو شتانەش دەگرێتەوە، کە وەك زانست لەسەر بناغەی ئەو دەرککردنانە دامەزراون؛ ئەمانیش وەك زانست بڕێتین لە خەونی بینراو و شتی وێنا کراو، واتا سەهوو و هەڵەن. لێرەوە گومانێکی پرنسیپی سەبارەت بە هەقیقەت و ڕاستیی هەموو ئەو شتانە سەرهەڵدەدات (...) کە بەندن بە

دەرككردنـی سێنسییەوە، هـەروەها سـەبارەت بـەو شـتانە کـە بـرێتین لـە جەسـتەکانی سروشـت ( natura corporea) و ئەو فیگورانەی شتە کشاوەکان (figura rerum extensarum)، کە بە سێنسەکان دەرككراون. هەمان گومان ئەو زانستانەش دەگرێتەوە، کە لەتـەك سـەرجەم شـتە جەسـتەیی و کشاوەکاندا، واتـا لەتـەك جەستە ئاوێتەکاندا، خەریکن، بۆ نموونە فیزیك، ئەستێرەناسی و پزیشکی. بـە پێچەوانەوە ئـەو زانسـتانە، کە ڕوو ناکەنـە ئـەم شـتە ئاوێتـە و هەقیقەتـە گومانلێکراوەکانیـان، خـاوەنی مسۆگەرییەکی بێگومـانن، بـۆ نموونە ئەریتمێتیك و ئەندازە؛ چونکە "2" کۆی "3" یەکسانە بـە "5" هەمیشـە ڕاسـتە، لێرەشـدا ئـەوە هیچ گرنگ نییە کە داخۆ شتە ئاوێتەکان لەگەڵ دوو یان سێ یان پێنج بگونجێن یان نەگونجێن.

بەڵام لە ڕەوتی هزرینـی قـووڵتر بەردەوامپێـدراودا ماتمـاتیکیش دەکەوێتـە ژێـر گومانـەوە، چـونکە ئایـا ناشێ خوا، کە بەپێی بۆچوونی کۆن توانستی هـەموو شـتێکی هەیـە و منـی دروسـت کـردووە، یـان گیـانێکی درۆزن، بـە مەبەسـت و بـەردەوام فریـوم بـدات (بەهەڵەمـدا بـەرێ)، بـەڵێ تەنانـەت لـە ڕووی ماتماتیـك و لۆجیکەوە بەسەهوومدا بەرێ؟ کەواتە زۆر دەشێ هەموو شتێك، کە هەتا ئێستا لە لای مـن وەك مسۆگەر و فریونـەدەر دەردەکـەوت، واتـا تەنانـەت فیگـورە ئەنـدازەیی و لۆجیکییـەکانیش، بەرهـەمی خراپـی ئـەو فریودەرە بن. بەم شێوەیە دێکارت زۆر ڕیشەییانە هەتا دوا مەرجەکان پرسیار دەکات.

## کۆگیتۆ، ئێرگۆ سوم (من دەهزرێم، کەواتە من هەم)

بـەڵام سـەرەڕای هـەموو گومانێـك لـە شـتە دەرككراوەکان، هەمیشـە بێگومانییـەك هەیـە: گـەر هـەموو دەرككردنێك تەنها خەونبینین بێ، ئەوە خۆ دەبێ خەونبینێك هەبێ؛ تەنانەت گـەر شـتی دەرككـراو تـەنها ئۆبـژێکتێکی وێنـاکراوی نێـو خـەون بـێ، ئـەوە خـۆ هەمیشـە سـەبژێکتێکی خـەونبین، کـە ئـەم وێنـا گومانلێکراوانـەی هەیـە، مـەرجێتی. هـەروەها گـەر مـن لـە هـەموو وێنایەکمـدا بەهەڵەدا بچـم، خـۆ ئـەوە هەمیشە "من"ـم ئەو یەکە کە بەهەڵەدا دەچێ، ئەمەش واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێ کە "من" هـەم. کەواتـە لایەنی کەم ئەو هەقیقەتە، کە من هـەم، مسۆگەر و نەشـیاوی گومانلێکردنـە، ئەمـەش سـەربەخۆ لـەوە کـە داخۆ وێناکانم ڕاست یان هەڵە بن. ئاخر گەر من نەبوومایە، ئەوسا نەم دەتوانی هـیچ وێنایـەك و هـەروەها هیچ هەڵەیەکم هەبێ. جا من خۆم خاوەنی وێنا و هەڵەکانم بم یان خوا یان گیانێکی درۆزن خاوەنیـان بـن، سەرباری ئەمەش ڕاستییەك دەمێنێتەوە و برێتییە لەوە کە "من هەم"؛ ئەوە "من"ـە کـە ئـەو وێنایانـەی

هەیە. کەواتە ئەوە بەزەرووری ڕاستە، کە من هەم، کە من لێرەبوونم هەیە. "من وێنام هەیە، کەواتە من هەم"؛ ئەمە لەنێو سەنتەری هەموو گومان (dubitatio) و هەموو هەڵەیەکی (falsitas) شیاودا بریێتییە لە پنتی ئەرخەمیدی، کە پنتێکی چەسپ و نەبزۆك و سەنتەرە. من هەم، هەتا من پێشبینیم هەبێ. من خۆم، بەرانبەر شتە کشاو و ئاوێتەکان (res extensa)، کە ئۆبژێکتی گومانلێکراوی پێشبینییەکانمن (cogatationes)، شتێکی گومانلێکراو نیم، بەڵکو من شتێکی هزرڤان (res cogitans) و مسۆگەرم، واتا بریێتیم لە هۆش (mens)، لە دەروون (animus)، لە زەین (intellectus) و لە ئەقڵ (ratio).

ئێستا دەزانم، کە من لێرەبوونم هەیە (ego exito)؛ بەڵام من دەپرسم: ئەو منە چییە کە لێرەبوونی هەیە؟ سەرەتا ئەم منە شتێکی هزرڤانە، کە دیاردەگریی (cogitans) هەیە، گومان دەکات (dubitans)، تێدەگات (intelligens)، ئەرێنی و نەرێنی رادەگەیەنێ.

ئەم چالاکییانەی دیاردەگری تەنها بەندن بە دیاردەگریی "ئێگۆ کۆگیتۆ، ئێگۆ ئێکسیتۆ"وە (واتا بە: "من دەهزرێم، من لێرەبوونم هەیە")، بەڵام بەند نین بە ئۆبژێکتە دیاردەگریکراوەکانی (گومانلێکراوەکانی، ئەرێنیکراو و نەرێنیکراوەکانی) جەستەوە، چونکە سەرەتا جەستە (بە هەمان شێوەی سەرجەم سروشت) گومانلێکراو و نامسۆگەرە.

### سەلماندنی لێرەبوونی خوا

ئەو لایەنە ئاشکرا و گومانلێنەکراوە، کە لەنێو مندا ئیدێی شتەکان هەیە. بەڵام ئایا شتە بەئیدێکراوەکان لە دەرەوەی من هەن؟ سەرەتا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کە داخۆ خوایەکی کامیل هەبێ، کە مرۆڤ بەهەڵەدا نابات و نایخەڵەتێنێ (چونکە بەهەڵەدابردن و فریودان بریێتین لە ناکامیلی). ئاخر هەر ئەم نامسۆگەرییە بناغەی مێتافیزیکییانەی گومانکردن بوو. هەتا ئەو گیانە درۆزنە لەم کایەیە دەرنەپەڕێنرێ و ئەوەیش بە چەسپی دیاری نەکرا بێ، کە کردگارم خوایەکی کامیل و بەهەڵەدانەبەرە، من ناتوانم متمانە بەو خواستە بکەم (واتا بەوە کە لە لایەن ئەوەوە لەنێو ناخی مندا خولقێنراوە)، کە بڕوام بە لێرەبوونی جیهانێکی دەرەکی هەبێ. ئەم سەلماندنانەی لێرەبوونی خوا لە لای دێکارت هاوکات کاراییەکیان بۆ مسۆگەرکردنی لێرەبوونی جیهانی دەرەوە هەیە.

سەرەتا دەبێ هەموو ئیدێکانم بەسەر سێ جۆردا (genera) بەش بکەم: بەسەر جۆری ویست (voluntas)، جۆری هەست (affectus) و جۆری بڕیاردا (iudicia)، تاکو بزانم، لە کامیاندا شیمانەی

ڕاستی یان هەڵە هەیە. لە هەردوو جۆرەکەی یەکەمدا، واتا ویست و هەست، ناشێ هەڵە هەبێ، چونکە ئەمانە بە هیچ شێوەیەك هەقیقەتی شتە ویستراو و خۆزگەبۆکراوەکان دەرنابڕن. لەبەر ئەم هۆیە شتە ویستراو یان خوازراوەکان هەقیقی نین. بەم پێیە دەشێ لە سێیەم جۆردا، واتا لە بڕیاردا، هەڵە (error) ڕوو بدات، ئەویش کاتێك من بڕیار دەدەم، گوایە ئەو ئیدێیانەی شتەکان کە لەنێو ناخی مندا هەن، لە خودی ئەو شتانە دەچن یان بەو شتانە دەگونجێن (conformes)، کە لە "دەرەوەی من"دا هەن، کەچی لە ڕاستیدا ئەوها نین. بەم شێوەیە تەنها بڕیارەکان کەرەسەی هەڵە دەخەنە بەردەستم.

جگە لەمە دەبێ ئەوەش دیاری بکرێ، کە لە نێوان ئەو ئیدێ زۆرانەدا جیاوازیی ئۆنتۆلۆژی هەیە: هەندێك ئیدێ، کە جەوهەر (واتا ئەو شتانە کە تەنها بەڕێی خۆیانەوە هەن) لە خۆ دەگرن، پتر خاوەنی هەقیقەتی ئۆنتۆلۆژین وەك ئەو ئیدێیانە، کە تەنها شێوازی (واتا مۆدوسی یان ئەکسیدێنسی) شتەکان لە خۆ دەگرن، واتا ئیدێکانی یەکەم پلەیەکی بەرزتری بوونیان لە ئیدێکانی دووەم هەیە. بەم شێوەیە ئەو ئیدێیە، کە من بەڕێیەوە لەبارەی خوایەکی بالاترین و ئەزەلی و ناکۆتا دەهزرێم، پتر خاوەنی هەقیقەتی ئۆنتۆلۆژییە لەو ئیدێیانەی کە تەنها جەوهەرە کۆتادارەکان دیاری دەکەن. بەلام زانینی سروشتی لە حاڵەتی بڕیارەکاندا فێرمان دەکات، کە لە هۆکاری ئەنجامێکدا (ئەوە هیچ گرنگ نییە کە لێرەدا مەبەست لە چ هەقیقەتێك یان لە چ شێوازێکی بوون بێ) دەبێ لایەنی کەم هێندە هەقیقەتی ئۆنتۆلۆژی هەبێ، کە لەنێو ئەنجامی ئەو هۆکارەدا هەیە. واتا ئەنجام دەشێ تەنها لە لایەن هۆکارێکەوە بهێنرێتە گۆڕێ، کە لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە هەمان هێزی هەبێ.

لێرەوە سەلماندنی — تایبەتمەندی دێکارتیانەی — خوا بەم شێوەیەی خوارەوە دەرئەنجامێنرێ: من بەئاگابوونێکم سەبارەت بە جەوهەرێکی ناکۆتا (واتا سەبارەت بە خوا) هەیە. کەواتە خوا لایەنی کەم لەنێو بەئاگابوونی مندا هەقیقەتێکی هەیە (دێکارت ناوی دەنێ هەقیقەتی ئۆبژێکتیڤی، واتا: هەقیقەت وەك ئۆبژێکتی بەئاگابوونم). بەگوێرەی ڕستەکەی سەرەوە، کە لە هۆکاردا دەبێ هێندە زۆر هەقیقەتی ئۆنتۆلۆژی هەبێ وەك چۆن لە ئەنجامدا هەیە، ناشێ من وەك جەوهەرێکی کۆتادار خاوەنی ئەو ئیدێیانەم بم، کە من سەبارەت بە جەوهەرێکی ناکۆتا هەمن. بەم پێیە دەبێ دروستکەری ئەو ئیدێیانە کە من لەمەڕ جەوهەرێکی ناکۆتا هەمن، تەنها لە دەرەوەی مندا لەنێو جەوهەرێکدا هەبێ، کە خۆیشی ناکۆتایە. کەواتە خوا لە دەرەوەی من لێرەبوونی هەیە و بەمەش هەقیقەتەکەی لە دەرەوەی بەئاگابوونی مندایە. (دێکارت ئەمە ناو دەنێ هەقیقەتی فۆرمال، واتا هەقیقەت وەك فۆرمێکی "سەربەخۆ" لە دەرەوەی هەموو بەئاگابوونێك).

ئەم سەلماندنە دەشێ بە واژەی ئاشکراتر یان مۆدێرن ڕوون بکرێتەوە: جەوهەرێکی ناکۆتا لەنێو ئاسۆی بەئاگابوونماندایە. لێرەوە دەبێ بوون ی ئاسۆی بەئاگابوونمان خۆیشی ناکۆتا بێ، تاکو بتوانێ جەوهەرێکی

ناكۆتا لەخۆ بگرێ؛ لێرەوە ناشێ منی کۆتادار خۆی ئاسۆی بەئاگابوونەکەی هێنابێتە ئاراوە؛ لێرەوە دەبێ کردگارێکی ناکۆتای ئاسۆی بەئاگابوونم هەبێ، کە هەروەها لە دەرەوەی ئەم ئاسۆیەی بەئاگابوونمدا هەیە.

بەم شێوەیە ئیدێی خوا (idea Dei) لە دەرەوەی من ی خۆم هەیە. بەم پێیە ئیدێی جەوهەرێکی ناکۆتا تەواو مسۆگەرکرا؛ پاشان دەبێ لەنێو ئەم جەوهەرە ناکۆتایە بێسنوورەی خوادا هەموو جەوهەرە سنووردارەکان — گەر هەقیقی بوون — درابن. کەواتە ڕاستیی هەموو ئیدێکانی دی دەشێ تەنها لەنێو ڕاستیی کامیلتێتیە ناکۆتاکەی خوادا درابێ.

بەم پێیە ئیدێی خوا لە باڵاترین ڕادەدا ڕوون و ئاشکرایە، هەروەها هەتا ناکۆتا زۆرتر لە هەر ئیدێیەکی دیکە هەقیقەت لە خۆ دەگرێ. ئەم باڵاترین کامیلێتییەی جەوهەری ناکۆتا لە باڵاترین ڕادەدا ڕاستە، لەبەر ئەم هۆیە پێویست نییە من لە مەسەلەی خوادا جیاوازی لە نێوان جەوهەر (واتا بوون وەك شیمانە) و لێرەبووندا (واتا ئێکسیستێنسیادا وەك لێرەبوونی هەقیقی) بکەم؛ گەر خوا لێرەبوونی نەبووایە، ئەوسا خوا وەك باڵاترین جەوهەری کامیل، کامیل نەدەبوو. تەنها "تێگە"ی (واتا جەوهەر وەك شیمانە بەتەنها) خوا لێرەبوونەکەیشی دەگرێتە خۆ، واتا بەتەنها تێگەی خوا لێرەبوونەکەی دەسەلمێنێ.

من بەم شێوەیە دەبینم (ئاخر من ناتوانم جگە لە دوو بێگومانی پشت بە بێگومانیی زۆرتر ببەستم، واتا جگە لە بێگومانیی من ئیدێم هەیە و لەبەر ئەم هۆیەش من هەم، هەروەها بێگومانیی ئیدێی خوا) کە جەختی و ڕاستیی هەموو زانین و ناسین بەندن بە جەختیی من خۆم و خواوە.

### بەسەهووداچوون و گوناه

گەرچی خوا من فریو نادات، چونکە بەهەڵەدابردن و فریودان برێتین لە ناکامیلی و ئەمەش لەتەك جەوهەری خوادا یەك ناگرێتەوە، ئەوە هەڵە لەکاتی بڕیاردانەکانی مندا دێتە ئاراوە، واتا من بەڕێی خۆمەوە دەکەومە هەڵەوە؛ بەڵام ئەم هەڵەیە کاتێك دێتە گۆڕێ، گەر بڕیاردانم لەنێو خوادا نەبێ، بەڵکو تەنها لەنێو خۆمدا بێ و ئاڕاستەی خۆم کرابێتەوە. چونکە من، کە وەك ناکامیل و جەوهەری کۆتادار تەنها نێوەندێکم لە نێوان خوا و نەبووندا (nihil)، لە بڕیاردانمدا نەك تەنها ئیدێی پۆزەتیڤ و هەقیقیی خوام هەیە، بەڵکو هەروەها ئیدێی نەبوونم (هیچم / das Nichts) هەیە. کەواتە توانستە دوایەکییەکەی بڕیاردانم بەشداریی لە هیچ (das Nichts) یان نەبووندا دەکات، کە ئیتر بەڕێی ئەم هیچەوە، کاتێك بڕیاردانم بە هەبووەوە لکاو نامێنێتەوە و بەسەر نەبووندا وەك هەبوو بڕیار دەدات، بەهەڵەدا دەچم.

جگە لەمە هۆیەکی دیکەی هەڵەی شیاو هەیە کە بریتییە لە توانستی من بۆ هەڵبژاردن، واتا "ویستم". ئاخر ویست ناکۆتایە و بەمەش گەورەترە لە زەینی کۆتادارم؛ بەم پێیە من دەتوانم ویستم رووەو ئەو شتانەش، کە تێیان ناگەم، بخەمە گەڕ، ئەویش چونکە دەکەونە نێو ویستی ناکۆتامەوە بۆ بڕیاردان، بەڵام ناکەونە نێو زەینی کۆتادارمەوە. بەم شێوەیە ویست بۆ بڕیاردان دەمخزێنێتە نێو هەڵە و گوناهەوە. چونکە ویستم دەتوانێ بڕیاری بەسەر شتگەلی ئەوتۆدا هەبێ، کە من تێیان ناگەم. کەواتە ناکامیلێتییە هەڵەکار و گوناهبارەکەم لەوەدایە، کە من بەڕاستی یان بە بەدروستی، توانست و ئازادیی بڕیاردان و هەڵبژاردن بەکار ناهێنم، واتا لەو شێوەیەدا کە بڕیاردانم ئاڕاستەی خوا کرا بێ یان لە لایەن زەینەوە دیاری کرا بێ.

## دەروون، جەستە، سروشت

کەواتە دوو جەوهەر هەن، واتا دوو شت (res)، کە بەڕێی خۆیانەوە توانستی لێرەبوونیان هەیە: یەکەمیان بریتییە لە ڕێس کۆگیتانس، واتا جەوهەری هزرڤان و خاوەن ئیدێ، کە من خۆمم (دەروون)، دووەمیان بریتییە لە ڕێس ئێکستێنزا، واتا جەوهەری ئاوێتکراوی (compositas) جەستەیی.

گرنگترین جیاوازیی ئەم دوو جەوهەرە لەوەدایە، کە جەستە (corpus)، هەروەها سەرجەم سروشتی جەستەیی، شیاوی کەرتکردنە (divisibile)، چونکە ئاوێتەیە، بەڵام هۆش یان جەوهەری هزرڤانی خاوەن ئیدێ، بە پێچەوانەوە، نەشیاوی کەرتکردنە. جەوهەری هزرڤان، وەك هۆش، سەربەخۆیە لە جەوهەری کشاو، چونکە گومان لەوە ناکرێ کە شتە جەستەییەکان سەر بە منن یان سەر بە جەستەمن، بەڵام من (وەك دەروون) بەند نیم بە ئەوانەوە.

کەواتە دراوە جەستەییە شێوە زۆرەکان، هەروەها دراوەکانی لەشی خۆم پێکەوە لەگەڵ هەستە سێنسییەکاندا، کە بەڕێی هزرینی ماتماتیکییەوە شیاوی پشکنین نین، دەشێ تەنها لەنێو توانستە سێنسییە خۆییەکاندا درا بن، بۆیە ئەمانیش هێندە جەخت نین، ئەمەش بە هەمان شێوەی جەوهەری کشاو، کە تەنها بەشێوەیەکی ئەندازەیی ئاقڵانە شیاوی لێتێگەیشتنە. کەواتە لە لای دێکارت دراوە سێنسییەکان (سەبژێکتیڤییەکان) لەتەك جەوهەری کشاودا یەك ناگرنەوە - چونکە بەڕێی هزرینی ماتماتیکییەوە شیاوی پشکنین نین. بۆ نموونە پێشبینیکردنی وێنەییانەی سێگۆشەیەك گونجاوە بۆ ئیدێی وێنەیی سێنسی، بەڵام زانینی هەزارگۆشەیەك تەنها لەنێو زەیندا دراوە، ئەویش چونکە هەزارگۆشە بەسەر وێنەی سێنسیدا تێپەڕ دەکات. تەنها زەین دەتوانێ بە زانینێکی ڕوون و ئاشکرای هەردووکیان بگات، زانینێك، کە لە هەموو فیگورەکانی دیکەیان جیا دەکاتەوە. کەواتە ئەم شێواوی و سنووردارییەی دیاردەگرییە (ئیدێ) سێنسییەکانمان ڕێنادەن خودی ئەو سێنسانەمان بە زانینی ئۆبژێکتیڤی بگەن. بەم پێیە توانستی

دیـاردەگریی وێنــەیی سێنسـیم تــەنها بــەکارهێنانێکی توانســتی زەینــە، کــە فــراوانتر و بەمــەش ڕوون و ئاشکراترە، واتا توانستی پێشبینیی وێنەیی و توانستی هەستکەر هاوکات بۆچوونی شتی کشاویشیان هەیـە، بـەڵام جیـاوازن لێـی، ئەمـەش بـە هـەمان شـێوەی وەرگۆڕینـە سێنسـییەکانی شـتێك، کـە لـە خـودی شـتەکە جیاوازن.

هـەردووکیان، چ زەینـی "مـرۆڤ" (ئـەقڵ) و چ سروشـت وەك سـەرجەم، هاوبەشـییەکیان هەیـە، ئـەویش ئەوەیە کە هەردووکیان سـنووردار و کۆتـادارن، چونکە خـوا دروسـتی کـردوون و بـە خـواوە، وەك بـاڵاترین ئیدێی کامیل، بەندن.

سەرچاوە:

Günter Keil, Philosophiegeschichte, Band 2, Stuttgart 1987

تێبینی: ئەم ئیشە لە دەستنووسی پوختەکراوەی "وەرگێڕ"ەوە، کە نووسـینەوەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی 1993، ئەنجام دراوە نەك لە سەرچاوە چاپکراوەکەوە، بۆیە جۆرە لادانێك لە سەرچاوە چاپکراوەکە هەیـە. لێرەوە گونجاوترە، گەر خوێنەر وەك بابەتێکی ئامادەکراو لێی بڕوانێت.

# ڕێنێ دێکارت

کورت فریدلاین

## تێبینی: مۆرکی گشتیی ئەقڵگەرایی

فەلسەفەی هەڵهێنجەرانەی ئەقڵگەرایی نزیکەی هاوکات لەتەك فەلسەفەی ئیندوکسیۆنی ئەزموونگەراییدا هاتە گۆڕێ. فەلسەفەی ئەقڵگەرایی باوەڕی دەکرد بتوانێ زانینی شتە تاکەکان تەنیا بە یاریدەی دەرەنجامی ئەقڵ لە مەرجی گشتییەوە، لە مەرجی لۆجیکی یان لە ئینتوئیسیۆنی جەختەوە، هەڵبهێنجێ.

ئەقڵگەرایی، بە هەمان شێوەی ئەزموونگەرایی، کۆرپەی زانستە سروشتییە مۆدێرنەکانە، بەڵام سەرچاوەی ئەقڵگەرایی لەنێو شێوازی ماتماتیکییانەی لێڕوانینی سروشتدایە. لەبەر ئەوەی بنەماکانی ماتماتیك، لە ڕوانگەی ئەم تێڕوانینەوە، لەنێو خودی سروشتدا چوواندنیان هەیە، ئەوە دەبێ ئەو تێڕوانینە فەلسەفەییانەی وێکچووی ماتماتیکن، بە هەمان شێوەی ماتماتیك بەسەر سروشتدا شیاوی بەکارهێنان بن.

ڕەگێکی دیکەی ئەقڵگەرایی لەنێو فەلسەفەکەی پلاتۆندایە: پلاتۆن ئەو تێڕوانینەی دەربڕی بوو، کە دەروون لەکاتی لێرەبوونە سەرمەدییەکەیدا (واتا لێرەبوونی پێش لەدایکبوون) لە ئیدێکانی ڕوانیوە، بۆیە زانینی ئیدێکان، لە ڕوانگەی پلاتۆن، تەنها کردارێکی یادهێنانەوەیە، ئەمەش لەو ساتانەدا دێتە گۆڕێ، کە کاتێك مرۆڤ لە شتە فیزیکییەکان دەڕوانێ. ***بەم پێیە ئیدێکان سەراپا بە ئامادەیی لەنێو دەروونـدان***، یان لەنێو دەروون خۆیەوە ڕسکاون. ئێمە تەنها بەڕێی ئەو چالاکییەی دەروونەوە لەم ئیدێ ڕسکاوانەی نێو خودی دەروون بەئاگا دێینەوە، کە بە ئەو پەڕی خاوێنییەوە جەوهەری دەروون دەردەبڕێ: هزرین. کەواتە، هەروەك بڵێین، ئیدێکان بەڕێی هزرینی لۆجیکی-ماتماتیکییەوە دەردەکێشرێن.

## واتای فەلسەفییانەی دێکارت

دێکارت دامەزرێنەری ئەقڵگەرایی نوێترە. فەلسەفەکەی، بە تایبەتی فەلسەفەی سروشت و مێتافیزیکەکەی، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هزری فەلسەفیی سەردەمەکەی نواند، هۆی ئەم کاریگەرییەش یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سادەیەتییە نائاساییەکەی و لۆجیکە پوختەکەی، دووەم بۆ روونییە مەزنەکەی داڕشتن. بەڵام ئەو واتا مەزنە، کە لەنێو مێژووی فەلسەفەدا بە دێکارت دەدرێ، کەمتر بەندە بە داڕشتنەکانییەوە، بەڵکو لە جەوهەرەوە بەندە بەو رۆڵەوە، کە سەبژێکت لە لای ئەو دەیگێڕێ. فەلسەفە لە لای دێکارت، بۆ یەکەم جار لە کاتی ئەنتیکەوە (لە کاتی سۆفیستەکانەوە)، لە ئۆبژێکتەوە یان لە رەهاوە (موتلەقەوە / ئەبسولوتەوە) بینا ناکرێ، بەڵکو لە سەبژێکتەوە. سەبژێکت لە لای دێکارت دەبێ بە پنتی فەلسەفاندن و لەم کاتە بەدوواوە ئەم جێگە سەنترالییەی نەدۆڕاندووە. بۆیە "سەردەمی نوێی"ی راستەقینە (ی ئەوروپی — و) لەتەك دێکارتدا سەرچاوە دەگرێ.

بەڵام لەنێو فەلسەفەکەی دێکارتدا، سەرباری لایەنە مەزنەکانی، هەندێك پنت هەن کە مایەی رەخنەن. بەواتاترین پنتی رەخنە برێتییە لە دوالیزمی رەهای هەردوو جەوهەرەکەی جەستە و هۆش. لەبەر ئەوەی نەشیاوە ئەم دوالیزمە بەئەنجام بگەیەنرێ، ئەوە دێکارت ناچار دەبێ لەنێو سیستەمەکەیدا یەك تاکە نەسازی وەربگرێ، کە برێتییە لە گریمانەی کاریگەرییەکی فیزیکییانەی نێویەکی لە نێوان لەش و دەروونـدا (influxus physikus). بەڵام، بەپێی پێناسەی هەردوو جەوهەرەکە، مەحاڵە کاریگەرییەکی بەم چەشنە روو بدات.

ئەم کێشەیە لە لای فەیلەسوفانی پاش دێکارت شارراوە نەمایە، بۆیە هێندە ناخایەنێ تەقەلای جیاواز بۆ یەکالاکردنەوەی ئەم دوالیزمە دێکارتییە بەگەڕدەخرێن.

## ژیانی دێکارت و نووسینەکانی

رێنێ دێکارت (رێناتوس کارتێسیوس، 1596-1650) خەڵکی "لا های"ـە لە تورێن و لە فێرگەی یەزووییەکان لە "لا فلێش" پێگەیشت. ئەو لە چەند لەشکرکێشییەکدا (جەنگە سیی ساڵە) بەشداریی کرد، درەنگتر، دوای نیشتەجێبوونێکی کورت لە پاریس، گواستییەوە بۆ هۆڵلاند، لەوێ بە دوورەپەرێزی لە ناوچەی جیاواز دەژیا و خۆی بۆ زانست تەرخان کردبوو (ماتماتیك، زانستە سروشتییەکان، فەلسەفە)، 1649 لە لایەن کرستینەی شاژنی سوید بانگ گرا بۆ ستوکهۆلم و هەر لەوێ مرد. دێکارت لە بواری ماتماتیکدا بەتایبەتی وەك دامەزرێنەری ئەندازەی شرۆڤەیی دەرکەوت.

**نووسینەکانی:**

گوتاری مێتۆد، 1637

لێهزرینەکانی یەکەم فەلسەفە، 1641

پرنسیپەکانی فەلسەفە، 1644

سۆزەکانی دەروون، 1701

نامەکان، 1949 کراون بە ئەڵمانی

## هزرە فەلسەفییەکانی دێکارت

### 1- تیۆریی ئیدێ لە ناخدا رسکاوەکانی دەروون

ئیدێ لەناخدا رسکاوەکان (idea innatae) لە ڕوانگەی دێکارت مەرجی سەرجەم هزرینن. دێکارت هەروەها ئەم ئیدێیانە ناو دەنێ ڕاستییە ئەزەلییەکان، تێگەی گشتی، بیردۆزەکان ( veritates aeternae, notiones communes, axiomata). بەڵام ئەو تەنها پێنج دانەی ئەم ئیدێیانە وەردەگرێ:

1- من دەهزرێم، کەواتە من هەم. لەبەر ئەوەی پێویستە بناغەیەکی جەخت بۆ سەرجەم زانین دابین بکرێ، ئەوە دەبێ هزر خۆی سەرەتا لە هەر شتێك، کە بە کەمترین شێوە شیاوی گومانلێکردن بێ، ئازاد بکات. بەڵام مرۆڤ لە روانگەی دێکارت دەتوانێ سەرەتا گومان لە هەموو پێشبینییەکان یان ئیدێکانی نێو دەروون بکات؛ ئاشکرایە ئەم گومانە زۆر ئاسایی دەرککردنە سێنسییە بگۆڕ و راڕا و خەڵەتێنەرەکان دەگرێتەوە. بەڵام مرۆڤ دەبێ تەنانەت لە ڕاستییە ماتماتیکییەکانیش، کە گوایە نەشیاوی دەستکارین، گومان بکات، ئەویش چونکە ئێمە نازانین، کە داخۆ ئەقڵمان لە لایەن "خوایەکی فریودەرەوە" ( deus mendax) بە ئەنقەست نەخزێنرێتە نێو بەهەڵەداچوونەوە.

دێکارت لێرەدا بە پێچەوانەوە ***یەك*** پنت دەدۆزێتەوە، کە شیاوی گومانلێکردن نییە: گەر من سەرجەم پێشبینییەکان لە دەروونم دوور بخەمەوە، ئەوە خۆ پاشان هەر خودی من دەمێنێتەوە: واتا ئەوە دەمێنێتەوە کە گومان دەکات. من ناتوانم لە لێرەبوونی خۆم گومان بکەم، چونکە بۆ ئەوەی من بتوانم

**گومانی لێ بکەم، ئەوە من، خودی گومانکەر، دەبێ هەبم. کەواتە: کاتێك من دەهزرێم (گومان دەکەم)، ئـەوە من هەم - کۆگیتۆ، ئێرگۆ سوم.**

**ئەمە برێتییە لە جەختترین زانین کە بشێ من هەم بێ. ئەم زانینـەی مـن روون و ئاشـکرایە و هاوکـات پێشانم دەدات، کە جەوهەری هەرە راستەقییترینی دەروون خۆی لە هزریندا دەبینێتەوە. دەروون برێتییـە لە جەوهەر ی هزرڤان — ئەمە یەکەم راستیی ئەزەلییە** (veritas aeterna).

**لەبەر ئەوەی ئەم جەختییە، کە بە خودبەئاگابوونەوە پابەنـدە، گـەرەنتی بـۆ راسـتیی تـەواوەتی دەدات، ئەوە دێکارت لێرەوە ئەو دەرەنجامە وەردەگرێ، کە دەبێ سەرجەم ئیدێکانی دیکە، کە بـە هـەمان شـێوە بـە روون و ئاشـکرایی دێنـە بـەردەم دەروونم، وەك راسـت ببینـرێن (ئەمـە مـۆرکی راسـتییە لـە لای دێکـارت). لەسەر ئەم شێوەیە بیردۆزەکانی دیکە شیاوی دۆزینەوەن. بەڵام گەر من ئێستا لەو ئیدێیانـە کـە مـن لـەنێو دەروونمدا دەیان بینمەوە، لە رووی روون و ئاشکراییانەوە بکۆڵمەوە، ئەوە دەبینم کە هەموویان بـە هـەمان شێوە روون و ئاشکرا نین. ئەو ئیدێیانە، کە *لە سەرەتاوە* لەنێو دەرووندا نـین، بـاڵاترین پلـەی جـەختی لـە خۆ دەگرن.**

2- **خوا: ئیدێی خوا یەکێکە لەو ئیدێیانە، کە بە ئەوپـەڕی ڕوون و ئاشـکرایی دەزانـرێن؛ ئـەم ئیدێیـەی خـوا برێتییـە لـە جەوهـەری ناکۆتـا، هاوکـات برێتییـە لـە ریـالترین و بـاڵاترین، لـە کـامیلترین و راسـترین جەوهەر. کەواتە ئەم ئیدێیە دەبێ بە هەمان شـێوەی ئـەو راسـتییە، کـە مـن هـەم، راسـت بـێ. ئیـدێی خـوا برێتییە لە دووەم راستیی ئەزەلی (بەڵام لە رووی مێتافیزیکییەوە یەکەم راستیی ئەزەلییە).**

**بـەڵام ئایـا چـۆن ئـەم ئیدێیـە دێتـە نێـو دەروونـی منـەوە؟ نەشـیاوە خـودی دەروون، کـە جەوهـەرێکی *کۆتادارە*، هۆکاری ئەم ئیدێ *ناکۆتایـە* بـێ، ئـەویش چونکە ناشـێ ئـەنجامێك گـەورەتر بـێ لـە هۆکارەکـەی. کەواتە دەبێ ئەم ئیدێیە لە لایەن جەوهەرێکەوە، کە هۆکاری کافیی ئەم ئیدێیەیە، لەنێو مندا چێنرا بـێ، واتا لە لایەن خودی خواوە. لەمەوە پێش هەموو شتێك ئەم دەرەنجامە دەکەوێتەوە: *خوا هەیە*.**

**دێکـارت بـۆ راگیرانـدنی ئـەم سـەلماندنە *سـایکۆلۆژیانەیەی* لێرەبـوونی خـوا سـەلماندنێکی *دووەم*، واتـا *سەلماندنێکی ئۆنتۆلۆژییانەی لێرەبوونی خوا*، ئەنجام دەدات، یان لەسەر نموونەی ئەنسێلمی کەنتەربـەری، کە لە تێگەی خواوە لێرەبوونی خوا دەرئەنجامێنێ، نوێی دەکاتەوە: لەبەر ئەوەی خوا وەك باڵاترین و هەرە ریالترین جەوهەر دانراوە، ئەوە دەبێ خوا هەبێ. چونکە تێگەی ریالێتی ئەوەش پێکدەهێنێ، کە خودی ئەو ریالێتییە هەروەها بەڕاستی هەیە.**

بەڵام خوا، کە لەنێو مندا ئیدێی خۆی وەك ئیدێی هەرە راستەقینەترین جەوهەر دروست کردووە، ناشێ بە ئەنقەست من بە هەڵەدا بەرێ، چونکە بەهەڵەدابردن نیشانەیەکە بۆ خراپە، واتا ئەم کارە ئەوسا نوقسانییەك دەبێ لە کامیلێتیدا. بەم پێیە من دەتوانم متمانە بکەم، کە ئەوەی من بە روون و ئاشکرایی وەك راستی دەیبینم، لە هەقیقەتیشدا راستە، هەروەها ئەڤێلشم دەمگەیەنێ بە زانینی راست و دروست.

3- ***یاسا لۆجیکییەکان***: لە سەرجەم ئەمانەوە ئەم دەرەنجامە دەکەوێتەوە: ئەو ئیدێیانەش ڕاستی لە خۆ دەگرن، کە یاساکانی هزرینی لۆجیکی دەردەبڕن؛ ئەوانیش لە هەمان رادەدا روون و ئاشکران. ئەم یاسایانە برێتین لە: (a) یاسای چوونیەکی (ئیدێنتیتێ)، (b) یاسای دژبێژی، (c) یاسای سێیەم بەدەرکەر، (d) یاسای هۆکاری کافی.

4- ***ڕستە ماتماتیکییەکان*** خاوەنی هەمان ڕوونی و ئاشکرایین، بەتایبەتی بیردۆزەکان، کە بناغەی سەرجەم ماتماتیك پێکدەهێنن.

5- شوێن (Raum) ی ئەستو (یان شتی کشاو). مەرجی زانینی سروشت برێتییە لە ***کشاویی ئەستو***. ئەمە بۆ دێکارت برێتییە لە زانینێکی روون و ئاشکرا، چونکە بۆ دێکارت ئەستو و کشان و شوێن یەك شتن، هەروەها شوێن مەرجی بیردۆزە (روون و ئاشکرا) ئەندازەییەکانە. بەمەش یاساکانی شوێن، کە لە ماتماتیکدا گۆڕان پێدەدرێن، برێتین لە یاساکانی سروشتی کشاو، یان سروشتی جەستەیی.

ئەم پێنج ئیدێیە یان گرووپە ئیدێیە، کە روون کرانەوە، بناغەی سەرجەم سیستەمی دێکارتی پێکدەهێنن، واتا برێتین لە بناغەی تیۆریی زانینەکەی، مێتافیزیکەکەی، سایکۆلۆژی و ئێتیکەکەی.

## 2- تیۆریی زانین

***دەروون لە روانگەی دێکارت برێتییە لە شتی هزرڤان*** (ڕێس کۆگیتانس). هزرین، وەك چالاکییەکی لۆجیکی، سروشتی دەروونە. بەڵام لەبەر ئەوەی دەروون پەیوەندیی بە لەشەوە هەیە (بڕوانە خوارەوە)، ئەوە توانستی هەستگیریشی هەیە؛ ئینجا بەرێی هەستگیرییەوە دەرککردنە سێنسییەکان لە جیهانی دەرەوەوە دەڕژێنە نێو دەروونەوە. بەڵام ئەم زانینانە نرخێکی نزمتریان لەو زانینانە هەیە، کە دەروون لەنێو خۆیەوە، تەنها بەرێی هزرینەوە، گۆڕانیان پێدەدات.

بۆیە ***یەکەم*** و نزمترین پلەی زانین برێتییە لە هەستگیری (perceptio یان sensatio) و بۆچوون (opinio)، واتا ئەو بڕیارانەی کە وەك قسەی دەربڕراو بیستراون. ئەو پێکهاتەیەی دەروون، کە بەم ڕێیەوە

دێتــە ئــاراوە (واتــا وەك پاشمــاوە دوای دامرکانــەوەی هەســتگیری دەمێنێتــەوە)، برێتییــە لــە پێشــبینی (imaginatio)، کــە ***تاریــك*** و ***شــێواوە*** (obscura et confusa)، چــونکە دەروون لــەکاتی دروســتبوونیدا هەڵوێستێکی ***پاسیڤی*** وەرگرتووە.

بــەڵام ئێســتا دەشــێ ئــەم پێشــبینییانە (...) بــبن بــە بابــەتی هــزرین، ئــەویش کاتێــك دەروون تێگــە گشــتییەکان (notiones communes) بەســەریاندا بــەکار دەهێنــێ، بــەکورتی لــە پێشــبینییەوە بــەڕێی چالاکییەکی هۆشەوە (actio mentis) تێگەیەکی ***ڕوون*** و ***ئاشکرا*** (notio clara et distincta) دێتــە گۆڕێ. ئەمە برێتییە لە ***دووەم*** پلەی زانین.

***سێیەم*** و باڵاترین پلەی زانین لەو زانینانە پێکدێ، کە دەروون تەواو چالاك لەنێو خۆیەوە دەیانهێنێتــە ئاراوە و بــۆ دروســتکردنیان هــیچ هەســتێك وەك یارمــەتی ڕاناکێشــێ. بابەتــەکانی ئــەم زانینانــە بــرێتین لــە باڵاترین پرنسیپەکان، واتا ئیدێکان و بیردۆزەکانی لۆجیك، ماتماتیك و تیۆلۆژی.

## 3- مێتافیزیك و فەلسەفەی سروشت

خــوا، وەك بــاڵاترین و هــەرە ریــالترین و هــەرە کــامیلترین جەوهــەری ناکۆتــا برێتییــە لــە ***جەوهــەری دروستنەکراو***. جەوهەر ئەوەیە، کە بۆ لێرەبوونی خۆی پێویستیی بە لێرەبوونی دیکە نییە.

لە مۆرکە شــوێنییە پەتییــەکانی سروشــتەوە ***پێکهاتــەی ماتماتیکییانــەی پــوختی سروشــت*** یــان جیهــانی ئەستوو دەکەوێتەوە: لە سروشتدا هیچ شتێکی دیکە نییە جگە لەو پەیوەندییانە کە ماتماتیکییانــە شــیاوی دیاریکردنن، واتا پەیوەندیی چەندێتین — بەکورتی تەنها ***کشان و بزووتن*** هەن. بەتایبەتی سەرجەمی ئــەو ***چۆنێتییانە*** کــە بــەڕێی ***سێنســەکانەوە*** دێنــە ئــاراوە، ***ســەبژێکتیڤین***؛ لــەنێو سروشــتدا تــەنها ڕوودانــەکانی بزووتن، کە هیچ چۆنێتییەکیان نییە، هاوشێوەی دەرککردنە سێنسییەکانن.

هەروەها دەروون و ئەستوو، کە برێتین لە دوو پرنسیپە ئۆبژێکتیڤییەکەی دیکەی جیهــان یــان لــە دوو مەرجەکــەی دیکــەی جیهــان، جەوهــەرن. ئــەمان بــەو ڕێیــەوە لــە جەوهــەری خوایــەتی جیــا دەبنــەوە، کــە ***جەوهەری دروستکراون*** (لە لایەن خواوە). بەڵام ئەم دوو جەوهەرە هیچ پەیوەندییــەکیان بــە یەکترییــەوە نییە و یەکتری بەڕەهایی بەدەر دەکەن. ***دەروون برێتییە لە جەوهەری هزرڤان و نەکشاو (res cogitans)، ئەستو بە پێچەوانەوە برێتییە لە جەوهەری کشاو و ناهزرڤان (res extensa)***.

لەبەر ئەوەی ئەستو لە روانگەی دێکارت هاوکات شوێنە، ئەوە هیچ شوێنێکی راستەقینە نییە، واتا هیچ شوێنێکی ***بۆش*** نییە. توخمەکانی شوێن یان جیهانی ئەستو برێتین لە ***گەردیلەکان***، واتا ئەو گەردیلە بچووکترین و نەشیاوانەی کەرتکردن، کە شێوەی جیاوازیان هەیە (بۆ نموونە خڕن ... و هتد) و خۆیان لەنێو فەوارەیەکی تۆزئاسادا دەبیننەوە، ئەمەش بە چەشنێك کە ئیتر هیچ بۆشاییەك نامێنێتەوە. کەواتە جەستەکان برێتین لە کەرتی ئەم شوێنە گشتییە ئەستوویییە. جەستەکانی جیهان بەرێی لێشاوی گێژەڵووکەوە هاتوونەتە ئاراوە.

نەك تەنها رووداوەکانی نێو سروشتی نائۆرگانی، واتا نەك تەنها رووداونە گەردوونی و زەمینییەکان، ***رووداونی میکانیکین***، بەڵکو هەروەها رووداونە ئۆرگانییەکانیش. هەر بۆیە هیچ مەبەستێك لەنێو سروشتدا نییە، بەڵکو لە نێویدا تەنها زەرووره هەیە. چ جەستە رووەکی و چ ئاژەڵییەکان برێتین لە ئۆتۆمات، کە نە دەروون و نە هیچ پرنسیپێکی سەرمیکانیکی یان رێکخەریان هەیە.

هەروەها ***لەشی مرۆڤیش*** وەك ئۆتۆمات دروست بووە، بەڵام بەرێی کاریگەریی نێویەکییانەی لەش و دەروونەوە لە ئۆتۆماتیزمی میکانیکییانەی پەتیی رووداو جیا دەبێتەوە. ئۆرگانیزمی مرۆڤ بەبێ دەروونیش توانستی ژیانی دەبوو، ئەویش چونکە دەروون لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکی بە لەشەوە نییە. دەروون وەك جەوهەری هزرڤان و نەکشاو شوێنی خۆی لەنێو پنتێکی مێشکدایە و ئەم پنتەش برێتییە لە (الغدە الصنوبریە). هۆی ئەم گریمانەیەی دێکارت لەوەدایە، کە بەتەنیا (الغدە الصنوبریە) ئۆرگانێکی تاکە لەنێو مێشکدا.

هۆ ئەمپیرییەکان دێکارتیان ناچار کرد گریمانەی ***کاریگەرییەکی نێویەکییانەی لەش و دەروون*** بکات. بەڵام ئەم کاریگەرییە نێویەکییە راستەوخۆ روونادات، بەڵکو گەیەنراوێکە لە لایەن کارایییەکی وردی کەرەسەئاساوە، واتا لە لایەن "گیانەکانی ژیان"ـەوە (spiritus animales)، کە لەنێو دەزوولەی دەمارەکاندا دەبزوێن و بەم بزووتنە لە دەروون دەخشێن یان دەروون لێیان دەخشێ. بەڵام ئەم لێکخشانە بە زیانی دەروون دەکەوێتەوە، چونکە بەم رێیەوە بەردەوام سەغڵەت دەبێ و لێرەشەوە دەرفەتی کەمتر دەبێتەوە بۆ ئەنجامدانی تەواوی چالاکییە خۆییەکەی، کە هزرینی پەتییە. هەر بۆیە هەموو شتێکی دیکە جگە لە هزرین برێتییە لە سۆز (passio)ی دەروون.

## 4- پسیکۆلۆژی

دەروون بەپێی سروشتی شتێکی ***هزرڤانە***. بەڵام بەهۆی کاریگەریی نێویەکییانەی نێوان دەروون و لەشەوە (ئینجا بەم ڕێیەوە لەتەك ئۆبژێکتە دەرەکییەکاندا)، جووڵەکانی هەست و ویست دێنە ئاراوە. دێکارت لە هەر سێ کایەکەی ژیانی دەروونیدا سێ پلە بەگوێرەی بەشداریی دەروون جیا دەکاتەوە.

سێ پلەکەی هزرین یان ناسین لە سەرەوە لە تیۆریی زانینندا دیاری کران: یەکەم: هەستگیری یان پێشبینی (sensatio / imaginatio)؛ دووەم: تێگە (notio / conceptus)، سێیەم: ئیدێکان یان بیردۆزەکان (idea / axioma).

سێ پلەکەی ***هەست*** بریتین لە:

نزمترین پلە ئەو هەستانە پێکیدەهێنن، کە دەروون لەگەڵیاندا هەڵوێستێکی تەواو پاسیڤ وەردەگرێ؛ ئەم جۆرە هەستانە بریتین لە هەستی جەستەیی پەتی یان ڕەمەکی سروشتی (appetitus naturales)، بۆ نموونە برسێتی یان تینوێتی. دووەم پلە ئەو هەستانە لە خۆ دەگرێ، کە دەروون سەرەتا پەیوەست پێیانەوە پاسیڤە، بەڵام پاشان چالاك دەبێ؛ ئەم هەستانە بریتین لە پێنج هەستە (ئافێکتە) سەرەتاییەکە: ئارەزوو و نائارەزوو، خۆشەویستی و کین و حەز؛ پاشان سەرجەم ئەو هەستانە کە لە ئەمانەوە دەبرێنەوە (بۆ نموونە هیوا و ترس و هتد). سێیەم و باڵاترین پلەی هەست ئەو هەستانە لە خۆ دەگرێ کە دەروون پەیوەست پێیانەوە تەنها چالاکە. لێڕامان (admiratio) بریتییە لەم هەستە تەواو هۆشەکییە پەتییە. ئەو هەستانە کە لە لێڕامانەوە دەرئەنجامێنرێن، بریتین لە ڕێز و بێڕێزی.

سێ پلەکەی ***ویست*** بریتین لە: 1) نزمترین پلە لە ڕەمەکە سروشتییەکان (appetitus) پێکدێ و دەروون پەیوەست پێیانەوە تەواو پاسیڤە؛ 2) دەروون لە کاتی ئارەزوومەندییەکاندا (cupiditates) چالاك و پاسیڤە؛ 3) دەروون لەکاتی ویستنی هۆشەکییانەی پەتیدا (voluntas / volitio) تەواو چالاکە؛ ئەم ویستە لەکاتی هزریندا وەك توانستێك بۆ ئەرێنی یان نەرێنی (facultas affirmandi et negandi) دەردەکەوێ.

## 5- ئێتیك

ئێتیك، کە ڕێنومای مۆرالی بۆ ژیانی دەروونی و ژیانی ویست دادەنێ، دەلکێ بە زانیننومای دیاردەکانی هەست و ویستەوە. لەبەر ئەوەی دەروون بەپێی سروشتی جەوهەرێکی هزرڤان و چالاکە، ئەوە باڵاترین ئامانجی بریتییە لە خۆچالاکیی پەتی. بەڵام ئەو دیاردانە، کە بەهۆی کاریگەرییە دەرەکییەکانەوە دێنە

**ئاراوە و دەروون لە چالاکیی پەتیی هـزرین دەخـەن، بـۆ دەروون واتـای ناسـۆر (موئانـات) دەگەیـەنن؛ ئـەم دیاردانە برێتین لە سۆز** (passiones animi).

**بۆیە دەبێ ڕێ لە سۆزەکان بگیرێ و دژایـەتی بکـرێن، ئەمـەش بـەڕێی ئـەو هەسـتەوە کـە ڕوو ناکاتـە هـیچ ئۆبژێکتێکی دەرەکی: لێڕامان، کە هەستێکی تـەواو زەینییـە و لەبـەر ئـەم هۆیـەش تاکـە هەسـتێکی شـایانی کۆششبۆکردنە، بەمەش *باڵاترین ڕەوشتە*. لێڕامان زۆر ئاسان گرنگیدانی زەینیی پەتییە.**

**دێکارت لەپاڵ ئـەم بـاڵاترین ڕەوشـتە "*تیۆرییـە*"دا پێشـنیاری نوانـدنی ئـەو ڕەوشـتە "*پراکتیکـی*"یانـە دەکات، کە دەبنە هۆی بەڕێوەبردنی ژیانێکی ویژدان ئارامکەر، بۆ نموونە خۆشەویستی، بەڵام بەتایبەتی لە شێوەی نەفسبەرزیدا** (generositas)**، ئینجا چاکەکاری و هتد.**

**وەرگێڕراوە لە:**

Curt Friedlein, Geschichte der Philosophie, 13. Auflage, Berlin 1980

# ڕێنێ دێکارت

ئێرنست بلۆخ

ماوەیەکی زۆر پێش دێکارت جیهانی فیۆدالی تێکشکا بوو، هزرینی ترادیسیۆنی شێوەیەکی شێواوی وەرگرتبوو و بەئاگابوونی گشتیی خەڵك خۆی لەسەر ئاستی بۆچوون دەبینییەوە. لە سەردەمی جەنگی سیی ساڵەی ئایینزاکاندا نەك تەنها یەکێتیی ئەوروپا تێکدەشکێ، بەڵکو ئێستا ئێڤیدێنسەکان (ڕاستییە ڕوون و ئاشکراکان) بزر دەبن و سەرلەنوێ پرسیاری ڕاستی سەرهەڵدەداتەوە.

دێکارت فەیلەسوفی ئەم سەردەمەیە، بەڵام وەك مرۆڤێکی دوورەپەرێز و پەروەردەکراوی یەزوویییەکان، لە تەمەنێکی زوودا "گومان" ناخی دەتەنێ، گومانێکی قووڵ، گومانێکی ئیدیۆلۆژی-پسیکۆلۆژییانە، کە هەتا ڕادەی ناکامی بڕ دەکات. دێکارت لەم ناکامییەدا پشت دەکاتە زانست و ساڵی 1618 دەبێ بە سەربازی سووپای هوڵەندی، ساڵێك دوای ئەمە دەڕوات بۆ ئەڵمانیا و لە لای میری بایەرن دەبێ بە سەرباز، ئینجا لە کۆتاییدا دەبێ بە سەربازی سوپای رۆمی.

دێکارت لە یەکەم ساڵی جەنگدا دەگات بە بنەماکەی: دوبیتۆ کۆگیتۆ ئێرگۆ سوم، واتا: "من گومان دەکەم، کەواتە من دەهزرێم، کەواتە من هەم". ئەمە بنەمایەکە کە مێژوو ڕادەچڵەکێنێ. کە من گومان دەکەم، واتا کە من دەهزرێم، ئەوە ئەمە واتای نەبوونی گەرەنتییەك بۆ لێرەبوونی سەرجەم ئەو شتانە دەگەیەنێ، کە من بەڕێی سێنسەکانمەوە دەرکیان دەکەم. بەڵام ئەم گومانە برێتی نییە لە گومانگەرایی، کە لەنێو گومان خۆیدا تەواو ببێ. ئەم گومانە قووڵە دەبێ هەتا کۆتاییەکەی ئەزموون بکرێ و پاشان شتەکان، گەردوون، بە شێوەیەکی مێتۆدی بۆ سەرەوە بینا بکرێتەوە.

قووڵبوونەوەی دێکارت ڕووەو دیاریکردنی پنتێکی سەرەتایی دەڕوات. چونکە ئایا گومان هەموو شتەکان و منیش دەگرێتەوە؟ شتێك لە گومانکردندا بۆ دێکارت وەك نەشیاوی گومانلێکردن دەمێنێتەوە، ئەویش برێتییە لە هەبوونی من. چونکە کاتێك من دەهزرێم، ئەوە من هەم. نەشیاوە گومان لە "من هەم" بکرێ. گریمان هەموو دەرککردنەکانم خەونبینینن، گریمان ئەو باخچەیەی من لەکاتی پیاسەکردندا وێنەییم لای خۆم تۆمار کرد و پاشان لەنێو هۆشمدا وێنەکەیم سەرلەنوێ هێنایەوە پێش چاوم، هیچی دیکە نییە جگە

له خەونبینین؛ بەڵام لێرەدا ئەو لایەنە بێ چەند و چوون ڕاستە، کە خەونبینێك هەیە. گەر هەموو دەرککردنەکانم خەونبینین بن، سەرباری ئەمەش سەبژێکتی خەونەکانم هەیە. بۆیە "من هەم". بەڵام کە من هەم، ئەوە ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێ، کە من وێنا و ئیدێم هەیە و هەتا ئەو کاتەی من ئیدێم هەبێ، ئەوەندەش من هەم. بۆیە من وەك ئۆبژێکتەکان گومانلێکراو نیم. تەنها ئەوان گومانلێکراون. ئەمەش بۆ دێکارت خۆجەختییەکە و لێرەدا ئارام دەبێتەوە.

بەڵام من کێیە؟ من مرۆڤم. من وەکو مرۆڤ لەشم هەیە و لە ئەندامی جیاواز پێکهاتووە. بەڵام من هەروەها خۆم تێردەکەم، دەڕۆم، هەست دەکەم و دەهزرێم؛ ئەمانە چالاکیین و دێکارت دەیان گەڕێنێتەوە بۆ چالاکیی دەروون. لەش، کە برێتییە لە جەستەی فیزیکی، سنووری هەیە و ئەو سنوورەی بەهۆی شێوەکەیەوە دیاری دەکرێ و هاوکات جێگەیەك داگیر دەکات. بەڵام ئەی دەروون چییە؟ ئایا دەروون هەستگیرییە؟ ئاشکرایە هەستگیری بەبێ لەش ڕوو نادات. ئەی هزرین چییە؟ من لێرەدا دەیدۆزمەوە: هزرین (بەئاگابوون). تەنها هزرین ناشێ لە من جیا بکرێتەوە. من هەم؛ من لێرەبوونم هەیە. بەڵام هەتا کەی؟ من ئێستا هەموو شتێك، کە وەکو دی ڕاستە، دەخەمە لاوە. من بەم پێیە شتێکی هزرڤانم، یان برێتیم لە هۆش، لە زەین، لە ئەقڵ. شتێکی هزرڤان. من ئەو کۆئەندامە نیم کە ناو دەنرێ لەشی مرۆڤ. من هەروەها گیانێکی هەناسەییش نیم، کە بەنێو ئەو ئەندامانەی لەشدا بڵاوبووبێتەوە. بەڵام من شتێکم. من چیم؟ شتێکی هزرڤان چییە؟ شتێکە، کە گومان دەکات، لێدەڕوانێ، ئەرێنی و نەرێنی رادەگەیەنێ، دەیەوێ و نایەوێ.

خۆجەختی لە لای دێکارت "ئا پۆستەریۆری" (پاش-ئەزموونی) نییە، کە لە ئەزموونی سێنسییەوە وەرگیرا بێ، بەڵکو "ئا پریۆرییە" (پێش-ئەزموونییە)، برێتییە لە خۆجەختییەك، لە خۆسازییەك، کە بەخاوێنی لە زەینەوە هاتووە، ڕاستییەکی توخمیی بیردۆزییە بە هەمان شێوەی ڕاستییەکانی جیۆمەتری (ئەندازە)، کە پێش ئەزموون هەیە و کات ی نییە. کاتێك دەڵێم دوو کۆی سێ یەکسانە بە پێنج، ئەوە ئەم دەربڕینە هەمیشە ڕاستە، کەچی "دوو کۆی سێ یەکسانە بە پێنج" لەنێو جیهانی ئەمپیریدا هەمیشە بەناتەواوی دەمێنێتەوە.

بەڵام دێکارت بۆ دیاریکردنی باڵاترین ڕاستی گریمانە دەکات، کە ئەندازەش بە هەمان شێوەی شتە کشاوە فیزیکییەکان شیاوی گومانلێکردنە. چونکە کێ ناڵێ خوایەك یان گیانێکی درۆزن لەکاتی دەرککردنی سێنسیمدا بەهەڵەمدا نابات؟ واتا پێدەچێ ئەوە من نەبم، کە زۆر جار لەو شتە دەرککردووانەدا، کە من بەڕاستم داناون، هەڵەیەك دەدۆزمەوە، بەڵکو لەوێدا خوایەکی هەڵەبەر کاری تێکردبم.

## پرسیاری ڕاستی

مۆرکی داواکاریی ڕاستی چییە؟ مۆرکی زانین چییە؟ زانین دەبێ، لە ڕوانگەی دێکارت، ڕوون و ئاشکرا بێ. بۆ نموونە پێناسە ڕوونە. بەڵام ئاشکرا تەنها ئەو شتەیە، کە من کرۆکەکەی هەتا بنەوە دەبینم. بیردۆزی پیتاگۆراس ئاشکرایە. من دەتوانم بیردۆزی پیتاگۆراس بەئاشکرا ببینم، یان دەتوانم ئەو ڕاستییە ببینم، کە کۆی گۆشەکانی سێگۆشەیەك یەکسانە بە دوو گۆشەی وەستاو. بەڵام ئەمە لەتەك پێناسەی سەئاتدا ناشێ و ناتوانم بڵێم هاوشێوەی ڕاستیی ماتماتیکییە. بەکورتی زۆر کەم ڕاستی لە جەستەکاندا دیاری دەکرێ، بەڵام زۆر زۆرتر ڕاستی لەنێو هۆشی مرۆڤدا و زۆرتر لەمەش لەنێو خوادا دیاری دەکرێ. هۆشی مرۆڤ بەپێی پانی و درێژی و بەرزی نەکشاوە و هیچ شتێکی وێکچووی لەتەك جەستەدا نییە.

بەڵام من چۆن بە پەتییێتی ئەم ئیدێیانەم دەگەم، یان بە پەتیترینیان؟ سەرەتا ئاشکرایە کە من ئەرێنی و نەرێنی ڕادەگەیەنم، دەترسم، دەمەوێ و نامەوێ، بڕیار بەسەر شتەکاندا دەدەم، بۆیە دەبێ لەنێو ئەمانەدا هۆی هەڵە و ڕاستییەکانم بدۆزمەوە و پاشان بزانم کامیان لە ڕاستی دوورم دەخاتەوە.

## تیۆریی ئیدێکان

ئایا ئەوە لە کوێوە دێ، کە بۆ من ئەندازە سادەیە و سەئات ناسادەیە؟ ئەوە لە ئیدێی ڕوون و ئاشکراوە دێ، واتا لەو ئیدێ ڕسکاوانەی نێو خودی دەروونەوە، کە وەك توانست (شیمانە) لە ناخی مندا هەن و دەبێ وەك پنتی دەرچوون بۆ بیناکردنی جیهان وەربگیرێن. بەڵام لەبەر ئەوەی من ئیدێی هەمە جۆرم هەیە، ئەوە دەبێ ئیدێکانم دابەش بکەم، تاکو بتوانم ئیدێ لە ناخدا ڕسکاوەکانم دیاری بکەم. من تەنها بەم ڕێیەوە دەزانم، کامیان هۆی ڕاستی و چەوتییەکانی منە.

دێکارت ئیدێکان بەسەر سێ جۆردا بەش دەکات: جۆری ویست، جۆری هەست (ئافێکت)، جۆری بڕیار. گەر من بمەوێ، لێبترسم، ئەرێنی و نەرێنی ڕابگەیەنم، ئەوە من لەم حاڵەتانەدا هەمیشە ئاڕاستەی شتی جیاواز دەبمەوە، کە لە دەرەوەی منن و وەك بناغە هاتوونەتە نێو هۆشمەوە. گەر من بمەوێ بە کارێك هەستم، ئەوە پێی هەڵدەستم، گەر تەقەیەکی بەرزی دەرگایەك ڕامبچڵەکێنێ، ئەوە من لێدەترسم. بەڵام لە ڕوانگەی دێکارت پێویست نییە مرۆڤ لەوە بترسێ، کە داخۆ ئەم جۆرە ئیدێیانە بە هەڵەیدا بەرن، چونکە گەر من خۆزگەیەکی خراپم هەبێ، ئەوە سەرباری ئەمەش هەمیشە ڕاست دەمێنێتەوە، کە من ئەو خۆزگەیەم هەیە و هەقیقەتی شتە خوازراوەکان دیاری ناکات، بەڵکو تەنها خۆزگەیەکی خراپە لەنێو مندا. بۆیە خوازراو و ویستراو بۆ دێکارت ریال نین. لەم روانگەیەوە تەنها سێیەم جۆر وەك هۆی هەڵەکانی مرۆڤ

دەمێنێتەوە: بڕیار. کاتێك من دەڵێم ئیدێکانی نێو ناخم لە شتەکانی دەرەوە دەچن، ئەوە من بڕیارێکم داوە، بەڵام هەر من خۆم زۆر جار دەبینم، کە بڕیارەکەم هەڵە بووە.

لێرەوە چاکتر بۆم ڕوون دەبێتەوە، کە داخۆ من کێ بم. سەرەتا کاتێك من لە بابەتە جەستەییەکان دەڕوانم، ئەوە وێنەیان بەڕێی سێنسەکانەوە لەنێو بەئاگابوونمدا (هزرمدا) دێنە گۆڕێ و منیش زۆر جار وا هەست دەکەم، ئەو وێنانەم ڕوونتر لەو منە مەتەڵئاسایە ناسیبێتەوە، کە بەشێوەیەکی وێنەیی دیاردەگری ناکرێ. ئەوەش جێی سەرسووڕمانە، کە من ئەو شتانەی دەرەوەی خۆم ڕوونتر لە ڕاستی، لە زانین، لە من خۆم، دادەنێم. من لە درەختێك، کە جێگەیەك لەنێو شوێندا داگیر دەکات و هەرگیز ئەوها نامێنێتەوە، وەك ئەو خۆی چۆنە، لەنێو هۆشمدا تێدەگەم. واتا ئەوە، کە من دەیبینم و وەك وێنەی گێڕاو دەیهێنمە پێش بەئاگابوونم، ئەو شتەیە کە من هەر لە سەرەتاوە بە هەبووم داناوە. بەڵام لە ڕاستیدا دەرککردنی ئەو درەختە لە بینین و لێکەوتن و دیاردەگریی وێنەییدا نییە، هەروەها هەرگیز لەو لایەنەدا نییە، کە درەختەکە پێشتر چۆن دەکەوتە بەرچاوم، بەڵکو دەرککردن بریتییە لە لێڕوانینێکی هۆشەکییانەی پەتی، کە دەشێ وەك پێشتر ناتەواو و شێواو بێ، یان وەك ئێستا ڕوون و ئاشکرا بێ، ئەمەش بەگوێرەی ڕەچاوکردنی هەموو لایەنەکانی. کەواتە زۆر جار هۆش مەیلی هەڵەی هەیە، چونکە هەر ئەوەندەی من بە بێدەنگی و بەبێ وشە لێبهزرێم، ئیتر بەند دەبم بە وشەکانەوە و زمانی گشتی بە هەڵەمدا دەبات. پاشان من دەڵێم، کە من درەختەکە خۆی دەبینم. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو درەختە تەنها بەهۆی ڕوانینی چاوەوە، نەك بەهۆی لێڕوانینی پەتیی هۆشەوە، دەناسرێ (دەزانرێ). من بە هەمان شێوە ڕاهاتووم، کە کاتێك لە پەنجەرەکەمەوە خەڵکی پیادە لەسەر شەقامەکە دەبینم، بڵێم: دەیان بینم؛ بەڵام ئایا من چی دەبینم جگە لە جل و شەفقە، کە زۆر دەشێ لە نێویاندا ئۆتۆمات هەبێ؟ کەچی بڕیار دەدەم: ئەوان مرۆڤن. من بەم شێوەیە ئەو شتانە دیاری دەکەم، کە بڕوام دەکرد بە چاو بینیبێتمن، بەڵام من لە ڕاستیدا تەنها بەهۆی توانستی بڕیارمەوە دیاریم کردوون و ئەم توانستەش لەنێو هۆشی مندایە.

کەواتە ئەم هۆشەی من چییە؟ زۆر دەشێ ئەو شتە، کە من دەیبینم، لە ڕاستیدا درەخت نەبێ. کەواتە گەر دەرککردنی ئەو درەختە لە لای من ڕوونتر بوو لەو شتە کە نەك تەنها بەهۆی ڕوانینەوە یان هەستەوە، بەڵکو بەڕێی چەند هۆیەکی جیاوازەوە خۆی پێڕاگەیاندووم، ئەوە ئایا ناشێ من بە ئاشکرا بڵێم، کە من خۆم زۆر ئاشکراتر دەناسم، چونکە هەموو هۆکان، کە پاڵیان بە منەوە نا بۆ زانینی ئەو درەختە یان پاڵ بە منەوە بنێن بۆ زانینی هەر بابەتێکی دیکە، چاکتر سروشتی هۆشی من پێشان دەدەن؟

کەواتە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە جەختیی ئاپۆدیکتی (واتا لۆجیکی) پێویستیی بە ئیدێ هەیە. بەڵام دێکارت پێش دیاریکردنی ئەم ئیدێیانە هانا بۆ ئیدێی خوا دەبات.

**سەلماندنی هەبوونی خوا**

خـوا ڕوون و ئاشـکراترین "ئیدێیـە". بـەڵام دێکارت سـەرەتا پرسـیارێك دەکـات، کـە داخـۆ ئـەم خوایـە هەڵەبـەر و فریـودەری هۆشـی مـرۆڤ نـەبێ، یـان داخـۆ گیـانێکی درۆزن (شـەیتان — ئ) نـەبێ، کـە پـاڵ بـە مرۆڤەوە دەنێ خراپە و هەڵە بکات. لە دیاریکردنی ئیدێکانـدا دەرکـەوت، کـە ئـەوە بڕیـار بـوو مرۆڤـی لـە ڕاستی دوور دەخستەوە. بەڵام ئایا بڕیارەکان یەك شێوەیان هەیە؟ کاتێك من بڕیار دەدەم، ئـەوە بڕیارەکـەم هەمیشە ئاڕاستەیەك رووەو ئۆبژێکتێکی دەرەکی وەردەگرێ. گەرمی، کە لـە ئـاگرێکی دەرەوەی منـەوە پـێم دەگات، کارم تێدەکات. ئەم بڕیارە ڕاستە. کاریگەریی ئاگر ئەزموونێکی ڕاسـتەوخۆی ڕاسـتی منـە. بـەڵام لـە سەرێکی دیکەوە من لە سروشتەوە فێری "ئیدێی وەرگیراو" بووم و ئەم ئیدێیانـەم بـە وێکچووی شـتەکانی دەرەوە دادەنێم. بۆیـە دەبـێ لـە نێـوان دوو لایەنـدا جیـاوازی بکـەین: یەکـەم فێرکردنـی سروشـتی؛ لێـرەدا ڕەمەکێکی کوێر پاڵم پێوە دەنێ بۆ ئەوەی بڕوا بـە شـتەکان بکـەم. دووەم تیشـکی سروشـتی، کـە یارمـەتیم دەدات بۆ بینینی شتە گومانشیاوەکان. ڕەمەکی سروشتی پـاڵنەری خراپەیـە نـەك هینـی چاکە و ئاڕاسـتەی شتە جووداکانم دەکاتەوە، واتا ئەو شتانە کە بەڕێی ئۆرگانە سینسییەکانمەوە ئیدێ و وێنەم بۆ دەنێرن.

ئایا من چۆن دەتوانم لەو شتانە نزیك بکەومەوە؟ هەتا ئەو ڕادەیەی ئیدێکانم جۆری جیـاوازی هـزرینم بـن، مـن جیاوازییـان نـابینم؛ زۆر جـار هەسـت و وێنـا و زەیـن وەك یـەك لـە لای مـن دەردەکـەون. بـەڵام ئیدێکانم جیاوازن، چونکە شتی جیاواز لـە دەرەوەی مـن دیـاری دەکـەن. مـن ئیـدێم هەیـە، کـە ڕوو دەکاتـە جەوهەر (سوبستانس)، هەروەها ئیدێم هەیە، کە ڕوو دەکاتە مـۆرکی (ئەکسیدێنسـی) جەوهـەر. بۆیـە ئـەو ئیدێیـەی ڕوو دەکاتـە جەوهـەر، مـەزنترە لـە ئیدێیـەك کـە تـەنها مـۆرکی ئـەو جەوهـەرە دەبینـێ. ئیـدێی ڕووکردووە جەوهەر خاوەنی هەقیقەتێکی ئۆبژێکتیڤیی زۆرترە لە ئیدێکانی دیکە. ئـەم ئیدێیـە پلەیـەکی بەرزتری بوونی هەیە. هەروەها گـەر مـن ئیـدێی بـاڵاترین خـوام هـەبێ، کـە ئـەزەلی و ناکۆتایـە، ئـەوە ئـەم ئیدێیەم هەقیقەتێکی بەرزتری لەو ئیدێیانە هەیە، کە ڕوو دەکەنـە جەوهـەرە کۆتادارەکـان. ئەمـە چۆنـە؟ دێکارت باسی خوایەکی کامیل و ڕەها دەکات، کە بـە شـێوەیەکی ناکۆتـا هەڵچووە. ئێمـە بـەبێ ئـەم ئیدێیـە نـەمان دەتـوانی لێرەبـوونی خۆمـان دیـاری بکـەین و هـەروەها خـاوەنی هـیچ پێوەرێـك نـەدەبووین. بـەڵام دێکارت لێرەوە دەرەنجام وەرناگرێ، بەڵکو واژەی کاوساڵێتی (هۆئەنجامی) بۆ سەلماندنی بوونی خوا دەهێنێ: لـەنێو هۆکـاری ئەنجامـدا دەبـێ بەقـەد ئـەو ئەنجامـە هەقیقـەت هـەبێ، چـونکە ئـەنجام هەمیشـە لـە لایـەن هۆکارەوە دێتە ئاراوە. گەر هۆکار ئەو هەقیقەتەی نەبێ، چۆن دەشـێ ئـەنجام هـەی بـێ - کـە لـە ڕاستیشـدا هەیەتی؟ بۆیە بۆ دێکارت مەحاڵە شتێك لە "هیچ"ـەوە (العدم) دروست ببێ یان شتێکی کامیلتر لە شـتێکی کەمتر کامیلەوە بێتە ئاراوە. بەڵام کە ئەنجام ناکۆتایە و بەمـەش هۆکـار ناکۆتایـە، ئـەوە نەشـیاوە مـن، وەك جەوهەرێکی کۆتادار، خاوەنی ئیدێیەکی ناکۆتا بم. لەبەر ئەم هۆیـە دەبـێ خـاوەنی ئیـدێکانم سـەبارەت بـە جەوهەری ناکۆتا لە دەرەوەی من بێ لەنێو جەوهەرێکی ناکۆتادا کە سەربەخۆیە لە من.

## دەربارەی ڕاستی و هەڵە

من هۆشم لە سێنسەکانم جیا دەکەمەوە، چونکە من زۆر کەم ڕاستی لەنێو شتەکاندا دیاری دەکەم، بەڵام ڕاستی زۆرتر لەنێو هۆشی مرۆڤدا و زۆر زۆرتریش لەنێو خوادا دیاری دەکەم. بۆیە زۆر بەئاسانی دەتوانم هـزرینم لـە شـتەکان، کـە تێڕوانینـی سێنسـی ڕوویـان تێـدەکات، وەربچـەرخێنم و ڕووی بکەمـە بابەتـە نائەستوورییە تەواو تێگەییەکان.

هۆشی مرۆڤ وەك شتێکی هزرڤان بە هیچ شێوەیەك بەپێی درێژی و پـانی و بـەرزی نەکشاوە، هـەروەها هـیچ وێکچـوونێکی لەتـەك لەشـدا نییـە، بـەڵکو بـە پێچـەوانەوە، ئـەو هۆشـە تـەنها ئیـدێی لەمـەڕ شـتە ئەستوورییەکان هەیە. گەر مـن ڕەچاوی ئـەوە بکـەم، کـە مـن گومـان دەکـەم، واتـا کـە مـن شـتێکی ناکامیـل و ناسەربەخۆم، ئەوە ڕاستەخۆ ڕووبەڕووی ئیدێی هەبوویەکی سەربەخۆ و کامیل دەبمەوە، کە خوایە.

من بـاوەڕ دەکـەم ڕێگەیـەك ببینـم، تـاکو لـە تێڕوانینـی ڕاسـتییەکانی خـواوە، وەك حەشـارگەی هـەموو گەنجەکانی زانست و دانایی، بە زانینی شتەکانی دیکە بگەم.

یەکەم من دەزانم، کە مەحاڵە خـوا بەهەڵەمـدا بـەرێ، چـونکە لـەنێو هـەموو هەڵـە و فێڵێکـدا ناتـەواوی هەیە. دووەم من لە لای خۆم توانستی بڕیار بەدی دەکەم، کە بەبێ گومان وەکو هەموو توانستەکانی دیکەم لە خـوام وەرگرتـووە. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی خـوا فریـودەر نییـە، ئـەوە هـیچ ئـامرازێکی بـە مـن نـەداوە، کـە بەهەڵەمدا بەرێ - بێگومان گەر من بەدروستی بـەکارم هێنـا. بـەڵام گـەر ئەمـە ئـەوها بـێ، ئـەوە نـابێ مـن هـەرگیز هەڵـە بکـەم. کەواتـە گـەر هـزر و هزرۆکـەکانم تـەنها لەتـەك خـوادا خـەریك بـن و ئاڕاسـتەی ئـەو بووبێتنەوە، ئەوە هیچ پاڵهێزێك بۆ هەڵە و چەوتی نامێنێتەوە. بەڵام گەر ئێستا ڕوو بکەمە خۆم، دەبینـم چەوتییەکی زۆر لە من دەوەشێتەوە. گەر بەدووی هۆکەیاندا بگەڕێم، دەبیـنم، کـە لـەنێو منـدا نـەك تـەنها ئیدێی ڕیال و پۆزەتیڤی خوا یـان ئیـدێی کـامیلترین بوونـەوەر هەیـە، بـەڵکو هـەروەها ئیدێیـەکی هەڵـەش: ئیدێیەك سەبارەت بە هیچ (نەبوون) یان سـەبارەت بـەوە، کـە دوورتـرین میانـەی لـە کامیلێتییـەوە هەیـە. بەڵام من خۆم شتێکی نێوەنـدیم لـە نێـوان خـوا و هیچـدا، یـان لـە نێـوان کـامیلترین بـوون و هـەروەها نـە- بووندا. من ئەوها دروست بوم، کە وەك دروستکراوی ئەو بوونەوەرە کامیلترینە هیچ شتێکم لە ناخدا نییە، کە بۆ هەڵە و چەوتی پاڵم پێوە بنێ. بەڵام هەتا ئەو ڕادەیەی من بەشـدارم لـە هیچـدا (یـان لـە نەبوونـدا)، ئەمەش بە واتای هەتا ئەو ڕادەیەی من کامیلترین بوونەوەر نیم، ئەوە زۆر کەم و کـورتیم هەیـە و ئـەوەش هیچ جێی سەرسووڕمان نابێ، گەر من خۆم بەهەڵەدا بەرم.

کەواتە هەڵە شتێکی ڕیال نییە، شتێك نییە لە خواوە هاتبێ، بەڵکو نوقسانییە. کەواتـە مـن توانسـتێکی هەڵەکردنم پێویست نییە، توانستێك کە خوا بۆ ئەم مەبەستەی هەڵەکردن پێی دابم، بەڵکو هەڵەکردن لـەو ڕاستییەوە دێ، کە خوا توانستێکی پێبەخشیوم، هەتا بڕیار بەسەر ڕاستیدا بدەم، بەڵام ئەم توانسـتە ناکۆتـا نییە. ئەمە هێشـتا هـەر بـەس نییـە. هەڵـەکردن هیچاندنی تـەواو نییـە، بـەڵکو کـەموکورتیی (نوقسـانیی) زانینێکە کە دەبوو لەنێو مندا بەدی بهاتایە.

ئامادە کراوە لە:

Ernst Bloch: Leipziger Vorlesungen zur Geschichte der Philosophie, Bd. 3, Frankfurt/M 1985

تێبینی: ئەم ئیشە لە دەستنووسی پوختەکراوەوە، کە نووسینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1993، ئامـادە کراوە نەك لە سەرچاوە چاپکراوەکەوە

# ڕێنێ دێکارت

## (کێشەی جەوهەر و مۆرك)

ڕاینەر شپێشت

جەوهەر (سوبستانس) شتێکە کە بۆ لێرەبوونی خۆی شتێکی دیکەی پێویست نییە. لە واتایەکی پوختدا تەنها خوا جەوهەرە، چونکە سەرجەم شتەکان پێویستیان بەوە هەیە کە ئەو دەیخولقێنێ. بەڵام خولقێنراوەکانیش لە واتایەکی فراواندا دەشێ جەوهەر بن، گەر ئەوان، بە پێچەوانەی مۆرکەکانەوە کە لەنێو شتێکی دیکەدا ئارامن، لە خۆدا ئارام بن و مرۆڤ بتوانێ لێیان بهزرێ بەبێ ئەوەی هاوکات تێگەی شتی دیکە بەکار بهێنێ.

مێتافیزیك دوو جۆر جەوهەری چەسپاندووە: جەوهەری هۆش بەبێ گۆڕان بەو ڕێیەوە دیاری دەکرێ، کە ئەو دەهزرێ، بەڵام جەوهەری ئەستو بەڕێی کشانەوە. بە پێچەوانەوە بابەتەکان و شێوازی هزرین، هەروەها دۆخی نێوخۆیی کشان، بگۆڕن. دێکارت بۆ ئەم جۆرە دۆخگۆڕییەی جەوهەرەکان واژەی "مۆدوس" (شێوازی بوون) بەکاردەهێنێ. مۆدوسێك ناتوانێ لێرەبوونێکی سەربەخۆی هەبێ، بەڵکو بۆ لێرەبوون پێویستیی بەو جەوهەرە هەیە کە خودی مۆدوسەکە ئەدگارێتی، بەڵام بێگومان ئەو مۆدوسە، وەك چۆنێتییەکی ڕیالی سکۆلاییستی نییە و لە جەوهەرەکە جیاواز بێ.

دێکارت وەك گشتیترین مۆدوس بۆ جەوهەرەکانی هۆش، لەسەر ترادیسیۆنی ئەرپستۆتێلیسیانە، ئیدێ و کرداری ویست بەکاردەهێنێ، بەڵام بۆ ئەستو-جەوهەر شێوە و بزووتن. لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا هاوشێوەیی هەیە، ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێ، کە مرۆڤ ئیدێکان وەك فۆرمی هۆش و کردارەکانی (ئەکتەکانی) ویست وەك بزووتنی هۆش تێدەگات. ڕۆڵە تایبەتییەکەی فۆرم و بزووتن بەندە بەو لایەنەوە، کە دێکارت ئەنجامی دەدات: ئەو گۆڕان بە فیزیکێکی چەندێتی دەدات، تاکو هێزەکان و فیگورەکان و کاتەکان ڕوونبکاتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی هێز لە لایەن دێکارت وەك کاتیگۆرییەکی میکانیکی وەرناگیرێ، ئەوە لێرەدا تەنها فۆرم و بزووتن وەك قەوارەکانی شیاوی پێوان دەمێننەوە، فۆرم و بزووتنیش بریتین لە کاتیگۆرییە بناغەییەکانی ئەندازەی بیناکەر: گەر مرۆڤ پنتێك (نوقتەیەك) بە ئاڕاستەیەکدا ببزوێنێ، ئەوە دوورییەك دروست دەکات؛ گەر ئەم دوورییە بەسەر پانتاییەکدا ببزوێنێ، ئەوسا لاتەریبێك (پارالێلۆگرامێك) دروست دەکات، ئینجا گەر ئەم لاتەریبە بە دەوری گرێژنەیەکدا بسووڕێنێتەوە، ئەوسا جەستەیەکی لوولەکی دروست دەکات. کەواتە چۆن ئەندازە بریتییە لە تیۆریی دروستبوونی ئەو گەردوونە کە تەنها بە شێوەیەکی ستێریۆمەتری شیاوی لێهزرینە، ئەوهایش دەبێ فۆرم-بزووتن-میکانیك ئەندازەی گەردوونی ڕاستەقینە بێ.

دوو جەوهەرە دروستکراوەکان بە چەشنێك لە یەکتری جیاکراونەتەوە، کە ئەستو هەرگیز ناهزرێ یان ڕاستەوخۆ کارناکاتە سەر ئەستو، هەروەها هۆش هەرگیز نەکشاوە یان ڕاستەوخۆ کار ناکاتە سەر ئەستو.

لە ڕوانگەی دێکارت دەبێ ئەستو کشانێکی ناکۆتای هەبێ، چونکە تێگەکەی هێمای "کۆتادار" لەخۆ ناگرێ. بەڵام ناکۆتایەتیی ئەستوو، کە لە سێ دیمەنزیۆندا (indefinitum) ناکۆتایە، ناکەوێتە هاڤرکێ لەتەك ناکۆتایەتیی خوادا کە لە گشت ڕوویەکەوە ناکۆتایە (infinitum). لە کشاویی ناکۆتای ئەستووەوە سەرەنجامێکی ئەوتۆ دەکەوێتەوە، کە ئەو کشاوییە برێتییە لە بەردەوامی (کۆنتینوم) و لە هیچ جێیەك بەهۆی بۆشاییەکەوە (Vakuum) کە بۆ نێوی تەڤێنرابێتەوە، ناپچڕێنرێ. بۆیە وشەکانی "کشان" و "شوێن" و "ئەستو" لە لای دێکارت هەمان واتایان هەیە، چونکە نەشیاوە کشان و شوێن هەبن، گەر کشان و شوێنی ئەستو نەبن. بەڵام گریمانەی ئەم بەردەوامییە وا دەکات کە ئیتر زەحمەت بێ بۆ مرۆڤ زۆرێتیی جەستە ڕاستەقینەکان ڕوون بکاتەوە. دێکارت وا گریمانە دەکات، کە لەنێو سەرجەمە ئەستودا گەردیلەی (partes) هەتا ناکۆتا زۆر هەن و شیاوی جیاوازیکردنن، هەروەها هەموویان لەسەر هەمان شێوە کشاون و تەنها بەرێی دۆخی فۆرم و بزووتنیانەوە لە یەکتری جیا دەبنەوە.

لێرەدا پێویستە سێ توخم (ئێلەمێنت) لە یەکتری جیابکرێنەوە. گەردیلەکانی یەکەم توخم ئەسیرئاسا دەخزێنە نێو وردترین شوێنە نێوەندییەکانەوە، بەڵام گەردیلە درشتەکان بەنێو بڕی وردترین گەردیلەدا دەبزوێن، ئەمەش بە هەمان شێوەی ئەتۆمەکانی دێمۆکریت کە بەنێو بۆشاییدا دەبزوێن. وردترین ئەستو هاوکات کەرەسەیە و لەم کەرەسەیە ئەستێرەکان و ئاگر و گیانەکانی ژیان پێکهاتوون. گەردیلەکانی دووەم توخم، کە لێوەی هەوائاسا دروست دەبێ، زۆر درشتترن. گەردیلەکانی سێیەم و درشتترین توخم جەستە تاکەکانی وەك مێتال و بەرد پێکدەهێنن. گەردیلەکانی ئەم سێ توخمە هەموو تاکە جەستە ژیندار و بێژینەکان بەپێی یاساکانی میکانیك پێکەوە دەبەستن، ئەم جەستانەش لە بنەڕەتدا تەنها مۆدوسی جەوهەرێکی کشاون، ئەمەش بە پێچەوانەی تاکە هۆشەکان کە هەموو تاکە جەوهەرن. لەبەر ئەوەی هەموو گەردیلەکان توانستی دابەشاندن و پێکەوەبەستنیان هەیە و لەبەر ئەم هۆیەش هەموو توانای گەورەتربوون و بچووکتربوونەوەیان هەیە، ئەوە هەموو توخمە دێکارتییەکان بۆ نێو یەکتری شیاوی گوێزانەوەن.

هەروەها نکۆڵیکردن لە بۆشایی (Vakuum)ی جیاواز هەڵوێستێکی بناغەیی دێکارتیزمە، چونکە میکانیکی دێکارت تەنها ڕێ بە ئەنجام دەدات کە بەهۆی پەستان و لێدانەوە دێتە گۆڕێ. ئەم ئەنجامانە بەپێی دەستووری ماتماتیکی دێنە ئاراوە و دێکارت هەوڵ دەدات ئەم دەستورە ماتماتیکییە لە یاساکانی بزووتن و لێدانەوە ڕوونبکاتەوە. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە دەرفەتدان بە هەبوونی بۆشاییی جیاواز لەتەك ئەم جۆرە میکانیکەی پەیوەستیدا ناگونجێ، چونکە گەر ئەو دەرفەتە بدرێ، ئەوسا دەبێ دەرفەت بە هەبوونی هێزی دوور بدرێ یان گریمانەی لەڕێدەرچوونی هەندێك بزووتن بۆ نێو شوێنی بۆش بکرێ،

بەمەش ئیتر نەشیاو دەبێ بزووتنە میکانیکییەکان بە پرۆگنۆز دیاری بکرێن. رێدان بە بۆشایی هاوکات نکۆڵیکردنە لە دەسەڵاتی خوا: کاتێك ئەو بۆشاییانە هیچن (نەبوونن)، ئەوە دەبێ شتێك هەبێ کە خوا نە دروستی کردووە و نە دەتوانێ دروستی بکات. ئەمە بە هەمان شێوە دەرفەتدان بە ئەتۆمەکانیش دەگرێتەوە، کە رەقێتییە رەهاکەیان دەبێ بە نیشانەیەك بۆ نکۆڵیکردن لە دەسەڵاتی هەمەکییانەی خوا.

هەروەها دووەم پنتیش واتایەکی سەنترالی هەیە: رەفزکردنی تێگەی هێز (پاوەر) لە میکانیکدا. لەبەر ئەوەی لە تێگەی دێکارتییانەی کشاندا شتێکی دیاریکراوی وەك هێز نییە، هەروەها لەبەر ئەوەی پڕێتییەکەی شوێن دەبێ بە هۆیەك کە بزووتنی یەك تاکە گەردیلە، بزووتنی هەموو ئەوانی دیکە و بەمەش بزووتنی سەرجەم گەردوون پێویست بکات، ئەوە تەنها خوا دەبێ ئەستوو بخاتە بزووتن و وەربگرێ، ئەمەش نیشانەیەکە بۆ ئەوە کە هەتا چەند مێتافیزیکی دێکارتی دەبێ بە پێشمەرج بۆ فیزیکی دێکارتی.

ئامادەکراوە لە:

Rainer Specht: René Descartes. In: Klassiker der Philosophie, Bd. 1. Hrsg. von Ottfried Höffe. München 1985

# ڕێنێ دێکارت

ناوەرۆك

1- ڕەوتی ژیان
1-1 منداڵی و گەنجێتی
1-2 ساڵانی فێرخوازی و فێرکاری و گەڕۆکی
1-3 سەردەمی کامڵی و بەرهەمە فەلسەفییەکان
1-4 کۆتاییەکی تراژیدییانە

2- فەلسەفە

2-1 مێتۆد
2-2 تیۆریی زانین
2-3 ئەنتی-ئەریستۆتێلیزم
2-4 فیزیۆلۆژی: مرۆڤ وەك مەکینە

3- ماتماتیك

4- مێژووی کاریگەری

## 1- ڕەوتی ژیان

دێکارت، وەك چوارەم منداڵی خێزانێکی بەگزادەیی گچکە، لە "تورێن" هاتە ژیانەوە. باوکی لە ڕێنێ ئەنجومەنی دادگای باڵای بریتانیا بوو، تەمەنی دێکارت یەکساڵان بوو کە دایکی مرد، باوکیشی زوو سەرلەنوێ هاوسەرگیری بەستەوە، بۆیە دێکارت منداڵیی خۆی لە لای دایەنێك و نەنکێکی بەسەر برد. ئەو لە تەمەنی هەشت ساڵاندا وەك فێرخوازی ئینتەرنات لە کۆلێژی یەزووییەکان لە لا فلێش وەرگیرا، لەم فێرگەیە بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەباشی لە زانستە کلاسیکییەکان و ماتماتیکدا پەروەردە کرا و بە یادوەرییەکی پۆزەتیڤەوە مامۆستایان و هاوفێرخوازانی بەجێی هێشت. یەکێك لەم فێرخوازانە، کە درەنگتریش وەك دۆستی مایەوە، مارا مێرسینی پاریسی بوو، کە ماتماتیکی و توێژەری سروشت بوو.

### 1-1 ساڵانی فێرخوازی و فێرکاری و گەڕۆکی

دێکارت بەدووی ئەمەدا لە پواتێ یاساناسی لە زانکۆ خوێند و ساڵی 1616 تەواوی کرد، بەڵام ئێستا لەبریی ئەوەی ڕێگەی پیشەیەکی یاسایی بگرێتە بەر، لە ئەکادیمییەکی پاریسدا کۆرسێکی لە بواری شمشێربازی و سواری، سەما و ڕەفتاری سەنگیندا وەرگرت، ئینجا لە هەمان ساڵدا لە برێدای هۆللاندی لە سوپاکەی ژەنەراڵی بەناوبانگ مۆریتسی ناساویدا بوو بە سەرباز. دێکارت لەوێ ئیساك بێکمانی ناسی، کە شەش ساڵ لە خۆی بەتەمەنتر و پزیشك و توێژەری سروشت بوو. بێکمان کاری کردە سەر دێکارت کە گرنگیی بە فیزیك بدات، ئەمیش بۆ ئەم "بێدارکردنەوەیە" سوپاسمەندانە یەکەم بەرهەمە زانستی-سروشتییەکەی خۆی پێشکەشی بێکمان کرد؛ ئەم نووسینە ئاڕاستەیەکی ماتماتیکی-فیزیکیی وەرگرتبوو و ناونیشانەی برێتی بوو لە (Musicae compendium / 1618)

دێکارت دوای گەشتکردن بەنێو دێنمارك و ئەڵمانیادا سەرلەنوێ ساڵی 1619 بووەوە بە سەرباز، بەڵام ئەم جارە چووە خزمەتی میر ماکسیمێلیانی بایەرنەوە. دێکارت لەژێر ڕکێفی ئەم میرەدا، لە بەرەی دەسەڵاتی کایزەریی-کاتۆلیکیدا، لە داگیرکردنی پراگدا، واتا لە یەکەمین شەڕەکانی جەنگی سیی ساڵەدا، بەشداریی کرد.

دێکارت لە پراگ سەردانی شوێنی کارکردنی هەردوو ئەستێرەناس فیشۆ براهە (1546-1601) و یۆهانس کێپلەر (1571-1630)ی کرد، ئینجا ماوەیەکی کورت دوای ئەم سەردانانە، بەپێی گێڕانەوەی ژیاننامەییانەی خۆی لە "گوتاری مێتۆد"دا، نۆڤەمبەری 1619 ئیدێیەکی تایبەتیی بۆ هات: دەبێ "مێتۆدێکی گشتی (یونیڤێرساڵ) بۆ لێتوێژینەوەی ڕاستی" هەبێ و ئەویش خۆی بۆ دۆزینەوەی ئەو

راستییه تایبەتمەندكراوە، بەڵام لێرەدا نابێ رەچاوی هیچ زانینێك جگە لەو زانینە بكات، كە ئەو لەنێو خۆی یان لە "كتێبی مەزنی جیهان"دا ئاشكرای كردووە و لە رووی روون و ئاشكرایی و لۆجیكەكەیەوە پشكنیوێتی. ئادریا بێلێ، كە یەكەم ژیاننامەی دێكارتی نووسیوە (1691)، لە سێ خەون دەدوێ، كە گوایە دێكارت لە یەك شەودا بینیونی. بەڵام لە "ئۆلیمپیكا" تەواونەكراوەكانـدا، كە لە دەفتەری تێبینییەكانی دێكارت خۆیدا نووسراون و ناوەرۆكەكەیان هەتا رادەیەك بەهۆی تۆماركردنی پوختەیانەوە لە لایەن لایبنیتس ماوەتەوە، هیچ راڤەیەكی پوختی ئەو خەونانە بەدی ناكرێ.

دێكارت ساڵی 1620 پۆشاكی سەربازیی داكەند و رۆیشت بۆ حەج بۆ لۆرێتا، تاكو سوپاسی مریەمی ئەزرا بكات، كە ئەو ئیدێیەی پێبەخشی بوو. دێكارت بەدووی ئەمەدا بۆ ماوەی چەند ساڵێك كەوتە گەشتكردن، هەر جارە بۆ ماوەی چەند مانگێك، بەنێو ئەڵمانیا و هۆڵلاند، سویسرا و ئیتالیادا، لێرەشدا هەوڵی دەدا تێڕوانینی فرەچەشن بباتەوە و بكەوێتە گفتوگۆ لەتەك جیاوازترین كەسان و زانایاندا.

دوای ئەوەی دێكارت میراتییەكەی وەرگرت و خستییە كارەوە، تاكو دەرفەتی ژیانێكی گونجاوی بۆ برەخسێنێ، ساڵی 1625 لە پاریس نیشتەجێ بوو. لێرە لە پاریس لەتەك هزرڤانان و لەنێو كۆمەڵی تایبەتیدا پەیوەندیی بەست (تەنانەت جارێك سەركەوتووانە دوێلێك دەباتەوە)، هاوكات دەیخوێندەوە و دەینووسی (بۆ نموونە لێكۆڵینەوە بچووكەكەی بە ناونیشانی "دەستوور بۆ رابەرایەتیكردنی زەین، 1628") هەروەها ناوبانگی وەك سەرێكی هزرمەند پەیدا كرد. بەتایبەتی لە كۆبوونەوەیەكی ئێوارانەی تایبەتیدا سەرنجی پیا دو بێرولی راكێشا، كە "سەرۆكی شورای دەوڵەت" و دژبەری كاردینال ریشێلیو بوو. پیا دو بێرول بانگهێشتی دێكارتی بۆ سەردانێكی تایبەتی كرد، پاشان لەو بەیەكگەیشتنەیاندا داوای لە دێكارت كرد، كە تیۆرییەكانی خۆی فراوانتر دابڕێژێ و بەمەش فەلسەفە رێفۆرم بكات.

## 2-1 سەردەمی كامڵی و بەرهەمە فەلسەفییەكان

دێكارت ساڵی 1619 گواستییەوە بۆ هۆڵلاند. پێدەچێ پەیوەندیی دۆستایەتییەكەی لەتەك بێكماندا (كە هێندەی نەخایاند تێكچوو) و كەشی بزوێنەری هۆشەكییانە، كە لە هۆڵلاندی فەرە ئایینی و گەشاوەی ئابووریدا بە چڕییەكی گەورەی فێرگە و زانكۆوە سەروەر بوو، دێكارتیان بۆ ئەم هەنگاوە راكێشا بێ. لێرە هەژدە ساڵی داهاتووی تەمەنی بەسەر برد. بێگومان گەرچی دێكارت ئاڵوگۆڕی هزریی لەتەك هزرڤانانی جیاوازترین ئاراستەدا هەبوو، بەڵام سەرباری ئەمەش تا رادەیەك دوورەپەرێز دەژیا، لێرەشدا ئەوە جێی سەرنجە، كە ئەو بەردەوام بۆ ماڵ و ناوچەی دیكەی گوزەران دەیگواستەوە و تەنها مێرسینی دۆستی هەر ئەدرەسێكی نوێی دێكارتی دەزانی (ئەو لەتەك یەكێكێك لە كچە كارەكەرەكانیدا منداڵێكی دروست كرد،

**بەڵام مەرگی ئەو منداڵە لە تەمەنی پێنج ساڵاندا تێکیشکاند). دێکارت پەیوەندیی چڕی نامەگۆڕینەوەی بەتایبەتی لەتەك مێرسین و هەروەها زانایاندا لە سەراپای ئەوروپادا هەبوو، بەڵام هەروەها لەتەك هەندێك خانمانی پایەبڵندی گرنگیدەر بە پرسیارە هۆشەکییەکان.**

**دێکارت لە سەرەتای نیشتەجێبوونیدا لە هۆڵلاند دەستی دایە نووسینی لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە مێتافیزیك؛ ئەو هیوادار بوو بەروونی و پوختی لێرەبوونی خوا بسەلمێنێ، بەڵام ئەم کارەی بۆ خاتری بەرهەمێکی دیکەی بەرفراوانی زانستی-سروشتی خستە لاوە؛ ئەم بەرهەمەیان گەرەك بوو بە زمانی فەرەنسی بنووسرێ نەك وەك تێکستەکانی پێشینی بە لاتینی، کە ئەو دەمە زمانی سەروەر بوو لە ئەدەبیاتی زانستیدا. ئەم نووسینە گەرەك بوو ناونیشانی "لێکۆڵینەوە سەبارەت بە جیهان" (** Traité du Monde**) هەڵگرێ، بەڵام دوای ئەوەی دێکارت بە نەهامەتییەکەی گالیلێی زانی، وازی لە تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە هێنا. گالیلێ ساڵی** 1633 **لە لایەن دادگای کلێسەوە ناچار کرا لە تیۆرییەکانی خۆی، کە تویژینەوەکانی کۆپەرنیکوس و کێپلەریان دەڕاستاند، پاشگەز بێتەوە.**

**دێکارت ساڵی** 1637 **لە "لایدن"ی هۆڵلاند لەژێر ناوی خوازراودا نووسینەکەی بە ناونیشانی "*گوتار لەبارەی مێتۆدی بەکارهێنانی دروستی ئەقڵ و تویژینەوەی زانستیانەی راستی*" (...) بڵاوکردەوە. "گوتاری مێتۆد"** (Discours de la méthode)**، کە وەك بەرهەمێکی زانستیانەی میللی لە ئاستێکی بەرزدا نووسرا بوو و هاوکات گەرەك بوو خانمانیش بتوانن بیخوێننەوە، لە رووی خایاندنی کاتەوە کاریگەرترین کتێبی دێکارت مایەوە. ئەم کتێبە بە بۆچوونی زۆر فەرەنسی مۆرکی دا بە کارەکتەری نەتەوەییان لە مەغزای** "esprit cartésien"**دا، واتا لە مەغزای هزرڤانێتییەکی شرۆڤەیی و راسیۆنالی ئەوتۆدا، کە ڕەچاوی لۆجیك و سیستەماتیك و ڕێکخستن دەکات. پنتە ناوکییەکانی نووسینی "گوتار" بریتین لە:**

**- تیۆرییەکی زانین؛ ئەم تیۆرییە تەنها ئەوە وەك راست قبووڵ دەکات، کە بەرێی شرۆڤەی هەنگاو بە هەنگاو و پەرچاندنی لۆجیکییەوە وەك روون و ئاشکرا (ئێڤیدێنت) راستێنراوە.**

**- ئێتیکێك؛ بەپێی ئەم ئێتیکە گەرەکە تاکەکەس لە مەغزای نەرێتە باوە کۆمەڵایەتییەکانەوە رەفتاری مۆرالی و بەئاگا لە فرمان بنوێنێ.**

**- مێتافیزیکێك، کە لێرەبوونی خوا-کردگارێکی کامیل (بەرێی سەلماندنی لۆجیکییەوە) وەردەگرێ، بەڵام هاوکات دەرفەتی کەم بۆ دامەزراوی وەك کلێسە جێدەهێڵێ.**

- فیزیکێك، كە لە سروشت وەك دراوێك لە لایەن خواوە دەڕوانێ، بەڵام هاوكات ئەم سروشتە بە یاسای گشتی ڕێكخراوە (كەواتە ئەم فیزیكە موئجیزە بەدەردەكات)، ئینجا ڕوونكردنەوەی ئەقڵمەندانەی سروشت و بەمەش لە كۆتاییدا سەروەرینواندن بەسەریدا وەك فرمانی مرۆڤ دادەنێ.

بەرهەمەكانی دیكەی دێكارت، كە كەمتر كاریگەر بوون، بەڵام لە نێوەندە فەلسەفییەكاندا دانوستاندنی چڕیان هێنایە گۆڕێ، برێتی بوون لە: "لێهزرینەكان لەبارەی یەكەم فەلسەفە، كە تێیدا لێرەبوونی خوا و نەمریی دەروون دەسەلمێنرێ"، كە سەرەتا ساڵی 1641 بە لاتینی چاپكرا؛ ئینجا "پرنسیپەكانی فەلسەفە" (1644)، كە ئەمیش درەنگتر لە لاتینییەوە بۆ فەرەنسی وەرگێڕرا. ئەم نووسینانە كاریگەرییەكی ئەوتۆیان هەبوو، كە تیۆلۆژەكانی ئوترێشت و لایدن بە هەڵوێستی هێرشبەر وەڵامیان دانەوە ، بۆیە دێكارت ساڵی 1645 بیری لە گواستنەوە بۆ ئینگلاند كردەوە و لە ساڵانی داهاتووشدا چەندین جار لە ترسدا هۆلاندی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ فەرەنسا.

ڕەنگە ئەزموونەكانی دێكارت لەم دۆخەدا پاڵهێز بووبن بۆ لێكۆڵینەوەكەی بە ناونیشانی "سۆزەكانی دەروون" (1649)، كە بۆ ئێلیزابێت فۆن بوێمنی نووسی. ئەم خانمە چالاكترین دۆستی نامەگۆڕینەوەی دێكارت بوو. دێكارت لەم نووسینەدا نەك تەنها لەتەك پەرچاندنە (ڕێفلەكسە) ڕاستەوخۆ سۆزەكییەكاندا خەریكە، بۆ نموونە ترس، بەڵكو هەروەها لەتەك جووڵە سپۆنتانەكانی (ئەفەوییەكانی) هەستیشدا، بۆ نموونە خۆشەویستی و كین. دێكارت ئەم هەستانە وەك دەرچوونی یەكجار سروشتییانەی لەشی خولقێنراوی مرۆڤ ڕاڤە دەكات، بەڵام هاوكات فرمانێك دەخاتە ئەستۆی مرۆڤ: ئەو وەك جەوهەرێكی دەروون پێدراو پێویستە بەڕێی ویستەوە كۆنترۆڵیان بكات و بەڕێی هەڵوێستی ئەقڵەوە نەیان هێڵێ، وەك بۆ نموونە بەڕێی دەستبەرداربوونی لەخۆبوردوو یان بەڕێی لێبوردوویی دەروونبەرزەوە.

## 3-1 كۆتایی تراژییانە

شاژن كریستینەی سوید، كە بۆ ماوەی چەند ساڵێكی درێژخایەن دۆستی نامەگۆڕینەوەی دێكارت بوو، بانگی دێكارتی كرد بۆ ستۆكهۆلم، ئەویش پاییزی 1649 بە پیر بانگكردنەكەی شاژنەوە چوو، بەڵام لەوێ ئەو ئارامییەی نەدۆزییەوە كە ئەو هیوای بۆ خواستبوو، چونكە، لەپاڵ هەندێك هۆی دیكەدا، دەبوو هەموو بەیانییەك سەئات پێنج لەسەر مێزی خواردنی بەیانیانی شاهانە ئامادە بێ. دێكارت جارێك لەسەر ڕێگەی ڕووەو كۆشك سەرمای بوو و سەرەتای 1650 بەهۆی هەوكردنی سییەوە مرد. بێگومان هەندێك تیۆریش سەبارەت بە ئەوە لە ئارادان، كە گوایە دێكارت بە "ئارسن" ژەهرخوارد كرابێ.

## 2 فەلسەفە

### 1-2 میتۆد

ئەو میتۆدەی هزرینی فەلسەفی، کە دیکارت لە نووسینی "گوتاری میتۆد"دا ( Discours de la méthode) دەیخاتە بەردەست، بە چوار دەستوور تەواو دەبێ (II.7-10):

1) هیچ شتێك بە راست دانەنرێ، گەر تەواو روون و ئاشکرا نەناسرابێتەوە (واتا تەواو نەزانرابێ و لێرەشەوە ئیتر نەشیاو بێ بخرێتە ژێر گومانەوە).

2) کێشە ئاڵۆزەکان هەنگاو بە هەنگاو ئەنجام بدرێن.

3) لە سادەیەتییەوە رووەو ئاڵۆزی هەنگاو بنرێ.

4) هەمیشە تاقیبکرێتەوە، کە داخۆ مرۆڤ لە لێکۆڵینەوەکەدا بە کامیلێتی گەیشتبێ.

بەرانبەر ئەم دارشتنە چڕ و پوختە، نووسینی "دەستوورەکانی بەکارهێنانی راستی ئەقڵ" ( Regulae ad directionem ingenii) خۆی دەبینێتەوە، کە دوای مەرگی دیکارت بڵاو کراوەیەوە؛ ئەم بەرهەمە بەداخەوە بە تەواونەکراوی مایەوە: دیکارت لە بنەڕەتدا پلانی بۆ دارشتنی 36 دەستوور دانابوو، بەڵام ئەم نووسینە تەنها 21 دەستوور لە خۆ دەگرێ. میتۆدۆلۆژییەکەی سەرەتای دیکارت بەزۆری پشت بە توانستی "ئینتوئیسیۆن" (روانینی روون و ئاشکرا – و) دەبەستێ: مرۆڤ دەتوانێ بە یاریدەی ئینتوئیسیۆن، لە ساتدا، راستیی سادەترین دەربڕینەکان لێتێدەگات (وەك: سێگۆشە سێ لای هەیە). بەگوێرەی ئەم میتۆدە گەرەکە کێشە ئاڵۆزەکان بە چەشنێك دابەشێنرێن، کە ئیتر تاکە توخمەکانیان بەرێی ئینتوئیسیۆنەوە وەك راست شیاوی ناسینەوە بن. بەڵام دوای ئەوەی دیکارت دەپرسێ، کە داخۆ چۆن ئینتوئیسیۆن بتوانێ گەرەنتییەك بۆ راستیی شتە زانراوەکان دابین بکات (ئاخر لە روانگەی دیکارت زۆر دەشێ مرۆڤ لە سادەترین شتەکانیشدا بەهەڵەدا بچێ)، ئیتر بنەما تیۆرییەکەی خۆی بە لایەنێکی (دیمەنزیۆنێکی) میتافیزیکییانە پەرە پێدەدات. گەرانی دیکارت بەدووی پنتێکی چەسپی میتافیزیکییانەدا لە کۆتاییدا دەگەیەنێ بە "کۆگیتۆ ئێرگۆ سوم" (من دەهزرێم، کەواتە من هەم)، ئەمەش دژبێژییەکە لەتەك میتۆدۆلۆژییەکەی سەرەتادا، کە دیکارت لە "پرنسیپەکانی فەلسەفە"دا گۆڕانی پێدابوون، بۆیە واز لە تەواوکردنی "دەستوورەکان" دەهێنێ.

## 2-2 تیۆریی زانین

دێکارت تیۆرییە نوێکەی زانین لە شەش "لێهزرینەکان سەبارەت بە یەکەم فەلسەفە"دا (Meditationes de prima philosophia / 1641) دادەڕێژێ.

یەکەم بەشی ئەم نووسینە، بە گوێرەی "مێتۆدەکە"ی دێکارت، لەتەك ئەوەدا خەریکە، "کە لە لای مرۆڤ شیاوی گومانە". لێرەدا دەبێ ئەو گریمانە باوە، کە گوایە زانینی زانستی لە دەرککردنە سێنسییەکان و هزرینەوە سەرچاوە دەگرێ، بخرێتە ژێر پرسیارەوە؛ مرۆڤ نابێ بەبێ پشکنین متمانە بە هیچ کام لەو دوو سەرچاوەیە بکات. یەکەم، زۆر جار سێنسەکانمان بەهەڵەماندا دەبەن، چونکە دەرککردنەکانی ئێمە سانا نین، بەڵکو دەرککردنەکانی پێشینمان، کە خودی لەشی ئێمە پێکدەهێنن، کار دەکەنە سەر دەرککردنە هەنووکەییەکانمان — کەواتە ئێمە دەروێنە (واتا دیاردە — و) دەهێنینە گۆڕێ. هەروەها، دووەم، مرۆڤ نابێ بەبێ پشکنین متمانە بە هزرینیش بکات، چونکە زۆر دەشێ گیانێکی خراپ بە چەشنێك کاری تێبکات، کە ئیتر ئەو بە دەرەنجامی هەڵە بگات و بەسەهوودا بچێ. هەر بۆیە پێویستە سەرەتا گومان لە هەموو شتێك بکرێ.

دووەم لێهزرین: بەڵام گەر من گومان بکەم، ئەوە ناشێ من لەو کاتەشدا، کە من بە سەهوودا دەچم، گومان لەوە بکەم، کە من "گومان دەکەم" و ئەوەش هەر "من"م کە گومان دەکات، واتا من وەك هزرڤان لە هەموو حاڵەتێکدا هەم. بەڵام ئایا من لە کوێوە دەزانم، کە داخۆ ئەوەی لە لای من روو دەدات گومانکردنە، هەروەها داخۆ من لەوەشدا بە سەهوودا بچم، کە من "من"م و من "هەم"؟ کەواتە یەکەم رستەی نەشیاوی گومانلێکردن ئەمەیە: "من دەهزرێم، کەواتە من هەم". دێکارت دەبێژێ، ئەم رستەیە "بەزەرووی راستە، جا هەتا چەند من دەری ببڕم یان بیهزرێنم". دێکارت پاشان ئەم منە گومانکەرە شرۆڤە دەکات و وەك شتێکی بڕیاردەری هزرڤان، وەك رێس کۆگیتانس، دیاریی دەکات.

ئاورێلیوس ئۆگوستینوس (354-430) بە هەمان شێوەی دێکارت ئەم ئەرگومێنتهێنانەوەیە دەردەبڕێ: (...) "تەنانەت گەر من بە سەهوودا بچم، ئەوە هێشتا هەر من هەم. چونکە کێ نەبێ، ئەو یەکە ناشێ بە سەهوودا بچێ" (Vom Gottesstaat, II, 26). بەڵام دەشێ ئەمە بخرێتە ژێر پرسیارەوە، ئەمیش بەوە، گەر مرۆڤ گریمانە بکات، کە ئەو خۆی لێرەبوونی نییە، بەڵکو هەمیشە لە ئاراییدایە (دروستبووندایە - و)، لێرەوە ئیتر مرۆڤ دەتوانێ سەرلەنوێ گومان لە ئەمیش بکات، ئەویش بەوە، کە ئەو ئارایی (دروستبوون) وەك بوون-ێك دادەنێ.

ئێستا دێكارت بۆ بردنەوەی زانینی دیكە لەم بنەمایەوە سەرچاوە دەگرێ: هەر شتێك كە بە روون و ئاشكرایی بناسرێ (بزانرێ – و)، راستە. بەلام لێرەدا دەبێ ئەوە مسۆگەر بێ، واتا بسەلمێنرێ، كە خوایەكی فریودەر نییە و بە ئەنقەست هزرڤان بە هەلەدا بەرێ. ئێستا دێكارت ئەم ئەرگومێنتهێنانەوەیە بەكار دەهێنێ:

1- ئیدێی خوا وەك جەوهەرێكی كامیل خودی لێرەبوونی خوا لە خۆ دەگرێ، چونكە گەر خوا لێرەبوونی نەبووایە، ئەوسا كامیل نەدەبوو (دێكارت لێرەدا شوێن سەلماندنی خوا لە لای ئەنسێلم دەكەوێ).

2- ناشێ هۆكارێك كەمتر كامیل بێ لە ئەنجامەكەی. لەبەر ئەوەی ئەو پێشبینییەی خوا كە لە لایەن من دەهێنرێتە گۆرێ، زۆر كامیلترە لە كامیلێتیی و ریالێتیی خودی خۆم، ئەوە من دەتوانم لێرەوە دەرەنجام وەربگرم، كە خوا هەیە.

## 3-2 ئەنتی ئەرپستۆتێلیزم

دێكارت بەرانبەر جیهانبینییەكەی ئەرپستۆتێلیس كە هەروەها تیۆلۆژییەكیش لە خۆ دەگرێ، جیهانبینییەكی هۆئەنجامی (كاوسالیستی – و) دادەنێ. لەم جیهانبینییەدا هەموو شتێك لەنێو جیهانی ئۆبژێكتدا (جیهانی رێس ئێكستێنزادا) بەزەرووری لەژێر ركێفی پەستان و لێداندایە. جگە لەمە ئەم گریمانەیەی ئێرە لە برێكی زۆری زانستە ئەزموونییەكاندا خۆی دەبینێتەوە و بووە بە پێشمەرج بۆ چێكردنی تیۆری؛ ئەم گریمانەیە، بەگشتی، مۆركێكی هزرینی میكانیكییە.

ئەرپستۆتێلیس جەختی لە گرنگێتیی ژیانی ئۆرگانی دەكرد، بەلام دێكارت ژیانی ئۆرگانی دەهیچێنی. دێكارت جارێك لەشی مرۆڤ تەنها وەك "مەكینەی لە ئەندام پێكهاتوو" دادەنێ، جارێكی دی وەك "لاشە". ئەم تێروانینە لەنێو ئەو شێوازە هزرینەدا بەردەوامیی پێدەدرێ، كە مرۆڤ لە رووی جەستەییەوە وەك دەزگایەكی میكانیكی، واتا وەك مەكینە، دادەنێ و هزری مرۆڤ (بۆ نموونە ئەمرۆ) لەتەك كاریی كۆمپیوتەردا بەراورد دەكات، جا گەر تەنانەت نەلێین هاوتای دەكات.

بەلام سەیر ئەوەیە كە دێكارت لە "دووەم لێهزریندا" دەروون (تەواو ئەرپستۆتێلیسیانە) وەك ئەوەیەك دادەنێ، كە جیاوازیی نێوان لاشەیەك و مرۆڤێكی زیندوو پێكدەهێنێ. بەلام دەبێ بلێین، كە دێكارت بە دەگمەن دیراسەی ئەرپستۆتێلیسی كردبوو، ئەو بە پێچەوانەوە خۆی بەچاكی بە نووسینەكانی سكۆلاییزمەوە خەریك كردبوو، كە تێیاندا مرۆڤ بە چەندین شێوەی جیاواز لەتەك ئەرپستۆتیلیسدا خەریك بوو بوو.

## 4-2 فیزیۆلۆژی: مرۆڤ وەك مەكینە

پێشبینییە فیزیۆلۆژییەكانی مۆدێل بریێتی بوون لە بەشێكی جیانـەكراوەی فەلسـەفەكەی دێكارت. ئـەو ئۆرگانیزمی زیندووی مرۆڤی كورت كردەوە بۆ سەر ئاستی میكانیكەكەی و بەمـەش بـوو بـە دامەزرێنـەری ئیـاترۆفیزیكی (پزیشـكیی فیزیكـی) سـەردەمی نـوێ. لـە ئیاترۆفیزیكـدا مـۆدێلی مـرۆڤ و هەڵبەسـتنە (بەگەڕخراو یـان بیرلێكراوەكـانی)ی ئۆتۆماتـە مـرۆڤ رۆڵێكـی گـەورە دەگێـرن. دێكارت بـە درێـژایی ژیـانی نەیوێرا لە ترسی دادگای كلێسـە (ئینكڤیسیسـیۆن) نووسـینەكەی بـە ناونیشـانی "لێكۆڵینـەوە سـەبارەت بـە مرۆڤ، 1632" (Traité de l´homme) بلاو بكاتەوە. ئەم نووسینە ساڵی 1662 لەژێر ناونیشانی "لـەبارەی مرۆڤ" (De homine)دا بلاو بۆوە.

## 3- ماتماتیك

كارە ماتماتیكییەكانی دێكارت بەتایبەتی لە بواری ئەندازەدا ناسراون. دێكارت ئەندازە و جەبری پێكەوە لكاند و بەم كارەشی بـوو بـە یـەكێك لـە رێخۆشـكەرانی ئەنـدازەی شـرۆڤەیی، كـە شـرۆڤەی ماتماتیكییانـەی كێشـە ئەندازەییـەكان دەشـێنێ. بـەڵام لـە هـیچ جێیـەكی بەرهەمەكـەی ئـەودا ئـەو گۆڕانـە ماتماتیكییـە دەرناكـەوێ كـە نـاوی ئـەوی هـەڵگرتووە: سیسـتەمی پۆتـانی كارتێسـی؛ بەڕاسـتی دەشـێ زانایـانی وەك ئاپۆلۆنیۆس ی پێرگەیی، ئۆرێسم، فێرما، دێ ڤیت، وەك كەشفكەری ئەم سیستەمە دابنرێن (...). هـەروەها تێگەی "كارتێسی" یان "كارتێسیانی"، كە لە كارتێسیوسـەوە (نـاوە ریشـەییەكەی دێكـارت – و) بـراوەتـەوە، بەگشتی واتای "هێنانەگۆڕێ لە لایەن كارتێسیوس" دەگەیەنێ و ئەم تێگەیە لە شوێنی جیاوازی ماتماتیكدا دەردەكەوێ، بۆ نموونە، لەپاڵ سیستەمی پۆتاندا، لە "دەرئەنجام"ی كارتێسیدا.

دێكـارت سـاڵی 1640 تـوانی رۆڵێـك بگێـڕێ بـۆ چارەسـەری كێشـەی لێكـەوت (تانگێنـت) لـە ماتمـاتیكی جیاكاریدا. ئەو لێرەدا دەرچۆیەكی جەبرییانەی بۆ چارەسەری ئەم كێشەیە هەڵبـژارد، لێرەشـدا بازنەیـەكی بەپاڵ چەماوەیەكەوە دانا. ئەم بازنەیە لە دوو پنتدا چەماوەكە دەبڕێ، یان ئەوەتا حاڵەتەكە بە چەشنێكە، كە بازنەكە تەنها لە یەك پنتدا بەر چەماوەكە دەكەوێ. ئەمە دەرفەتی بۆ دێكارت رەخساند، كە لە حاڵەتی

چەماوەی تایبەتیدا لاریی لێکەوتەکە دیاری بکات. هاوچەرخەکانی دێکارت ئاگامەندییەکی گەورەیان ئاڕاستەی ئەم گۆڕانە بنەماییە کرد، بەڵام ئەم گۆڕانە لە بنەڕەتدا بە دەگمەن توانی چارەسەی راستەقینەی کێشەکە بکات، چونکە مرۆڤ لەسەر ئەم شێوەیە نەی دەتوانی لە تێگەی دەرەنجاماندن نزیکتر بکەوێتەوە.

تیۆریی چواربازنە، کە ناوی دێکارتی هەڵگرتووە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1643، چارەسەری کێشەی لێککەوتنی بازنەکان دەکات؛ تەنانەت لە ئەنتیکەدا گرنگییەکی زۆر بەم کێشەیە درا بوو. هەروەها لە فیزیکدا یەکەم تیۆریی هێشتنەوە و یاسای شکاندن دەگەڕێنەوە بۆ دێکارت.

## 4- مێژووی کاریگەری

کاریگەرییەکەی دێکارت لەسەر فەلسەفە هەتا سەردەم بڕدەکات. ئەم کاریگەرییەی ئەو بەزۆریی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو "روونی" و "وردکردنەوە"ی هزر وەك پرنسیپ دادەنێ. هەروەها هەڵوێستی هۆشەکییانەی زانستگەرایی تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ دێکارت.

### ئارنۆلد گولینکس

ئارنۆلد گولینکس گۆڕانی زۆرتر بە تێزەکانی دێکارت دەدات و ئۆکاسیۆنالیزم دادەمەزرێنێ. لەم روانگەیەی ئۆکاسیۆنالیزمەوە جەستە و هۆش کایەی جیاکراوەن و خوا لە نێوانیاندا بە گەیاندن هەڵدەستێ.

### بلێس پاسکال

ئەرگومێنتی بلێس پاسکال لە دژی سەلماندنەکانی لێرەبوونی خوا ئەوەیە، کە ئەو سەلماندنانە بە شێوەیەکی راسیۆنال شیاوی ئەنجامدان نین، هەروەها پاسکال رەخنە لەوە دەگرێ کە خوا لە لای دێکارت تەنها رۆڵی گرتنی "کەلێن"ی پێدەدرێ، واتا خوا دەبێ بەناچاری پەیوەندییەك لە نێوان شتی هزرڤان (رێس کۆگیتانس) و شتی جەستەییدا (رێس ئێکستێنزا) بهێنێتە گۆڕێ. پاسکال لە "Pensées"دا دەنووسێ: "خواکەی ئیبراهیم خوای فەیلەسوفەکان نییە". پاسکال دوالیزمەکەی دێکارت بۆ سیستەماتیکێکی سێبەش وەردەگۆڕێ: لەپاڵ شتی جەستەیی و شتی هزرڤاندا "دڵ" یان "هۆشی هەستناسك" دادەنێ.

## ئیمانوێل کانت

کانت له "رەخنەی ئەقڵی پەتی"دا دژبێژیی سەلماندنی لێرەبوونی خوا لە لای دێکارت دەکات.

## گ. ڤ. ف. هێگل

هێگل له موحازەرەکانی مێژوودا ستایشی دێکارت دەکات بۆ هێـزە گۆڕانپێـدەرە فەلسـەفییەکەی: لـە لای دێکارت بۆ یەکەم جار هزری سەردەمی نوێ سەرچاوە دەگـرێ، هـەروەها کاریگەرییەکـەی دێکـارت نەشـیاوە، وەك هێگل دەبێژێ، بە فراوانییەکی پوخت دابڕێژرێ. بەڵام هێگل رەخنە لەوە دەگرێ، کـە دێکـارت هێشـتا جیاوازی له نێوان زەین و ئەقڵدا ناکات.

هێگل له پنته هزرییه ئەرخەمیدییەکەی "من دەهزرێم کەواته من هەم"دا بەڵگەیەك بۆ ئەوە دەبینـێ، کە هزر و بـوون "یەکێتییـەکی نەشـیاوی جیاکردنـەوە" پێکـدەهێنن (...)، چـونکە لـەم پنتـەدا جیـاوازی و یەکایەتی (ئیدێنتیتێ) یەکدەگرنەوە (یەکانگیرن – و). هێگل ئەم "سەرچاوەگرتنە له هزری پەتییەوە" بۆ فەلسەفە ئیدیالیستییەکەی خۆی وەردەگرێ.

## فریدریش نیتچه

هەروەها فریدریش نیتچه سەرەتا تەنها وشەی ستایش بۆ دێکارت دەبینێتەوە، چونکە وەرچەرخانەکەی دێکارت رووەو سەبژێکت برێتییه له "پیلانێك دژی تێگەی کۆنی دەروون" و بەمەش برێتییه له "پیلانێك دژی ئایینی دیانی". کەواته دێکارت و فەلسەفەی پاش ئەو "ئەنتی دیانین، بەڵام بە هیچ شـێوەیەك ئـەنتی ئایینی نین". نیتچه دێکارت نـاو دەنـێ "بابەگـەورەی ئـەو شۆڕشـە، کـە ئۆتـۆرێتی تـەنیا بـە ئـەقڵ دەدات" (Jenseits von Gut und Böse).

بـەڵام نیتچـە لـە لایـەکی دیکـەوە دوالیزمەکـەی دێکـارت رەفـز دەکـات و بەرانبـەری تیۆرییەکـەی خـۆی دادەنێ: "ویست بۆ دەسـەڵات". نیتچـە جگـە لەمـە بەرهەڵسـتیی "سـادەیەتییە دۆگمایيەکـەی گومـانکردن" دەکات، بەمەش ئاماژەیەك بۆ ئـەوە دەدات، کـە نەشـیاوە گومـانی ریشـەیی بـەبێ پێشـمەرجی دیکـە ئـەنجام بدرێ (له خوارەوە بڕوانە بەرپەرچەکانی پایرس و ڤیتگنشتاین).

## مارتین هایدێگەر

دێکارت بۆ هایدێگەر برێتییە لە کلیلی شرۆڤەی زانستی سەردەمی نوێ. لەبەر ئەوەی دێکارت چۆنێتییەکانی ئۆرگانێتی (بە شێوەیەکی ئەنتی ئەرِیستۆتێلییانە) دەخاتە کەوانەوە و روو دەکاتە چەندێتییەکانی جیهانی ئۆبژێکت، ئەوا فەلسەفەکەی برێتییە لە سەرەتای دەسەلاتنواندنێکی تەکنیکییانەی شووم بەسەر جیهاندا. بۆ هایدێگەر سەرەتاگرییە نوێکەی گومان تەنها بە رواڵەت نوێیە، چونکە دێکارت سەرباری ئەمەش هێشتا هەر بە توندی لەنێو سکۆلایستیکدا چەقیوە.

هایدێگەر لە بنەمای "من دەهزرێم، کەواتە من هەم"دا "چاندنی پێشبڕیارێکی پڕچەڵەمە" دەبینێ، چونکە دێکارت، هەر وەك هایدێگەر دەبێژێ، تەنانەت "هزر" (کۆگیتاسیۆ) دەدۆزێتەوە، بەلام "ئۆنتۆلۆژیی بوون (سوم)" نادۆزێتەوە.

## بێرتراند رەسل

بێرتراند رەسل، کە فەیلەسوفی شرۆڤەیی سەرەتایە، لە نووسینەکەیدا بە ناونیشانی " History of Western Philosophie" دێکارت ناو دەنێ "دامەزرێنەری فەلسەفەی مۆدێرن"، بەلام بە هەمان شێوەی هایدێگەر رەخنەییانە رایدەگەیەنێ، کە دێکارت هێشتا هەر پابەندی زۆر ئیدێی سکۆلایستییانەیە (بۆ نموونە سەلماندنی لێرەبوونی خوا لە لای ئەنسێلم). بێگومان رەسل شێوازی دێکارت لە نووسیندا بەرز دەنرخێنێ و بەو بڕیارە مەزنیی پێدەدات، کە دێکارت یەکەم فەیلەسوفە لە کاتی ئەرِیستۆتێلیس بەدوواوە سیستەمێکی نوێی هزری هەڵبەستبێ. رەسل لێرەدا بەتایبەتی ئاماژە بۆ سەرەتاگرییە ریشەییەکەی گومان دەدات.

رەسل زانینەکەی دێکارت لەوەدا بە جەوهەری دادەنێ، کە لەو زانینەدا سەرجەم ئۆبژێکتەکان، یان هەر جۆرێکی جەختی هزری، گەیەنراون؛ ئەم هزرە، وەك رەسل دەبێژێ، لە لای ئەقلگەراکان پایەگایەکی سەنترالی وەردەگرێ؛ بەلام کاتێك ئیدیالیستەکان ئەم تێڕوانینە "بە شادیهەستی سەرکەوتوویەوە" وەردەگرن، ئەوا بە پێچەوانەوە ئەزموونگەرا بەریتانییەکان بەداخەوە لێی دەڕوانن.

رەسل هەروەها رەخنە لەوە دەگرێ، کە "من دەهزرێم" وەك پێشدانراو (پریمیس) چوواندنی نییە؛ لە راستیدا دەبوو دێکارت بیگوتایە "There are thoughts" ("لێرە هزرۆکە هەن")؛ هەروەها رەسل دەبێژێ کە "من"یش نەدراوە.

**چارلس ساندەرس پایرس**

چارلس پایرس سەرەتاگرییە ریشەییەکەی گومان لە لای دێکارت لە یەك پنتدا وەك زیادەڕۆیی دادەنێ: پێشمەرجی هەموو گومانێکی فۆرمولەکراو برێتییە لە "زمانێکی رۆژانەی کارا ...". هەروەها شێلینگ لەم دەلاقەیە دەدات: زمان دەرفەت نادات لە جەختییەکی یەکەمینی پێشزمانەوە دروست بکرێ، چونکە گەر ئەمە ئەوها بووایە، "ئەوسا ئێمە لە کوێوە سەرەتامان بگرتایە؟"

**لودڤیگ ڤیتگنشتاین**

لودڤیگ ڤیتگنشتاین رەخنەییانە رایدەگەیەنێ، کە بناغەیەکی بەجەختی زانراو (بناغەیەکی پێشزمان) هزرییانە تەواو شیاوی پێگەیشتن نییە، چونکە سەرجەم پرۆسەکە لەنێو سیستەمێکی وەك پێشمەرج دانراودا روو دەدات.

(...)

**میشێل فووکۆ**

لە روانگەی فووکۆ وێنەی "مرۆڤ"ـە مەکینە لە لای دێکارت برێتییە لە یەکەم بناغەی نوێکاتی فەلسەفییانە بۆ سەرهەڵدانی ئەو پرۆسە تەکنۆکراتییە دیسپلینەکەرانە، کە لە سەدەی هەژدەیەمدا زەنگی سیاسەتێکی نوێی لەش و ئابوورییەکی نوێی دەسەڵاتیان (بیۆدەسەڵات) لێدا.

## سەرچاوەکان

**بەرهەمە سەرەکییەکان:**

- *Musicae compendium* (1618)
- *Regulae ad directionem ingenii* (ca. 1628)
- *Discours de la méthode pour bien conduire sa raison et chercher la vérité dans les sciences*. 1637 (Von der Methode des richtigen Vernunftgebrauchs und der wissenschaftlichen Forschung) http://bdsweb.tripod.com/de/106.htm
  - Anhänge: Dioptrique (=Lichtbrechungslehre)
  - Les Météores
  - La Géométrie (die Grundlegung der neuzeitlichen Geometrie)

- *Meditationes de prima philosophia* (1641) (= Meditationen über die Grundlagen der Philosophie - eines der Hauptwerke des Rationalismus.)
- *Principia philosophiae*. 1644 (=Die Prinzipien der Philosophie)
- *Inquisitio veritatis per lumen naturale* (ca. 1647)
- *Les Passions de l'âme* (1649) (=Die Leidenschaften der Seele)
- *De homine* (posth. 1662)

## سەرچاوەی لاوەکی


- Dominik Perler: *Rene Descartes.* Beck, München 1998, ISBN 3-406-41942-9 (Sehr empfehlenswert als Überblick über Descartes' Werk und seine Voraussetzungen und zur Einführung)
- Rainer Specht: *René Descartes. Mit Selbstzeugnissen und Bilddokumenten.* 9. Aufl. Rowohlt, Reinbek bei Hamburg, ISBN 3-499-50117-1 (Behandelt vor allem die Biographie und die Zeithintergründe, weniger das Werk)
- Peter Prechtl: *Descartes zur Einführung.* 2. Aufl. Junius, Hamburg 2004, ISBN 3-88506-926-1
- Hans Poser: *René Descartes. Eine Einführung.* Reclam, Stuttgart 2003, ISBN 3-15-018286-7
- Wolfgang Röd: *Die Genese des Cartesianischen Rationalismus.* 3. Aufl. Beck, München 1995, ISBN 3-406-39342-X
- Uwe Schultz: *Descartes. Biographie.* Europäische Verlagsanstalt, Hamburg 2001, ISBN 3-434-50506-7
- Bernard Williams (1996). *Descartes: Das Vorhaben der reinen philosophischen Untersuchung.* 3. Aufl. Beltz Athenäum, Weinheim 1996, ISBN 3-89547-103-8


**ئەم بابەتە وەرگێڕراوە لە:**

"http://de.wikipedia.org/wiki/René_Descartes"

# ڕێنێ دێکارت

## داڕشتن و ڕەخنەی فەلسەفەکەی

کاوە جەلال

### 1- کات و کەس

دێکارت (1596- 1650) لە نێو جیهانێکی شێواو و گومانشیاودا پرسیارێکی بناغەیی فەلسەفیانەی لە فۆرمێکی نوێدا زیت کردەوە، ئەو پرسیارەش ئەمە بوو: «زانین چۆن دەشێ»؟ دێکارت لەنێو جیهانێکی ڕاستی لێبزربوودا کەوتبووە سۆراخی زانینی ئێڤیدێنت، واتا بەدووی زانینی بە جەختی ڕوون و ئاشکرادا دەگەڕا. بەڵام پرسیاری چۆنێتی شیانی زانین هاوکات ئەو واتایە دەگەیەنێ، کە لەنێو خودی ئەو پرسیارەدا شێوازی هزرینی ترادیسیۆنی یان قەدیمی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، ئەگینا مرۆڤ ناکەوێتە پرسیاری زانینێکی یان ڕاستییەکی نوێی ئێڤیدێنت.

شێوازی هزرینی قەدیمی چیدی توانای نەمابوو لەنێو جیهانی شێواودا، بەدووی دەسکەوتە قووڵە نوێکانی زانستە سروشتیەکاندا، پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و گەردوون، بە واتایەکی دی مرۆڤ و سروشت ڕوونبکاتەوە. نوێیەتیەکەی ئەم پرسیارەی دێکارت سەبارەت بە زانینی ئێڤیدێنت بەوەدا ڕووندەبێتەوە کە ئەو نەیدەویست وەکو قەدیمیەکان لەنێو هزرینی ترادسیۆنیدا بمێنێتەوە و زیرەکانە پەرە بە زانستە باوەکان بدات، بەڵکو پرسیارەکەی ئاڕاستەی خودی مرۆڤ دەکاتەوە: مرۆڤ زۆر جار نازانێ ڕاستی لە چەوتی جیا بکاتەوە و لێرەشەوە شیمانەیەك بە خۆی بدات تاکو فێری هزرین و کرداری ڕاست ببێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە لە هێزی دیکەدا بۆ سەرچاوەی هەڵەکانی (خراپەکانی) دەگەڕێ.

بێگومان جیهان کتوپڕ لە لای مرۆڤەکانی نێوی گومانوروژێن نانوێنێ. بەتایبەتی گۆڕانکاری قووڵی نێو پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها گۆڕانکاریی نێو زانستە سروشتیەکان، ڕۆڵێکی کاریگەر لە شێواندنی شێوازی ژیان و هزرینی ترادیسیۆنیدا دەگێڕن، کە ئیتر ئارامیی کزنیشتوی نێو باوەشی ترادیسیۆن دەبزوێ و ژیانی مرۆڤ گوڕ وەردەگرێ. بەڵام لەوە دەچێ کە لەپاڵ ئەم گۆڕاکارییە ناوبراوانەدا گۆڕانێکی دیکە پتر کاریگەر بوو بێ لەسەر وەرگۆڕانی ئەوروپا ڕووەو نوێکاتی خۆی، ئەم گۆڕانە نوێیەش برێتیە لە تێکشکانی جیهانبینیی جیۆسەنتری، کە لە گریکی کۆن و چەرخی نێڤیندا نوێنەرایەتی دەکرا.

مرۆڤ لە جیهانبینیی جیۆسەنتریدا ئاوها دەهزرا، کە ئەستێرەکان بە دەوری زەمینـدا دەسوڕێنەوە، پایەگای مرۆڤیشی لەژێرەوە، لەژێر چاودێریی خوایەتیدا، دادەنا. گەردوون لەم شێوازەی هزریندا بە هەمان شێوەی ژیانی مرۆڤ، کە لە خواوە سەرەتای دەگرت و لە لای خوا کۆتایی دەهات، داخراو بوو. بەڵام دوای ئەوە کە شوێن (Raum)ی ناکۆتا لە ڕێنیسانسدا فۆرمولە دەکرێ، ئیتر ئەم ڕیالێتییە هارمۆنی و گشتگیرە تێکدەشکێ؛ مرۆڤ ئێستا هەست دەکات لە لایەن چاوی خوایەتییەوە جێهێڵراوە و ناچارە بەدووی ڕێگەی نوێی ژیاندا بگەڕێ، واتا ڕوو بکاتە خۆی، هەتا هیچ نەبێ لەنێو خۆییەوە سەرلەنوێ ئیدێی کۆتاداری تێکشکاوی گەردوون ڕێکبخاتەوە.

ئەمەیە گرنگترین گۆڕانەکەی ڕێنیسانس: فۆرمولەکردنی شوێنی ناکۆتا. شوێن لە چەرخی نێڤیندا وەك پانتایی دەبینرا و راڤە دەکرا، بەڵام ئێستا لە ڕێنیسانسدا بەئاگابوونێکی نوێ لەسەر شوێنی قوول و ناکۆتا سەر هەڵدەدات، کە لە جەستەکانی نێوی سەربەخۆیە. شوێن لە گریکی کۆن و چەرخی نێڤیندا وەك کۆتادار و بە جەستە پڕبۆوە دادەنرا، بەڵام ئێستا شوێن لە ڕێنیسانسدا لە هەر سێ ئاڕاستەکەیدا ڕووەو ناکۆتا دەڕوات، ڕاستر بلێین، ئاڕاستەی سێیەم، واتا قووڵی، دوانەکەی دی لەتەك خۆیدا بۆ نێو ناکۆتا دەبات. بەڵام ئەمە هیچ واتایەکی دیکە ناگەیەنێ جگە لەوە، کە مرۆڤ بۆ نێو شوێنێکی ناکۆتای نەشیاوی پێوانە تووڕ دەدرێ و لە نێویدا ئاراستەی ڕوانینی و لێرەشەوە زەمینەی لەسەروەستان بۆ نواندنی کرداری دروست بزر دەکات، چونکە بەرامبەر ناکۆتای شوێن بۆ دەرەوە، ناکۆتایەك بۆ ناوەوە، واتا ناکۆتای هزرینی خۆیی دەوەستێتێتەوە، ئەمەیش جارێ پێویستیی بە ڕوونکردنەوە و بناغەڕشتن هەیە. مرۆڤ نازانێ چۆن خۆی بۆ هزرین و کرداری دروست بسرەوتێنێ، چونکە ئەو گەردوونە نەماوە کە ئەو توانای بەسەریدا دەشکایەوە و دەیبینی، بۆیە تەنها لەنێو ناخی خۆیدا دەگەڕێ، هەتا زەمینەیەك، واتا پنتگەیەك، بۆ سەرەتادانێکی نوێ بدۆزێتەوە ([1]).

سەرەتایەك لە سفرەوە سیمای سەردەمی نوێی ئەوروپییە. مرۆڤ ئێستا نرخی نوێ فۆرمولە دەکات و بڕوایەکی نەپساوی بە خۆی هەیە، بێگومان ئەمەیش لە کاتێکدا کە ئەو چیدی سنورێك بەدی ناکات. مرۆڤ خۆی پنتی نێوەندی گەردوونە. بەڵام ئاشکرایە لە سەردەمێکی بەم چەشنەدا کە شێوازی هزرینی قەدیمی کەوتۆتە سەر لێژاوێك و هەوڵە هۆشەکییەکان سیمایەکی هەمەلایەنی و شێواو وەردەگرن، هەڵوێستێکی گوماندار چێدەبێ و لە هەمان کاتدا زەرووڕەی نەهێشتنی - «ئاخر گومان چارەسەر نیە»». ئێستا خواستی یەکالاکردنەوەی هزرینی فەلسەفی دەکەوێتە بەردەم پرسیاری مێتۆد: پرسیاری "***ڕێگەبڕین***". لێرەوە دەگەین بە ڕستەکەی سەردەمی نوێی ئەوروپی: هەموو شتێك دەبێ سەرلەنوێ ڕوونبکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش مێتۆد دەبێ بە کلیلی زانست، کە بێگومان واتای زانستێکی نوێ دەبەخشێ و تەواو جیاوازە لە زانستی کۆنی ئەڕیستۆتێلی. چونکە مێتۆد لە سفرەوە بەرەو پێش دەڕوات نەك لە "جێ"یەکی

[1] ) Gerl, Hanna-Barbara. Einführung in die Philosophie der Renaissance. Darmstadt, 1989. S. 32

تایبەتییەوە، هەروەها مێتۆد دەبێ بە هزرینی سەبژێکتیڤی دابین بکرێ؛ بەڵام بە پێچەوانەوە قەدیمیەکان لە جێی تایبەتیی بوونەوە سەچاوەیان دەگرت و خەریکی زانست دەبوون.

زانستە سروشتیەکان لەم سەردەمەدا بەهۆی بەکارهێنانی مێتۆدی گونجاوەوە بە دەستکەوتی مەزن گەیشتبوون، ئێستاش فەلسەفە دەکەوێتە بەردەم مێتۆدەکانی ئەم زانستانە. زانستە سروشتیەکان لەم سەردەمەدا دوو مێتۆد یەکدەخەن: یەکەم ئەزموون، کە بە شێوەیەکی مێتۆدی لە ئێکسپێریمێنت و ڕوانینەوە بەدیدەهێنرێ، دووەم هزرینی ماتماتیکیی پوخت، کە ڕووداوە فیزیکیەکان ڕوون دەکاتەوە و لە یاسادا فۆرمولەیان دەکات. هەردوو بزووتنەوە فەلسەفییەکەی سەرەتای نوێکاتی ئەورووپی، واتا ئەزموونگەرایی (ئەمپیریزم) و ئەقڵگەرایی (ڕاسیۆنالیزم)، دەکەونە بەردەم ئەم نەسازیە.

لە بنەڕەتدا هەردوو ڕێبازەکە هەمان پرسیاریان هەیە: زانین لە چ سەرچاوەیەکەوە چێدەبێ؟ ئەمپیریستەکان خۆیان لە پرنسیپی ڕاسیۆنالی یەکەم و پەتی بەدوور دەگرن، ئەمان لە تاکەکانەوە بۆ گشتیدان سەردەکەون، واتا پشت بە ئەزموون دەبەستن: زانین بەبێ ئەزموون ناشێ. سەرجەم بێگومانی لەنێو بێگومانییە سێنسییەکاندا خۆی دەبینێتەوە. لەنێو سێنسەکانماندا تۆخمی تەواو ڕاست و نەشیاوی گومانلێکردن هەن کە بە یەکخستنیان زانین چێدەبێ. بەڵام فەلسەفەی ئەقڵگەرایی — کە لە دێکارتەوە سەرەتا دەگرێ - پشت بە ئەقڵی پەتی دەبەستێ: تەنها ئەقڵ دەتوانێ بەبێ گرنگیدانی بە سێنسەکانمان بە زانینی جیهان بگات.

ئەم داڕشتنە گشتییەی سەرەوە ڕوونی دەکاتەوە، کە ماوەیەکی زۆر پێش دێکارت جیهانی کۆن تێکشکابوو. بەڵام ئەمە ئەو واتایە ناگەیەنێ کە تەنها پەیوەندیە ئۆبژێکتیڤییەکان پاڵیان بە دێکارتەوە نابێ بۆ ئەوەی ڕوو بکاتە پرسیاری ڕاستی (زانین). ڕێگەکەی دێکارت هەر لە منداڵیەوە بە شێوەیەکی زانستیانە سەرەتا دەگرێ. لە «مێتۆد» دا دەنووسێ: "من لە منداڵیەوە بۆ زانستەکان پەروەردە کراوم" ([2]). بێگومان فێربوونی دێکارت لە تەمەنی هەشت ساڵیەوە لەسەر شێوازی هزرینی قەدیمی بوو، بەڵام هێندە نەبێ، کە فێرگەکەی تازە ئیساییەکان (یێزوویيەکان) دایانمەزراندبوو و ئەو دەمە وەك فێرگەیەکی پێشکەوتنخواز ناسرابوو. مامۆستاکان "سەرنجی فێرخوازەکانیان بۆ گۆڕانە نوێکانی ئەستێرەناسی ڕادەکێشا، بە تایبەتی بۆ دۆزینەوە نوێکانی گالیلێی هێشتا حکومنەدراو لەسەر مەریخ و زوحەل، هاوکات بەلگەیان بۆ ڕاستیی جیهانبینییەکەی کۆپەرنیکوس دەهێنایەوە" ([3]) کە بەو پێیە زەمین نێوەندی گەردوون نیە.

---

[2] ) Descartes, René. Abhandlung über die Methode des richtigen Vernunftgebrauchs. Stuttgart 1984. S. 5 (Die Methode)

[3] ) Specht, Reiner. Descartes. Reinbeck 1980. S. 13

کەواتە دێکارتی منداڵ لە سەرێکەوە بەندبوو بە شێوازی هزرینی قەدیمیەوە، بەڵام لە سەرێکی دیکەوە ڕێگەدانی مامۆستایان بە فێرخوازان بۆ دانوستاندن سەبارەت بە گۆڕانی نوێی زانستە سروشتیەکان، شیمانەیەکی دا بە دێکارت هەتا خاوەنی کەمێك زانین بێ لەسەر ئەو گۆڕانکارییە نوێیانە. سەرەڕای ئەمانە نابێ ئەو لایەنە لەیاد بکرێ، کە دێکارتی منداڵ بۆ نێو کۆمەڵەیەکی قەدیمیی زانایان فڕێدرابوو، جا گەرچی ئەو کۆمەڵەیە لەنێو پەیوەندیەکانی ئەو سەردەمەدا کەمێك پێشکەوتنخواز بووبێ.

دێکارت فێرخوازێکی نموونەیی بوو: بەئەدەب، زانینخواز، هۆشڕایەڵ. بەڵام هەر لە تەمەنی فێرخوازیدا گومانێکی قووڵ ناخی دێکارتی هۆشڕایەڵ لە هەموو ئەو شتانە دەتەنێ کە وەك زانینێکی ڕەوا و نەشیاوی پرسیارلێکردن دەخزێنرانە هۆشیەوە، لێرەشدا گومانەکەی بە تایبەتی ئاڕاستەی فەلسەفە دەبێتەوە. دێکارت دوای تەواوکردنی یاساناسی لە تەمەنی بیستساڵیدا چیدی حەوسەڵەی نامێنێ درێژە بە ژیانی زانستیانەی ترادیسیۆنی بدات. ئاخر ئەو نایەوێ لە ڕیزی زانایاندا وەربگیرێ و ستایش بکرێ: "لە گێژاوێکی ئەوتۆی گوماندا خۆم دەبینییەوە کە ئیتر لە زانینمدا هیچی دیکەم جگە لە نەزانین نەدۆزییەوە" ([4]). بۆیە دێکارت بڕیار دەدات خۆی لە ژێردەستەیی مامۆستا سەروەرە قەدیمیەکان ڕزگار بکات و بەمەش واز لە زانستی کۆن بهێنێ. ئێستا لە ناخی خۆی یان لە "کتێبی مەزنی جیهان"دا بۆ زانین دەگەڕێ. واتا مەبەستی دێکارت ئەوە نەبوو کە "زانست بکات بە پیشەی"، هەتا "ئاستی گوزەرانی خۆی پێ چاك بکات" ([5])، بەڵکو دەیەوێ بگەڕێ، سوپا و کۆشکی دەسەڵاتداران بناسێ، لەگەڵ کەسانی جوودا لە ڕەفتار و هزرینی زانستیدا بگەڕێ. لە ڕاستیشدا لە نێو گومانێکی هێندە قووڵدا، کە مرۆڤ لە زانیندا تەنها نەزانین ئاشکرا بکات و لێرەشەوە شێواویی هزرین و ڕەفتاری خۆیی ببینێ، هیچ چارەیەکی دیکەی جگە لەم ئەلتەرناتیڤە بۆ نامێنێتەوە: یان خۆگونجاندنێکی ناچاری لەنێو کۆمەڵدا و هەڵبژاردنی ژیانێکی ئاسایی - چونکە لەنێو زانینی نەزانینی خۆدا توانستی کاری زانستی نامێنێ، مەگەر مرۆڤ هەڵوێستێکی ئۆپۆرتون (هەلباز) وەربگرێ، بەڵام ئەمە بۆ کارەکتەرێکی وەك دێکارت نەدەگونجا کە "سوود و قازانجی ناڕەوا"ی ([6]) بە سوکایەتی دادەنا -، یان ئەوەتا گومانەکەی خۆی بە جیدی وەردەگرێ و بۆ وەڵام دەگەڕێ.

دێکارت بە بڕوای خۆی لەنێو جیهاندا بە زانینی ئێڤیدێنت دەگات، واتا لەنێو جیهانی تێکشکاوی ،،جەنگی سیی ساڵە،،ی ئایینزاکاندا: کاتێك ئەو لە ئەڵمانیا سەرباز دەبێ (دێکارت دەچێتە خزمەتی ئاڵای سێ سوپاوە بە دووی یەکدا: سوپای هۆڵاندی و ئەڵمانی و ڕۆمی)، دەگات بە لێڕوانینێکی زۆر گرنگ کە درەنگتر دەبێ بەتۆوی فەلسەفەکەی. ڕۆژێك لە سەربازگە، کاتێك بە تەنیا لە ژوورەکەیدا دەبێ، ،،تیشکی لێڕوانینێکی موئجیزەیی،، لە هۆشدا هەڵدێ، ئەو تیشکەش بریێتیە لە ڕستە بەناوبانگەکەی: ،،من دەهزرێم، کەواتە من هەم،،.

---

[4] ) Descartes. Die Methode, S. 6
[5] )Descartes. Die Methode. S. 9-10
[6] ) Descartes. Die Methode. S. 10

**دێکارت دوای دوو ساڵ ژیانی سەربازی و نیشتەجێبوونێکی دوو (یان سێ) ساڵی لە پاریس، دەگوێزێتەوە بۆ هۆڵلاند. لێرە لەنێو ئارامیی تەنیاییدا و خۆپاراستوو لـە ڕاونـانی کاتۆلیـك و پرۆتێستانتەکان گۆڕان بـە فەلسەفەکەی دەدات. بەڵام هەر لە سەرەتاوە دەکەوێتە بەردەم کێشەیەکی زۆر ئاڵۆز، ئەو کێشەیەش ئەوەیە کـە داخـۆ ئـەو چـۆن بتوانـێ ئیشـەکەی ئـەنجام بـدات. دێکـارت بـۆ "مێتـۆدێکی ڕاسـتەقینە" دەگـەڕا هـەتا یارمەتیی بدات "بۆ گەیشتن بە زانینی سەرجەم شتەکانی شیاوی زانین" ([7]).**

**ئەو مێتۆدەی دێکارت بۆی دەگەڕا لە پێناوی زانینـی روون و ئاشـکرادایە. ئـەو نەیدەپرسـی مـرۆڤ چـۆن کار بە لۆجیك و ماتماتیك دەکات، چۆن دەتوانێ بە هەوڵی فێربـوون ببـێ بـە مامۆسـتای یـان شـارەزای ئـەم زانستانە، بەڵکو پرسیارێکی بنەمایی دەکرد: مرۆڤ چۆن دەتوانێ بزانـێ و لێرەشـەوە خـۆی لـەو بۆچـوون و تێڕوانینە گشتییە ڕووکەشانە بەدوور بگرێ کە بەزۆری مرۆڤ لە ڕاسـتی، واتـا لـە زانـین، دوور دەخەنـەوە؟ دێکارت بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەوێتە هەڵوەشانگەری لەتـەك شـێوازی هزرینـی قەدیمیـدا و بۆ ئەم مەبەستە ،،گومان،، وەك مێتۆد هەڵدەبژێرێ. گومان لە یەکەم هەنگاودا سـەرجەم جیهـانی ئـەمپیری دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەمەش یەکەم یان نوێترین شێوازی هزرینی فەلسەفیانەیە لە مێـژووی فەلسـەفەی خۆرئاوادا، کە برێتیە لە پەرچاندن (ڕێفەلەکتدانەوە).**

**دێکارت بناغەی ئەم لایەنە سـەبژێکتیڤییەی فەلسـەفەکەی بـە شـێوەیەکی مێتـافیزیکی (واتـا جـوودایی جەستە و هۆش) دادەڕێژێ. بەڵام لایەنێکی دیکە بەم لایەنە سەبژێکتیڤییەوە دەلکێنـی، واتـا "گەیشـتن بـە فەلسەفەیەکی پراکتیکی، کە جێگەی فەلسەفەی قـەدیمیی تیۆرییانـە بگرێتـەوە و توانامـان پـێ بـدات بـبین (...) بـە خـاوەن و سـەروەری سروشـت" ([8]). کەواتـە دێکـارت نەیدەویست بـۆ مەبەسـتی تیـۆری خـەریکی فەلسەفە بێ. ئەمە لە گریکـی کـۆن و چـەرخی نێڤینـدا نوێنەرایـەتی دەکـرا. ئـەم هەڵوێسـتەی دێکـارت لـە بنەڕەتدا بڕوای نوێکاتی ئەوروپیە، ئەم بڕوایەش برێتیە لە سوودی پراکتیکیی زانست. کـاری فەلسـەفی لـە گریکی کۆندا بۆ مەبەستی گەیشتن بوو بە ڕاستی، بەڵام دێکارت واز لـەم مەبەسـتە دەهێنـێ و مەبەسـتێکی نوێی زانستی دادەنێ کە برێتیە لە تەشەنەی دەسەڵات بەسەر جیهان یان سروشتدا.**

**لە لای دێکارت هەر لە سەرەتاوە ئەو دوو لایەنەی لە سەرەوە پێشـاندران پێکـەوەلکێنراون: مـرۆڤ دەبـێ خۆی سـەرەتا زانینـی ئێڤیـدێنت بـە یارمـەتی مێتـۆد بدۆزێتـەوە و لێوەی زانسـت دابڕێـژێ، واتـا خـۆی لـە مرۆڤەوە بکات بە سەبژێکتی زانست، ئەم زانستەش واتای زانستێکی گشتگیر دەگەیەنێ نەك کەرتە زانسـتی سەربەخۆ. مێتافیزیك (واتا جودایی جەستە و هۆش) بە بڕوای دێکارت دەبێ لەم هەوڵەدا بناغـەی زانینـی زانستی بێ، بەبێ ئەوەی پەل بۆ نێو جیهانی ئەمپیری بهاوێژێ.**

---

[7] ) Decsrates. Die Methode. S. 17
[8] ) Descartes. Die Methode. S. 58

## 2- پرسیاری میتۆد

دێکارت لە نووسینی ،،دەستوورەکانی بەکارهێنانی راستی ئـەقڵ،،دا ڕەخنـە لـە قەدیمیـەکان دەگـرێ، کـە گوایـە لـە نووسـین و هەوڵـە هۆشـەکییەکانیادا زانسـتەکانیان "بـەپێی جیـاوازی بابەتـەکانیان لـە یـەکتری جیاکردۆتەوە و لەو باوەڕەدان کە پێویستە لە هـەر یەکـەی ئـەو زانسـتانە بـە تـەنیا و بـەبێ گرنگیـدان بـە ئەوانی دیکەیان بکۆڵنەوە" ([9]). بەڵام بە بڕوای دێکارت ئەم هەوڵە یەکلایەنی و دابەشکەرەی قەدیمییەکان، بـۆ زانسـت نـاگونجێ، چونکە کەرتـە زانسـت تـەنها "سـنوور بـۆ هۆشـی مـرۆڤ دەکێشـی" ([10]) و لەبـەر ئـەم هۆیەش بێسوودە. زاستەکان لـە ڕوانگـەی دێکـارت "هیچی دیکـە نـین جگـە لـە ئـەقڵی مـرۆڤ، کـە هەمیشـە هەمان ئەقڵ دەمێنێتەوە، جا گەر تەنانەت بەسەر چەندین بابەتی جیاوازدا بەکاربهێنرێ" ([11]). مەبەسـتە سەرەکیەکەی دێکارت ئەوەیە کە فەلسەفە وەك ،،زانستێکی گشـتی،، گـۆڕان پێبـدات: گـەر مـرۆڤ بییـەوێ لـە ڕاستی (زانین) بکۆڵێتەوە، ئەوە لەو هەوڵەیدا دوای کەرتە ئامانج ناکەوێ، بەڵکو هەوڵەکەی ئاڕاستەی یـەك تاکە زانستی ڕاست دەکاتەوە، ڕاسـتیی ئـەم جـۆرە زانسـتەش بـەوەدا دیـار دەدات، کـە زانسـتێکی بـە کـامیلی زانراوە و لەبەر ئەم هۆیە نەشیاوە گومانی لێ بکرێ. ئامانجی دێکارت لێرەدا برێتیە لـە زانینـی ئێڤیـدێنت، واتا زانینی جەخت یان زانینی بە ڕوون و ئاشکرایی زانراو. چاکترین ڕێگـەی گەیشـتن بـەم زانینـە روون و ئاشکرایە برێتییە لە میتۆد. بەڵام میتۆد لەلای دێکارت تـەنها بـۆ مەبەسـتی گەیشـتن بـە ڕاسـتی دەخرێتـە گـەڕ، واتـا میتـۆد نـە شـێوازێکی قەنائەتپێکردنـە، نـە شـێوازێکی هونـەریی نووسـین و پەیڤینـە، هـەروەها شێوازێکی ئاقڵانەش نیـە کـە یارمـەتیمان بـدات بـۆ لێکۆڵینـەوەی یەکـەم هۆکارەکـان، بـەڵکو ئـەم میتـۆدەی دێکارت شێوازێکی "سەلماندن"ـە و ئەمەش بە واتای برێتیە لە شێوازێکی یەکخراوی هزرینی ئەبستراکت.

دێکـارت سـەرەتا بـۆ دابینکردنـی ئـەم مەبەسـتە لـە چالاکیەکانی هـۆش دەڕوانـێ و لـە نێویانـدا تـەنها ،،ئینتوئیسـیۆن،، (حـەدەس) و ،،دێدوکسـیۆن،، (هـەڵهێنجان) بـە گونجـاو دادەنـێ، چـونکە "بـە یارمـەتییان دەتـوانین بـەبێ تـرس لـە هەڵـە بـە زانینـی شـتەکان بگـەین" ([12]). ئینتوئیسـۆن ڕوانینـی سـاکاری هـۆش خۆیەتی، لێڕوانینی ساکار و کتوپڕی جەوهەرە. کەواتە ئاشکرایە بۆچی دێکارت دەبێـژێ پێویست نیـە لـە هەڵە بترسین. مرۆڤ لە بینینی روون و ئاشکرای جەوهـەردا ،،بڕیـار،، نـادات. ئـاخر بڕیـار هەمیشـە بڕیـارە بەسـەر "وێنـە شـێواوەکانی پێشـبینی سێنسـیدا" ([13])و مـرۆڤ دەخاتـە نێـو هەڵـەوە؛ ئینتوئیسـیۆن بـە پێچەوانەی بڕیار برێتیە لە "تێگەیشتنی سادە (...)ی هۆشـی خـاوێن و بـەئاگا، کـە ئـیتر لەسـەر ئاگـالێبوو

---

[9] ) Descartes. Regulae. In: Ausgewählte Schriften, ausgewählt vom Ivo Frenzel. Frankfurt / Main. 1986 S. 21 (Regulae)

[10] ) Descartes. Regulae. S. 21

[11] ) Descartes. Regulae. S. 21

[12] )Descartes. Regulae. S: 26

[13] ) Descartes. Regulae. S: 26

**هیچ گومانێك نامێنێتەوە" ([14]).**

**ئینتوئیسیۆن یەكەم بنەمای فەلسەفەكەی دێكارتە. نموونەكانی ئەم جۆرە ئینتوئیسیۆنە بۆ دێكارت بریتین لە جەختبوون لە لێرەبوونی خۆ و هزرین، هەروەها بیردۆزەكانی ماتماتیك، كە تەنها لەتەك بابەتی پەتی و سادەدا خەریكن و هیچ شتێكی ئەستویی (ماتەری) وەك مەرج وەرناگرن، كە ئیتر وەك شت كێشەكە گومانشیاو بكات. ڕستەی ،،2+3=5،، بۆ دێكارت هەمیشە ڕاستە، ئەوەش هیچ گرنگ نیە گەر بابەتەكان لەتەك 2، 3 یان 5 بگونجێن یان نەگونجێن.**

**دێدوكسیۆن (هەڵهێنجان) بریتیە لە دووەم گەرەنتی ڕاستی. هەڵهێنجان بە ،،زەرورە،، بەدووی ئینتوئیسیۆندا، بەدووی تێگەیشتنی سادەی هۆشدا، بەردەخرێ. هەڵهێنجان دەبێ هەمیشە لەسەر بناغەی ئینتوئیسیۆن بەربخرێ. بێگومان هەڵهێنجانیش مەحاڵە بەهەڵە بەربخرێ، بەلاَم ئەم مەحاڵە تەنها واتای هەڵهێنجانی زنجیرەیی ئەڵقەكان دەگەیەنێ. جار هەیە كە هەڵهێنجانێكی بەم چەشنە بە ڕاستییەكمان دەگەیەنێ، بەلاَم گەر هاتوو ئەم هەڵهێنجانە لەسەر زەمینەی ئینتوئیسیۆن نەخرایە گەڕ، ئەوە نابێ بڕوای پێ بكرێ. هزر بەدووی زانینی سادەی هۆشدا، بەدووی لێڕوانینی ڕوون و ئاشكرادا، بە زەرورە دەكەوێتە هەڵهێنجان، ئەمەیش وەك ،،هزرینێكی بزواوی زنجیرەیی و نەپچڕاو،، كە هەنگاو بە هەنگاو لە خۆی بەئاگایە.**

**كەواتە جیاوازیی نێوان ئینتوئیسیۆن و هەڵهێنجان لەوێدا ڕووندەبێتەوە، كە ئینتوئیسیۆن لێڕوانینی سادە و لەخۆدا ئارامی جەوهەرە، بەلاَم بە پێچەوانەوە لە هەڵهێنجاندا بزووتنێكی هزریی زنجیرەیی و ئاگامەند بەردەخرێ؛ جگە لەمە ئێمە لە حاڵەتی هەڵهێنجاندا پێویستمان بە ئێڤدێنس نابێ، چونكە ئێستا هزرینی هەڵهێنجەرانە جەختیەكەی خۆی لە تەركیزەوە وەدەگرێ.**

**بە بڕوای دێكارت ئەم دوو چالاكیەی هۆش گونجاوترین ڕێگەی گەیشتن بە زانین پێكدەهێنن. كایەی جیهانی ئەستویی (ئەمپیری) تەنها كایەی ژماردنە، كایەیەكی پڕە لە پەستان و لێدان، هەروەها ئالۆزكاو و هەمەلایەنییە بەبێ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ چاوەڕوانی ئەوەی لێبكات كە هەرگیز لە نێویدا بە جەختیی زانین بگات.**

---

[14] ) Descartes. Regulae. S: 26

## 3- لێرەبوونی من-ی هزرڤان

### 1-3 گومان

لەسەرەوە هەوڵمان دا کێشەیەکی جەوهەری دێکارت ڕوون بکەینەوە، کە برێتی بوو لەوەی ئەو چیدی نەیدەتوانی لەسەر شێوازە قەدیمییەکانی زانست بڕوات و لەنێو بوونی ڕێکخراوەوە پەرە بە زانستە باوەکان بدات؛ ئەو پرسیاری لەبارەی زانینی ئێڤدێنت دەکرد، زانینێك کە تەنها بە هزرینی سادەی ئاگامەند جەخت دەکرێ. بەڵام مرۆڤ بە چ شێوەیەك دەتوانێ بەم جەختیە بگات و خۆی لە هەڵە بەدوور بگرێ، دێکارت ئەمیان لە نووسینی ،،لێهزرینەکانی یەکەم فەلسەفە،،دا بە شێوەیەکی ئەنالیزی (شرۆڤەیی) ڕوون دەکاتەوە.

دێکارت لە ،،پێشەکی،،ی نووسینەکەیدا بە ئاشکرا مەبەستی خۆی لەم هەوڵەیدا پێشان دەدات: ئەو "دەیەوێ" بناغەی "زانین" دابڕێژێ، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە ئالۆز و گرانە گرنگی بە خوێنەری هۆشمامناوەندی و ساویلکە نادات، کە هیچ لەبارەی ڕێگەی زانینی ئێڤدێنت نازانێ، بەڵکو نووسینەکەی تەنها ئاڕاستەی کەمینەیەکی شارەزای زانستەکان دەکاتەوە.

دێکارت بۆ دۆزینەوەی بناغەی زانین ڕێگەی ،،گومانی مێتۆدی،، دەگرێتە بەر. ئەم گومانە مێتۆدییە وەك سکێپسیزم (گومانگەرایی) نیە، کە تەنها لەنێو خودی گوماندا تەواو ببێ، بەڵکو ڕێگەیەکی هزرینە و تەنها بۆ خاتری گەیشتن بە زانینێکی سرەوتووی بێگومان بەردەخرێ.

گومان، واتا هزرین، لەو جێیەوە سەرەتا دەگرێ، کە گومانکەر خۆی تێدا دەبینێتەوە، واتا لە جیهانی ئەمپیریەوە. دێکارت خۆی لەنێو گوماندا هێدی هێدی لە جیهان دەپچڕێنێ، بۆ ئەوەی سەرجەم بۆچوونە گشتی و فێرگەییەکان بڕمێنێ، لێرەشدا بە هیچ شێوەیەك ڕوو ناکاتە ئەو بۆچوونە ڕووکەشانە، بەڵکو ڕوو دەکاتە پایەکانیان، بە واتایەکی دی ڕوو دەکاتە ئەو بنەمایانەی بۆچوونەکان لەسەریان دامەزراون.

بێگومان ئەم خۆپچڕاندنەی دێکارت لە جیهان ئەو واتایە ناگەیەنێ کە ئەو خۆی ڕاستەوخۆ بە هەنگاوێکی هیچێنەری (نەفیکەری) بەرەو پاش لە جیهان بپچڕێنێ. خۆپچڕاندنی دێکارت لە جیهان سەرەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەنی هزرینە لەنێو تەنیاییدا، کە ئیتر جیهانی دەرەوە دەکوژێتەوە و گومانکەریش لەنێو هزریندا بە مەبەست بۆ یەك پنتی لەسەروەستان دەگەڕێ، واتا پنتێك وەك (بوون)ێکی چەسپ و جەخت، کە ئیتر هزرین و کرداری دروستی ئەو دابین بکات. دێکارت لەنێو جیهانی ئۆبجێکتیڤیی شێواو و نەشیاوی دیاریکردندا هیچ چارەیەکی دیکە بەدی ناکات جگە لەوە کە بەنێو ناخی خۆیدا شۆڕ ببێتەوە، تاکو بەو بوونە چەسپە بگات: "دەمەوێ ڕۆ بچم، هەتا بە جەختییەك دەگەم، جا با تەنانەت

جەختیی نەبوونی هیچ جەختییەکیش بێ" ([15]).

دێكارت لەسەرەتای گومانكردندا دەپرسێ، كە داخۆ مرۆڤ چۆن بتوانێ ڕاستی لە چەوتی جیا بكاتەوە. بەلآم نوێیەتیەكەی ئەم پرسیارەی دێكارت لەوەدایە كە ئەو پرسیارەكەی ئاراستەی خۆی دەكاتەوە، بە واتایەكی دی ئاراستەی مرۆڤی دەكاتەوە: ڕەنگە ئەوە تەنها مرۆڤ خۆی بێ نەك گیانێكی خراپی هەڵەبەر (شەیتان)، كە زۆر جار لە نەزانیییەوە ڕاست و هەڵە تێكەڵ بە یەكتری دەكات. ئاخر زۆر جار سێنسەكانمان بە هەڵەماندا دەبەن. مرۆڤ جاری وا هەیە باوەڕ دەكات شتێك دەبینێ یان دەبیستێ، كەچی لە ڕاستیدا هیچی نەبینیوە و نەبیستووە. بابەتێكی بزێو لە دوورەوە بۆ چاو دیاری ناكرێ، كە داخۆ كرۆكەكەی چی بێ و بەمەش بیناسێتەوە. مرۆڤ لەساتی بێئاگاییدا باوەڕ دەكات شتێك دەبیستێ، بەلآم لە ڕاستیدا تەنها خۆی بیستووە نەك ئەو شتە (بۆ نمونە خێوێك). كەواتە ئەم جۆرە بابەتانە بە هەمان شێوەی سێنسەكانی بینین (چاو) و بیستن (گوێ) شیاوی گومانن. بەلآم لە سەرێكی دیكەوە نەشیاوە گومان لەوە بكرێ كە مرۆڤ دەتوانێ دەرك بە خۆیشی بكات، بۆ نمونە ببینێ چۆن ئەو لەنێو جیهاندایە و كردار دەنوێنێ. بەلآم ئایا ناشێ ئەم خۆدەرككردنە خەون بێ؟ خەونبین لە كاتی ئەزموونی خەونـدا لە باری خۆی زۆر جەختە و كەچی تەنها خەونی بینیوە، واتا سێنسەكانی بەهەڵەیاندا بردووە: خەونبین لەنێو پێخەفەكەیدا نوستووە. ئەی كەواتە چۆن مرۆڤ لەم ساتی خۆدەرككردنەدا بەجەختی بزانێ كە بوونی ئەو لەنێو جیهانـدا خەونبینین نیە؟ سێنسەكانمان تەنها لەكاتی خەوندا بەهەڵەماندا نابەن، بەڵكو لەكاتی بێداریشدا. لەبەر ئەوەی سێنسەكانمان چ لە كاتی بێداری و چ لە كاتی خەونبینیندا بە هەڵەماندا دەبەن و ئەمەش بە واتای شیاوی گومانن، ئەوە دێكارت وای گریمانە دەكات كە ئەستو تەنها لەنێو وێنا (تصور)دا هەیە. ئەم گومانە بێگومان ڕاستەوخۆ مرۆڤیش دەگرێتەوە، كە گومانكەر بۆ نموونە لە دەرەوە دەیان بینێ: "من چی دەبینم (...) جگە لە جل و شەفقە، كە دەشێ ناوەرۆكیان مەكینە بێ" ([16]).

دێكارت لێرەوە دەرەنجام وەردەگرێ : كشان، فۆرم، چۆنیەتی (كڤالێتی)، شوێن و كات، شیاوی گومانن، ئینجا لەسەر بناغەی ئەم گومانە كێشەیەكی دی یەكالآ دەبێتەوە: هەموو ئەو زانستانە كە لەتەك شتە ئاوێتەكاندا خەریكن، بۆ نموونە فیزیك، ئەستێرەناسی، پزیشكی، شیاوی گومانن. بەلآم دێكارت تەنها بە گومانگریی ئەم زانستە ئەمپیریانەوە ناوەستێ، ئێستا پرسیارەكەی ئاراستەی ماتماتیك و خوا دەكاتەوە: "ئێمە گومان لە سەرجەمی ئەو شتانە دەكەین كە هەتا ئێستا باوەڕمان دەكرد جەخت بن، تەنانەت لە بیردۆزو ڕستەكانی ماتماتیكیك (...)، چونكە (هیچ نەبێ) جارێك بینیومانە هەندێك كەس لە كاتی بەكارهێنانیاندا بەهەڵەدا چوون و سەرەتا ئەو هەڵە پاشانزانراوەیان بەڕاست دانا بوو. ئێمە بەتایبەتی بیستومانە خوایەك هەیە، كە ئێمەی دروست كردووە و توانستی هەموو شتێكی هەیە، بەلآم ئێمە ئەوە

---

[15] ) Descartes. Meditationen über die Erste Philosophie. Reclam. Stuttgart, 1971. S. 44
[16] ) Descartes. Meditationen. Reclam. S. 52

نازانین، کە داخۆ خوا نەیویستبێ ئێمە بە شێوەیەك دروست بکات، کە هەمیشە و تەنانەت لە زانینی شتە ڕوون و ئاشکراکانیشدا بەهەڵەدا بچین" ([17]).

بەم شێوەیە دێکارت نە دەتوانێ خۆی لەنێو گوماندا بگێرسێنێتەوە و نە دەتوانێ لەنێو لێشاوی گومانەوە بۆ نێو جیهانی ئەمپیری بگەڕێتەوە. سەرجەمی جەختییە وادیارەکان لەنێو گوماندا هەڵدەوەشێنەوە: جیهانی ئەستویی و ئەمەش بە واتای جەستەی مرۆڤ خۆیشی، هەروەها ماتماتیك و خوا. تاکە شتێکی مسۆگەر، کە ئێستا لە دەستی دێکارتدا مابێتەوە ئەوەیە، کە مرۆڤ "ئازاد"ە. گومان خۆی چاکترین بەڵگەی ئەم ئازادییەی مرۆڤە، کە کوێرانە ،،ئەرێنی،، یان "نەرێنی" ڕاناگەیەنێ، بەڵکو ،،دەتوانێ،، خۆی بەدووی زانیندا بگەڕێ.

دێکارت ئێستا لەنێو گوماندا بڕیار دەدات یەك تاکە جەختی وەربگرێ، کە بریتییە لە مسۆگەریی نەبوونی هیچ شتێکی مسۆگەر. بەڵام لە سەرێکی دیکەوە دێکارت مرۆڤێکە کە گومان دەکات، کەواتە سەرەڕای سەرجەم شتەکانی شیاوی گومان یەك بێگومانی دەمێنێتەوە و بریتییە لە بێگومانیی هەبوونی گومانکەرێك: "ئەوە من بووم نکۆڵیم کرد کە من سێنس و جەستەم هەبێ"؛ جا گەر من خۆم بەهەڵەدا بەرم یان گیانێکی خراپ بەهەڵەمدا بەرێ، "ئەوە خۆ من لایەنی کەم شتێکم" ([18])، واتا دەبێ من هەبم؛ ئاخر بۆ گومانکردن، واتا بۆ هزرین، دەبێ گومانکەر لێرەبوونی هەبێ. بە واتایەکی دیکە: گەر زیندەوەرێك بتوانێ بهزرێ، ئەوە دەبێ لە ساتی هزریندا لێرەبوونی هەبێ. ئێستا زاراوی ئەم جەختیە بۆ دێکارت بریتیە لە "من هەم، من لێرەبوونم هەیە". "بەبێ گومان ئەوەش هەر من خۆمم، کاتێك ئەو (گیانە خراپە– ن ) بەهەڵەمدا دەبات؛ جا با بە هەڵەمدا بەرێ چەند دەخوازێ، سەرەڕای ئەمەش هەرگیز ناتوانێ کاریگەرییەکی ئەتۆی هەبێ کە من نەبم؛ هەتا من بهزرێم، من شتێکم" ([19]).

ئێستا ڕووناکی لە دێکارت هەڵدێ؛ ئیتر هێمن دەبێتەوە. لە کاتێکدا کەسانی ئاسایی لەنێو ترادیسیۆندا نقووم بوون و خەریکی شەڕی بۆچوونن وەك نزمترین پلەی زانیین، ئەوە دێکارت بە پێچەوانەوە دەزانێ کە من هەیە، بە واتایەکی دی ڕاستی هەیە.

بێگومان ڕستەی "من دەهزرێم، من لێرەبوونم هەیە"، یان لە شێوەی ڕستە بەناوبانگەکەی دێکارتدا: ،،من دەهزرێم، کەواتە من هەم،، ڕوونکردنەوەی پتری گەرەکە. ئەم ڕستەیە یان بنەمایە دەرنجامێکی لۆجیکی نیە. دێکارت زۆر بەجەختی باوەڕ دەکات، کە مرۆڤ ،،بە لێڕوانینێکی زۆر سادە،، یان، بە واتایەکی دی، لە ئینتوئیسیۆندا، بە لێرەبوونی منی خۆی دەزانێ، ئینجا دوای ئەوەی دەزانێ، کە مەحاڵە من بتوانێ

---

[17] ) Descartes. Die Prinzipien der Philosophie. Hamburg. S. 2
[18] ) Descartes. Meditationen. Recalm. S. 45
[19] ) Descartes. Meditationen. Recalm. S. 45

بەبێ لێرەبوون بهزرێ، ئیتر ئەوسا ئەو ڕستەیە بەدی دەهێنێ. گەر دێکارت بە پێچەوانەوە ئەو ڕستەیەی وەك دەرنجامێکی لۆجیکی لە سیلۆگیزمەوە (زانستی پێوەرەوە) بەدیبهێنایە، ئەوسا زەرووورەی زانینی سەرڕستە دەهاتە ئاراوە، واتا: ،،هەر شتێك کە بهزرێ، لێرەبوونی هەیە،،. بەلاّم ئەمە برێتیە لە ،،بڕیار،، و بە پێی مێتۆدەکەی دێکارت سەرلەنوێ دەکەوێتەوە ژێر گومان، چونکە لەسەر بناغەی مەرج دامەزراوە. دێکارت مەرجی ناوێ، بەڵکو ئینتوئیسیۆنی سادەی دەوێ، ئەم ئینتوئیسیۆنەش پێش بڕیارە.

ئێمە دەتوانین ئەم جەختیەی لێرەبوونی من-ی هزرڤان ئەوها ڕوون بکەینەوە، کە لە هەموو یەکێك بە ،،زەرووری،، هەڵدێ، گەر هاتوو ئاگامەندانە بهزرێ. بە واتایەکی دی: من لە کاتی هزرینی ئاگامەندندا بوونی خۆمم وەك هزرڤان لە لا زانراوە. من دەتوانم خۆم وەك هزرڤان لەسەر ئەم مسۆگەرییەی من-دەهزرێم وەك یەکەم بنەمام ڕابگرم، ئینجا لێوەی لەتەك جیهانی دەرەوەمدا پەیوەندی بکەم، بۆ نموونە من لە هزرینی ئاگامەندمەوە، یان من خۆم وەك هزرڤانی ئاگامەند، بە ڕوون و ئاشکرایی بەسەر ئۆبژێکتی ئاگاییمدا بڕیار بدەم.

دوای ئەم جەختییە شیمانەی نەمانی گومان چێدەبێ. بەلاّم هزرڤان جارێ نازانێ کە داخۆ لە دەرەوەی ئەو شتی شیاوی زانین هەبێ. ئەو تەنها بە مسۆگەریی لێرەبوونی خۆی گەیشتووە، بەلاّم هێشتا لە هەموو شتێکی دیکە گومان دەکات. کێشەی ئێستای دێکارت برێتیە لە دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی ئەم "من"ـە کە بە زەرووری دەهزرێ.

## 2-3 جەوهەری من

هەتا من ئاگامەندانە بهزرێ، ئەو بەزەرووری هەیە. بەلاّم گەر ئێستا گومانکەر - هێشتا هەر لەنێو هزریندا - بیەوێ بزانێ ئەم منە بە زەرووری هەبووە چیە، ئەوە ناچار دەبێ پێشبینییەك لەسەر خۆی چێبکات و پاشان لەو خۆیەی سەرجەم ئەو لایەنانە دەربکات کە بە ئاسانترین بەڵگە دەکەونە ژێر گومانەوە، هەتا ئیتر لە کۆتاییدا ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە، کە جەختە. بەلاّم لەبەر ئەوەی دێکارت سەرجەم شتە ئەستوییەکانی بە گومانشیاو داناوە - کە ئەمە بێگومان سێنسەکانی خۆی و جەستەشی دەگرێتەوە -، ئەوە لە کاتی ئەو وێنایەدا پرسیارێك لە لای سەبارەت بە دوو جیهانی هاوکات هەبوو سەر هەڵدەدات، واتا سەبارەت بە هۆش و ئەستو.

توانستەکانی جەستە، بۆ نموونە خواردن و بزووتن، ئێستا تەنها لەنێو وێنادا هەن، چونکە مرۆڤ وەك هزرڤانێکی نێو نا-شوێن چیدی جەستەی نەماوە. ئەمە هەستیش دەگرێتەوە، چونکە مرۆڤ بەبێ

سێنس هەست بە هیچ ناكات. كەواتە بۆ دێكارت تەنها هزر وەك نەشیاوی جیابوونەوە لە مـن دەمێنێتـەوە. بۆیە دێكارت بڕیار دەدات: "من شتێكی هزرڤانم" نەك "ئـەو مەكینەیـەی نـاو دەنـرێ لەشـی مـرۆڤ"؛ ئـەم ،،شت،، (ڕێس)ـە برێتیە لە جەوهەر (سوبستانس)، واتـا شـتێكە "كـە گومـان دەكـات، لێـدەڕوانێ، ئـەرێنی و نەرێنی رادەگەیەنێ، دەیەوێ و نایەوێ، پێشبینی وێنەیی و هەستی هەیە" ([20]). بەم پێیـە هزرڤـان لـەنێو ناخیەوە بە هەموو ڕووداوە هۆشەكییەكانی خۆی دەزانێ.

دێكـارت دەبێـژێ ،،شـتێكی هزرڤـان،، نـەك ،،زینـدەوەرێكی ئاقـڵ،،. ئـەم تێگەیـەی دوایـی لـە فەلسـەفەی ترادیسـیۆنیدا بـۆ پێناسـەی مـرۆڤ بـەكاردەهێنرا و سـەرجەم مرۆڤـی دەگرتـەوە. دێكـارت لێـرەدا خـۆی لـە ترادیسیۆنی فەلسەفی دەپچڕێنێ، چونكە ئەم نایەوێ پێناسەی مرۆڤ بكـات، بـەڵكو دەیـەوێ بناغـەی زانـین بڕێژێ و مرۆڤی نوێهزرڤان لەسەر زەمینەكەی ببێ بە سەبژێكتی زانست یـان سـەبژێكتی كـردن (power). جگە لەمە دەربڕینی ،،زیندەوەری ئاقڵ،، سەرلەنوێ دەیخزێنێتەوە بۆ نێو گومان لە ،،زینـدەوەر،، و ،،ئاقـڵ،، و لێرەشەوە بۆ پرسیاری ئاڵۆزتر، كە بە بڕوای ئەو هیچی دیكـە نـابن جگـە لـە كـات بەسـەربردن. دێكـارت هەروەها بۆ دیاریكردنی جەوهـەری مـن تێگـەی ،،دەروونـی تـوخمی،، وەرنـاگرێ، چـونكە ئـەم تێگەیـە وەك هاوشێوەی بابەتە جەستەییەكان دایدەنێ، بەڵام هزرڤانی نێو نـا-شوێن نازانـێ كـە داخـۆ بابـەتی جەسـتەیی هەبێ یان نەبێ. دێكارت تەنها بە پێچەوانەی خەڵكی ئاسایی لەبارەی شتێكی هزرڤان دەزانێ و ئەم زانینەی ئەوها ڕوون دەكاتەوە، كە: مرۆڤ چەند زۆر لـە سـەرجەمی شـتێك دەرك بكـات، ئەوەنـدەش چاكتر لـەبارەی دەزانێ. بە واتایەكی دیكە: كاتێك دێكارت بە هزرینی مێتـۆدی سـەرجەم ناوەرۆكـە هۆشـەكییەكانی ئاشـكرا كردووە و هەروەها بەبێ بەندبوون بە ئەستووە دەتوانێ وێنایان بكات، ئەوە ئاشكرایە ئەم زانینـەی خـۆی لە ئەسـتوو لا جـەختترە. لـەم ڕوانگەیـەوە دێكـارت دەنووسـێ: "لـەو بڕوایـەدام ڕوونمكردبێتـەوە كـە هـۆش بەدەر لە سەرجەم ئەو شتانەی خراونەتە پاڵ جەستە زانراوترە لە جەستەی دابڕاو لە هۆش" ([21]) .

لێرەوە كێشەی هۆش و ئەستو لە لای دێكارت چاكتر ڕووندەبێتەوە: ڕستەی ،،من هزرڤانم،، ئـەو ڕاسـتیە بەدەر ناكات كە گوایە سەبژێكتی هزرڤان خودێكی جەستەیی نەبێ. لەوەدەچێ كێشەی دێكارت بەند بێ بە زانینی من-ی هزرڤانـەوە، واتـا بـەو زانینـەوە كـە بەنـد نیـە بـە شـتێكەوە، كـە ئـەو هێشـتا هیچـی لـەبارەی نەزانیبێ. دێكارت دەبینـێ، ناشـێ هـزرین لـەو جیابكرێتـەوە، چونكە بـەبێ هـزرین نەیـدەزانی داخـۆ ئـەو گومانی هەبێ، هەروەها نەیدەزانی داخۆ ئەو لێرەبوونی هەبێ.

دێكارت ئێستا دەیەوێ لە پێناوی جەختبوون لە شتێك یان كێشەیەك ناوەرۆكەكانی من ی هزرڤان ڕوون بكاتەوە. ئەمەیش لە بنەڕەتدا سەرەنجامێكی زەرووریە، چونكە هزر دەبێ بە ناچاری خۆی بگیرسـێنێتەوە. لەبەرئەوەی دێكارت تەنها بە جەختیی ئـەم تاكـە بنەمایـەی ،،مـن هزرڤـانم،، گەیشـتووە (ئـاخر ئـەو لـەنێو

---

[20] ) Descartes. Meditationen. Reclam. S. 49
[21] ) Descartes. Meditationen. Meiner. Hamburg 1972. S. 118

هزرینی له جیهان دابڕاودا هیچ جەخییەکی دیکەی بە دەستەوە نیە)، ئەوە ئـەو تـەنها دەتـوانێ ڕێگەیـەکی ئـەوتۆ بگرێتـە بـەر، کـە سـەرجەمی ئـەو کێشـانەی بەدوویـدا سـەرهەڵدەدەن، تـەنها لـەم تاکـە ڕاسـتییەوە روونبکاتەوە.

هەر ناوەرۆکێکی هزر یەك ئیدێ (ئیدێیا -idea-) دەگرێتە خۆ، بۆ نموونە کاتێـك هزرڤـان سـەبارەت بـە مرۆڤێك، ئاسمان، فریشتەیەك، خوا، دەهزرێ، واتـا گـەر هـاتوو ئەمانـە لـەنێو بـەئاگابوونی ئـەودا هـەبوون. بـەڵام ئـەم جـۆرە ئیدێیانـە، لـە ڕوانگـەی دێکارت، لـە خۆیانـدا نـە هەڵـەن و نـە ڕاسـتن، چـونکە هـەبوونی ئیدێیەك لەنێو هۆشدا تەنها ئـەو واتایـە دەگەیـەنێ، کـە هزرڤـان تـەنها سـەبارەت بـە شـتێك دەهـزرێ، ئـەم هزرینەش بڕیاری تێدا نیە، کە هەمیشە دەشێ ڕاست یان هەڵە بێ.

بەڵام لەنێو من یان هزردا ناوەرۆکی دیکە هەن و پتر لە ئیدێیـەك دەگرنـە خـۆ: "... گـەر مـن بمـەوێ، لێبترسم، ئەرێنی یان نەرێنی ڕابگەیەنم، ئەوە من هەمیشە شتێك دەکەم بـە ئۆبـژێکتی بـەئاگابوونم، بـەڵام بەئاگابوونم کەمێك پتر لەو ئۆبژێکتە دەگرێتە خۆ. هەنـدێك لـەم ناوەرۆکانـەی هـزرم ناویـان ویسـتداری و هەستگیریە، هەندێکی دیکەیان ناویان بڕیارە" ([22]).

بە بڕوای دێکارت پێویست نیە من لە حاڵەتی ویست و هەستکردندا لـە هەڵـە بترسـم. چـونکە گـەر مـن خراپەم بوێ، گەر من تەنانەت مەحاڵم بوێ، ئەوە هەر من خۆمم کە ئەمانەم دەوێ. گەر مـن خۆزگەیـەکی خراپم هەبێ، ئەوە ئەو خۆزگەیەم لە ڕوانگەی هەبوونیەوە لـەنێو منـدا ڕاسـت دەمێنێتـەوە. ئەمانـە تـەنها ناوەرۆکن لەنێو هزرینی مندا، جا "گەرچی دەشێ لە رووی مۆرالییەوە چاك یان خراپ بن" ([23]).

بەڵام کێشەکە لە حاڵەتی بڕیاردا جیاوازە. بڕیـار هەمیشـە ڕوودەکاتـە شـتەکانی دەرەوەی مـن، بۆیـە بـە بڕوای دێکارت دەبێ ئێمە تەنها لـەم حاڵەتـەدا بـەدووی سەرچاوەی هەڵەدا بگـەڕێین، لێرەشـدا گـەورەترین هەڵـەی مـرۆڤ ئەوەیـە کـە کاتێـك ئـەو دەبێـژێ، واتـا بڕیـار دەدات، گوایـە ئیـدێکانی نێـو هۆشـی یەکسـانی شتەکانی دەرەوەن. بێگومان جارێ دێکارت ئەم کێشەیەی بۆ روون ناکرێتەوە، چونکە هێشتا نازانێ داخۆ لە دەرەوەی ئەو شتی دیکە هەبن یان نەبن. پرسـیاری ئێسـتای دێکـارت برێتیـە لـە سەرچاوەی ئیـدێکانی نێـو هۆشی.

دێکارت لەنێو هۆشیدا جیاوازی لە نێـوان سـێ جـۆر ئیدێـدا دەکـات: هـۆش خـاوەنی ئیـدێی لـەنێو خـۆدا رسـکاوە، هـەروەها ئیـدێی لـە دەرەوە هـاتوو و ئیـدێی دیکـەی ئـەوتۆش کـە خـۆی دروسـتی کـردوون (دۆزیونیەتییەوە). بەڵام هزرڤان جارێ نازانێ ئەم ئیدێیانـەی لـە کوێـوە هاتوونەتـە گـۆڕێ: "...دەشـێ لـە

---

[22] ) Descartes. Meditationen. Meiner. S. 29
[23] ) Williams, Bernard. Descartes. Das Vorhaben der reinen philosophischen Untersuchung. Frankfurt/Main. 1988 S. 103

ناخی مندا توانستێکی دیکە هەبێ کە ئەم ئیدێیانەم دەهێنێتە گۆڕێ، بەڵام من هێشتا پێم نەزانیبێ"؛ جگە لەمە گەر یەکێك وای دابنێ کە "ئیدێکان لە بابەتەکانی دەرەوە هاتوون، ئەوە سەرەڕای ئەمەش ناتوانین ببێژین ئیدێکان یەکسانی ئەو شتانەن" ([24]). یەکەم ئەم گریمانە بە چاکی لەژێر تاقیکردنەوەی جەختیدا هەڵدەوەشێتەوە، دووەم لەبەر ئەوەی دێکارت بەدووی سەرجەم گوماندا تەنها لێرەبوونی من ی هزرڤانی لە لا جەختە، ئەوە ئەم کێشەیەی تەنها لەنێو هزرینی خۆیدا پێ ڕوون دەکرێتەوە.

دێکارت ئەمە بە نموونەی دوو ئیدێی جیاوازی ،،خۆر،، ڕوون دەکاتەوە: یەکێك لەو دوو ئیدێیەی خۆر ڕەگی لەنێو سێنسەکانماندا هەیە، پوختتر ببێژین، ڕەگی لەنێو سێنسی بینیندا هەیە، بۆ نموونە کاتێك من لە خۆر دەڕوانم. خۆر بەپێی ئەم ئیدێ سێنسیە زۆر بچووکە. بەڵام مرۆڤ ئیدێی دووەم لە یاساکانی ئەستێرەناسیەوە دەباتەوە، ئەمەش لەلای دێکارت بەواتای لە تێگەی هەبووی ناخیەوە. خۆر بەپێی ئەم ئیدێیە چەندجای زەمینە. کەواتە ئاشکرایە ناشێ ئەم دوو ئیدێیەی خۆر یەکسان بە خۆر بن، لێرەشدا ئەو ئیدێیەیان کەمترین لێکچوونی لەتەك خۆردا هەیە، کە ڕاستەوخۆ لە سێنسی بینینەوە چێکراوە. سەرچاوەی ئەم ئیدێیە بە بڕوای دێکارت دەگەڕێتەوە بۆ ڕەمەکی کوێری مرۆڤ، کە زۆر جار بەهەڵەیدا دەبات. بەڵام مرۆڤ لە تیشکی سروشتییەوە، واتا لە ئەقڵەوە، بە ئیدێی دووەم دەگات، بۆ نموونە کاتێك هەوڵ دەدات بە یاریدەی ڕستە و بیردۆزە ماتماتیکیەکان بە پێناسەی نزیکی خۆر بگات.

ئیدێکانی نێو من ی هزرڤان - وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان - جیاوازن. دێکارت تەنها ئەو ئیدێیانە بە رسکاوی نێو خودی هۆش دادەنێ، کە پێویستیان بە ڕاگەیاندنی ،،ئەرێنی،، و ،،نەرێنی،، نیە. ئەم ئیدێیانە تەنها دوای گەیشتن بە لێڕوانینی ڕوون و ئاشکرای ،،من دەهزرێم،، دێنە ئاراوە، واتا ئەم ئیدێیانە بە زەرووری لەنێو سروشتی هزرین خۆیەوە سەرهەڵدەدەن. ئەم ئیدێیانە تایبەت نین بە مرۆڤ وەك مرۆڤ. هەموو مرۆڤێك خاوەنی ئەم ئیدێیانە نیە، بەڵکو دوای ئەوەی سەبژێکتی هزرڤان بەخۆی وەك من-هزرڤانێك دەزانێ، یان بە لێرەبوونی من ی هزرڤان دەزانێ، ئیتر ئیدێکانی لە لای سەرهەڵدەدەن.

ئیدێکانی دیکە جیاوازن. ،،ئیدێ لە دەرەوە هاتووەکان،، بریتین لە دەرککردنەکان، بۆ نموونە دەرککردنی ڕووداوی بینین، واتا ئەم جۆرە ئیدێیانە بەندن بە بابەتەکانی نێو شوێنەوە. بەڵام ،،ئیدێ خۆ دروستکردووەکان،، بریتین لە ئیدێی دۆزراوە لەلایەن هۆش خۆیەوە، بۆ نموونە کاتێك هۆش وێنای جنۆکە دەکات. کەواتە ئیدێکان لە ناوەرۆکەوە لە یەکتری جیاوازن، چونکە بابەتی جودا دیاری دەکەن. دێکارت لەنێو ئەم ئیدێیانەدا تەنها متمانەی بەو ئیدێیانە هەیە کە لەتەك سیمای ڕاستیدا، واتا "ڕوون و ئاشکراییدا"، دەگونجێن. زانین دەبێ ڕوون و ئاشکرا بێ. بۆ نموونە ئەو ئیدێیەی خۆر کە مرۆڤ لە بەڵگەکانی ماتماتیکەوە پێی دەگات، ڕوون و ئاشکراترە لەو ئیدێیەی خۆر کە ئەو بەڕێی سێنسی بینینەوە

---

[24] ) Descartes. Meditationen. Reclam. S. 60

پێی گەیشتووە. ئێستا لێرەدا شیمانەی گەڕانەوەی دێکارت بۆ نێو جیهانی ئەستویی چێدەبێ، ئەویش کاتێك هانا بۆ ئیدێی خوا دەبات و هەوڵ دەدات بە بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی هەبوونی خوا بسەلمێنێ.

وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئیدێکانی نێو هۆش بابەتی جودا دیاری دەکەن. هەندێك لە ئیدێکان بریتین لە ئیدێی جەوهەر (سوبستانس)، بەلام هەندێکی دیکەیان بریتین لە ئیدێی مۆرك (ئەکسیدێنس)ـی جەوهەر. ئیدێکانی جەوهەر لەوانەی مۆرکی جەوهەر مەزنترن: "بە بێگومان ئەو ئیدێیانە کە جەوهەرەکانم بۆ دیاری دەکەن (...) شتێك مەزنترن. ئەم ئیدێیانە (...)، لەچاو ئەو ئیدێیانەدا کە تەنها مۆرکەکان (...) دیاری دەکەن، لە پلەیەکی بەرزتری بووندا بەشداری دەکەن. هەروەها گەر من بە هۆشم وێنای بەرزترین خوا بکەم، کە ئەزەلی و ناکۆتا و قادیرە و هەروەها خولقێنەری سەرجەم شتەکانی دەرەوەی خۆیەتی، ئەوە ئەم ئیدێیە لە پلەیەکی بەرزتری بووندا بەشداری دەکات وەك لەو ئیدێیانەم کە تەنها جەوهەرە کۆتادارەکان دیاری دەکەن" ([25]).

بەلام ئایا ئەم ئیدێیەی من لەسەر خوایەکی قادیری ناکۆتا لە کوێوە چێبووە؟ گەر من کۆتادار بێ، ئەوە چۆن دەشێ خاوەنی ئیدێی ناکۆتا بێ؟ دێکارت هەوڵ دەدات لەسەر پرنسیپی کاوسالێتی (هۆئەنجامی) وەلامی ئەم پرسیارە بداتەوە: لە هۆی هەر ئەنجامێکدا دەبێ ئەوەندە ریالێتی هەبێ کە لەنێو ئەنجامدا هەیە. چونکە گەر ئەنجام لە هۆوە چێببێ، ئەوە ناشێ ئەنجام خاوەنی ریالێتییەك بێ کە هۆ بە هەمان شێوە نەیبێ. دێکارت بە یارمەتی ئەم تێزە کێشەی خولقاندن لە هیچەوە، لە نەبوونەوە (العدم) کە لە ئایینە ئاسمانییەکاندا نوێنەرایەتی دەکرێ، تووڕ دەدات. نە دەشێ شتێك لە هیچەوە چێببێ، نە دەشێ کامیلترێك لە کامیلێکی کەمترەوە بێتە ئاراوە. ([26])

کەواتە گەر ڕیالێتیی ئۆبژێکتیڤی وێناکان (واتا بەشداری ئیدێیەك لە پلەیەکی بەرزتری بووندا) هێندە گەورە بێ، کە نە لە هەمان پلەی ریالێتی (واتا فۆرمال) و نە لە پلەیەکی بەرزتری ریالێتیدا لەنێو مندا شیاوی هەبوون بێ، ئەوە ناشێ کە من هۆکاری ئەم ئیدێیە بێ. لێرەوە بە زەروورە دەرەنجامێك دەکەوێتەوە: دەبێ لە دەرەوەی من شتێکی دیکە لێرەبوونی هەبێ و هۆی چێبوونی ئەو ئیدێیەی نێو من بێ، دەبێ ئەو شتە ئەو ئیدێیەی بە من دابێ. دێکارت ئەم جەوهەرە لەخۆداهەبووە، دانا و قادیرە، ناو دەنێ ،،خوا،،. بەلام ئەم خوایە بریتی نییە لە خوای نوێژ و لێپاڕانەوە. خواکەی دێکارت ئیدێیەکی زەروورییە بۆ گەیشتن بە جەختی.

دێکارت هەروەها لە نووسینی ،،پرنسیپەکانی فەلسەفە،،دا سەرلەنوێ ڕوودەکاتەوە ئەم کێشەیە و

[25] ) Descartes. Meditationen. Reclam. S. 61

[26] ) جگە لەمە دەبێ لێرەدا سەبارەت بە ئیدێکان لایەنێك دابین بکرێ: ئەم ئیدێیانەی من ی هزرڤان تەنها وێنای من ی هزرڤانن و لەپشتی کامیلێتی شتە وێناکراوەکانەوە دەمێننەوە، واتا ئەو شتە کامیلانەی کە لێوەیان وێناکان داڕێژراون.

لەبارەی دەنووسیٚ:

"بەئاگابوون بە لێرەبوونی خوا تەنها وەك بوونێكی شیاو و بەرێكەوت نازانیٚ، وەك چۆن ئەمە لە حاڵەتی ئیدێی شتەكانی دیكەدا بەدیدەكریٚ، ئەویش كاتێك بەئاگابوون لەو شتانە تاك تاك تێدەگات، بەڵكو بەو بوونەی خوا زۆر بەچاكی وەك زەرووری و ئەزەلی دەزانیٚ. بۆ نموونە: چۆن هۆش لە كاتی ئیدێگەریی سێگۆشەیەكدا بەوەدا بەزەرووری بەو سێگۆشەیە دەزانیٚ، كە سیٚ گۆشەی هەیە و سەرجەمیان یەكسانە بە دوو گۆشەی وەستاو، ئیتر پاشان لێرەوە بێگومان دەبیٚ كە ئەو سێگۆشەیە سیٚ گۆشەی یەكسان بە دوو گۆشەی وەستاوی هەیە، ئەوە هۆش لەسەر هەمان شێوە، دوای ئەوەی (دەبینیٚ) كە دەبیٚ لەنێو ئیدێی باڵاترین خوای كامیلدا بە زەرووره بوونە ئەزەلیەكەشی هەبیٚ، ئیتر لێرەوە دەرئەنجامێنیٚ: ئەو جەوهەرە باڵاترین و كامیلە لێرەبوونی هەیە" ([27]).

جارێكی دی دووپاتی دەكەینەوە: پرسیاری ئەم جەوهەرەی دەرەوەی من تەنها لەنێو سروشتی هزرینی من خۆیدا دێتە ئاراوە. بە واتایەكی دی، گەر هزرین نەگات بە وێنای ئەم جەوهەرە، ئەوە وەرگرتنی گەرەك نیە. بەئاگابوون دەبیٚ بیهەنگاوتیٚ، واتا لێی تێبگات. ئێستا لێرەدا شیمانەی گەڕانەوەی هزرڤان بۆ نێو جیهان چێدەبیٚ.

لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ ئەوە دا، كە دێكارت سەرەڕای جەختبوونی لە ئەكزیستێنسی من ی هزرڤان هێشتا گومانی مابوو، ئەوەشمان ڕوون كردەوە، كە ئەو سەرەڕای بەئاگابوون لە ئیدیٚ لە ناخدا رسكاوەكان هێشتا هەر ناجەخت بوو، چونكە هزرینی لەنێو خۆدا داخراوی نێو نا-شوێن نازانیٚ كە داخۆ ئەو لە سروشتیەوە ئەوها دروست نەبووبیٚ، كە ئیتر تەنانەت ڕوون و ئاشكراترین ئیدێكانی هەڵە بن. بەڵام ئێستا دێكارت دوای جەختبوونی لە لێرەبوونی خوا دەزانیٚ كە خوای چاك و كامیل بە هەڵەیدا نابات، ئەمەیش بۆیە نەشیاوە، "چونكە لەنێو سەرجەم بەهەڵەچووندا (...) برێك لە ناكامیلی هەیە" ([28]). ئەمە سیمای مرۆڤی ناكامیلە نەك هینی خوای كامیل. لەبەر ئەوەی خوای كامیل دێكارت لە كاتی زانینی ڕوون و ئاشكرای شتەكاندا بەهەڵەدا نابات، ئەوە دەبیٚ ئەو شتە بەڕوون و ئاشكرایی زانراوانە خۆیشیان روون و ئاشكرابن. "بەم شێوەیە ئەو گومانەش یەكالابۆوە، كاتێك ئێمە نەماندەزانی داخۆ ئێمە خاوەنی سروشتێك نەبین كە تەنانەت لە زانین ی دیارددانی ڕوونی شتەكاندا بە هەڵەدا بچین" ([29]).

دێكارت دوای جەختبوونی لە لێرەبوونی خوا نەك تەنها جەختیی لێرەبوونی خۆی لە لا مسۆگەر دەبیٚ، بەڵكو هەروەها جەختیی توانستی زانین (ڕاستی). ئەو شتانە كە ئەو بە ڕوون و ئاشكرایی لێیان بەئاگا دیٚ،

---

[27] ) Descartes. Prinzipien. S. 5
[28] ) Descartes. Meditationen. Meiner. S. 44
[29] ) Descartes. Prinzipien. S. 11

دەبێ خۆیشیان ڕوون و ئاشکرا بن. ئەمە برێتیە لە تاکە سیمای زانین. بەڵام دێکارت جارێ، یەکسەر، ناگەڕێتەوە بۆ نێو جیهان، بەڵکو دوای وەرگرتنی گەرەنتی زانین لە لایەن خوای دانا و قادیرەوە، جارێکی دیکە ڕوو دەکاتەوە چالاکیەکانی هۆش، تاکو لە نێویاندا سەرچاوەی هەڵە دیاری بکات.

دێکارت چالاکیەکانی هۆش بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکات، کە برێتین لە چالاکیەکانی دەرککردن و وێناکانی زەین. ئەم جۆرە چالاکیانەی هۆش بە بڕوای دێکارت مەحاڵە هەڵە بن، گەر هزرڤان خۆی لە بڕیاردان بپارێزێ، واتا گەر کوێرانە نەبێژێ ئەمە ئەوهایە و ئەوە ئەوها نیە. گرفتی بڕیاردان لەوەدایە کە بۆ بڕیار چ زەین و چ ویست پێویستن، ئەم تێکچڕژینەش پڕکۆسپە، چونکە کاتێك زەینی پەتی بە شتێك دەزانێ، ئەوە لە لایەکی دیکەوە بەبێ بەشداریی ویست ،،ئەرێنی،، و ،،نەرێنی،،ی ئەو شتە ناشێ. ئەمەیش زانینی شتەکان ئاڵۆز دەکات، چونکە زەین سنووری هەیە و تەنها لەنێو ئەو سنوورەیدا توانستی زانینی هەیە، بەڵام ویست بە پێچەوانەوە هەتا بێدوایەکی بڕدەکات، ئەمەش تێپەڕبوونێتی بەسەر زانینی ڕوون و ئاشکرای شتەکاندا. ویست دەتوانێ زۆر شت وەربگرێ یان بگەڕێنێتەوە، کە تەنها بە لێڵی زانیونی.

سەرچاوەی هەڵە تەنها دەگەڕێتەوە بۆ بڕیار. بەڵام مەرج نیە بڕیار هەمیشە کوێرانە بێ. گەر بڕیار ڕووی کردە تێگە تاکەکان، واتا بڕیاری زانینی ڕوون و ئاشکرای تاکە فۆرمەکان بوو، ئەوە پێویستە ئەو بڕیارە بدرێ و لێرەشدا بڕیاردەر لە مەترسیی هەڵە بەدەرە، چونکە خوا گەرەنتیدەری زانینی ڕاستە. بەڵام گەر بناغەی بڕیاردان تێگە نەبوو، ئەوسا بڕیاردەر دەتوانێ خۆی لێ بەدوور بگرێ.

خوا بەبێ گومان هەڵەبەر نییە، چونکە خوایەکی گشتزان و قادیر و چاکە؛ هەروەها بەبێ شیمانەی گومان گیانی خراپی هەڵەبەر و فریودەر (شەیتان) لێرەبوونی نییە، واتا ئەو گیانە هەڵەبەرەی کە بە سەرچاوەی هەڵە و خراپەکانمان دادەنرا، بەڵکو تەنها مرۆڤ خۆی سەرچاوەی هەڵەکانێتی (یان خراپەکانێتی). کەواتە خۆلادان لە هەڵە (و خراپە) بە دەستی خۆیەتی، واتا بزانێ کە زەینی سنووردارە و مەیلی هەڵەی تێدا نیە، بەڵام ویستێکی بێدوایەکیی هەیە و دەیخزێنێتە نێو هەڵەوە. گەر مرۆڤ ڕێژەی ئەم دوو توانستەی بە ڕاستی لەتەك یەکتریدا بگونجێنێ، ئەوسا بەڕاستی بەکاریان دەهێنێ ([30]).

## 3-3 شیمانەی زانینی من

دێکارت بەدووی دیاریکردنی ناوەرۆکەکانی هزردا ڕوو دەکاتەوە جیهانی ئەستوویی (ماتەری)، بەڵام ئێستاش سەر لەنوێ لێرەبوونی کامیلی خوا وەك گەرەنتی وەردەگرێ. خوا گەرەنتیدەری زانینی ڕوون و ئاشکرای بابەت و کێشەکانە و دەتوانین وەك هزرڤان بەبێ ترس لە هەڵە بڕیار بەسەریاندا بدەین.

---

[30] ) Williams, Berrnard, a.a.O., S. 132

جـەختبوون لـە لێرەبـوونی شـتە ئەسـتوییەکان بەنـدە بـە دەرککردنـە ڕوون و ئاشـکراکانەوە. بـەڵام سـەرهەڵدانی ئـەم دەرککردنانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ کاریگـەیی شـتەکان لەسـەر سێنسـەکانی مـرۆڤ. شـتەکان سێنسەکانی مرۆڤ دەبزوێنن، جا مـرۆڤ بییـەوێ یـان نەیـەوێ. بـەڵام سێنسـەکان تـەنها دەرکـی ئەسـتویەکی سێئاڕاستەیی دەکەن، هەر ئەستویەکیش کەرتی جیاواز لە خۆیـدا پێکدەهێنێ و هـەر کەرتـەیان لـە خۆیـدا سێئاڕاستەییە، هەروەها هەر یەکەیان فۆرم و شێوازی تایبەتیی بزووتنی هەیـە. سـیمایەکی دیکـەی ئەسـتو ئەوەیە، کە لە خوا و هۆشی مرۆڤ جیاوازە، چونکە ئەستو بە پێچەوانەی ئەوانەوە کشاوە.

دێکارت هۆش و ئەستو وەك جەوهەر دادەنێ، واتا بە "شت"ێك (ڕێس)، کە تەنها بەڕێی خۆیـەوە هەیـە و بۆ لێرەبوونی خۆی لێرەبوونی شتێکی دیکەی گەرەك نییە. جەوهەری هۆش بـەهۆی هزرینـەوە نـەگۆڕە، جەوهەری ئەستو بەهۆی کشانەوە نەگۆڕە؛ بگـۆڕ لێـرەدا تـەنها شـێوازی هـزرین و دۆخـی نێوخـۆی کشانە. دێکارت بۆ دۆخە بگۆڕەکانی ئەم دوو جەوهەرە وشەی ،،مـۆدوس،، (جـۆری بـوون) بـەکار دەهێنـێ. مـۆدوس ناشێ بەبێ جەوهەرەکەی لێرەبوونی هەبێ، بەڵام لێرەبوونی لە لایەن جەوهەرەوە دابین ناکرێ.

کێشەی جەوهەر و مۆدوس دەشـێ بـەم چەشـنە ڕوونبکرێتـەوە: "جەسـتەیەك کشاوە، خـاوەنی فـۆرم و بزووتنە. جەستەکە جەوهەرە، کشانی ئەتریبوتە (مۆرکە) و فۆرمەکەی برێتیە لە مۆدوس. هـۆش شـتێکی هزرڤانە، توانستی یادوەری و ویستی هەیە. هۆش جەوهەرە، هزرین مۆرکـە، یـادوەری و ویسـت بـرێتین لـە مۆدوس" ([31]). بەڵام ئەم دوو جەوهەرەی هۆش و ئەستو لە لێرەبوونیاندا بە هـیچ شـێوەیەك پێویسـتیان بە یەکتری نیە، بە پێچەوانەوە، لە نێوانیاندا کەلێنێکی ڕەها (ئەبسولوت) هەیە، ئەمەش بـە شـێوەیەك کـە ئەسـتو هـەرگیز نـاهزرێ یـان ڕاسـتەوخۆ کـار ناکاتـە سـەر هـۆش، هـەروەها هـۆش هـەرگیز نەکشاوە یـان ڕاستەوخۆ کار ناکاتە سەر ئەستو. لـە نێـوانی "شـتی هزرڤـان" (ڕێـس کۆگیتـانس) و "شـتی کشـاو" (ڕێـس ئێکستێنزا)دا هیچ پەیوەندییەك نیە.

بەڵام ئایا کشان لە ڕوانگەی دێکارت چیە؟ کشـان بـۆ دێکـارت نـە فـۆرمێکی تایبـەتی و نـە قەوارەیـەکی تایبەتییە، بەڵکو تەنها ،،کشانە وەك کشان،، و بەڕەهایی لە سیماکانی ئەسـتو جودایـە. تێگـەی کشـان لـە لای دێکارت هەمان واتای تێگەی ،،شوێن،،ی هەیە، واتـا ئـەو شـوێنە کـە بـە سـێ ئاڕاسـتەدا کشـاوە. ئـەم کشانەی ئەستو ناکۆتایە، بەڵام هیچ بۆشاییەك لەنێو ئەم کشانەدا نیە، بەڵکو لەنێویدا کەرتە گەردیلە بە شێوەیەکی ناکۆتا پەرش بوونەتەوە و تەنها لـە فـۆرم و بزووتنـدا لـە یـەکتری جیـاوازن. دێکـارت تێڕوانینـی هـەبوونی چەند ئاسمانێك یان چەند تەبەقەیەکی ئاسمان پووچەڵ دەکاتەوە، بە بڕوای ئەو تەنها ئەم تاکە گەردوونـە

---

[31] ) Marshall Jr, David J. Prinzipien der Descartes-Exegese. S. 26 München 1979

ناکۆتایە هەیە، چونکە گەر کرۆکی ئەستو برێتی بێ لە جەوهەرێکی کشاو، ئەوا دەبێ سەرجەمی شوێنە شیاوەکان بەبێ کلێن پڕبکاتەوە.

جیهانبینیی دێکارت برێتیە لە جیهانبینییەکی میکانیکی. ژیانی نێو ئەم گەردوونە برێتیە لە بوونێکی پێکهاتوو لە پەستان و لێدان، چونکە لەنێو گەردووندا هیچی دیکە جگە لە ئەستووە پەرش و جیاوازەکان نییە. هاوکات جەستەی مرۆڤ و سێنسەکانیشی سەر بەم جیهانەن. دێکارت ژیانی ئۆرگانی لەسەر بناغەی توانستی میکانیکیانەی پەستان و لێدان دادەمەزرێنێ. ئۆرگانیزمەکان برێتین لە ئۆتۆمات یان لە مەکینە، بەلام بەبێ ئەوەی هیچ جیاوازییەکیان لە سەئاتێك هەبێ کە بزووتنی بەهۆی ڕێکخراوی بەکرە و دانەکانییەوە دێتە گۆڕێ. مرۆڤ برێتییە لە مەکینە، دڵ پەمپێکە کە بۆ لەش خوێن دەنێرێ و ژیان دەشێنێ.

بەلام زەینی مرۆڤ لەم جیهانە، واتا لە خودی مرۆڤ خۆیشی، دوور دەمێنێتەوە. ئەوەی شتی هزرڤان (ڕێس کۆگیتانس) دەیزانێ، برێتیە لە زانینی تاکانەی شتە تاکەکان، بەبێ ئەوەی بەئاگابوون هەرگیز کرۆکەکەیان بگرێ. چونکە جەوهەری ئەستو برێتیە لە کشان، کە تەنها کاتێك دەبێ بە بابەت بۆ بەئاگابوون، گەر زەین لێیبهزرێ. سەرەڕای ئەمە سێنسەکان نێوبرییەك لە نێوان بەئاگابوونی من و جیهانی ئەستویدا چێدەکەن، چونکە، وەك لە سەرەوە پێشانمان دا، سێنسەکان خۆیشیان سەر بەم جیهانەن. سێنسەکان دەرکی جیهانێکی دیاردەیی دەکەن و پاشان وێنەکانیان دەبن بە ،،زانینی ناڕوون و نائاشکرا،،. ئەوە ئەرکی زەینە کە کار لەم زانینە ناڕوون و نائاشکرایەدا بکات، تاکو بیکات بە ،،زانینی ڕوون و ئاشکرا،،. بەلام شایانی سەرنجە، کە دێکارت ئەو وێنانە وەك پەرچاندنی شتە ئەستوییەکان نابینێ، وەك چۆن ئەمە بۆ نموونە لە ماتەریالیزمدا نوێنەرایەتی دەکرێ. کەواتە ئێمە لە روانگەی دێکارتەوە هەرگیز لەبارەی شتەکان-لە-خۆدا نازانین، بەڵکو دەرککردنەکانمان تەنها لایەنێکی شتەکانمان پێ ڕادەگەیەنن. سێنسەکان بابەتی تەواو جودا لە سروشتی گەردیلەیی شتەکان دەخەنە بەردەم بەئاگابوون، بۆ نموونە ئاوی شین. بەلام ئاو "لە-خۆدا" چیە، ئەوە هزرڤان دەبێ لەبارەی بهزرێ.

بەم شێوەیە ڕووندەبێتەوە کە زانینی سێنسی بۆ دێکارت هیچی دیکە نیە جگە لە زانینی نێو هزری نەشیاوی جیابوونەوە لە من، واتا ئەو هزرەی کە نەشیاوە لە ئۆبژێکتی دەرەکیەوە چێببێ. بۆ نمونە: پارچەیەك مۆم، کە لە لایەن من دەرك دەکرێ، هەموو ئەدگارێکی تایبەت بە ئەستوی هەیە، بۆ نموونە فۆرم، قەوارە، بۆن و هتد. بەلام ئەو مۆمە دەرککراوە بە گۆڕینی فۆرم و ڕەنگ و تامەکەی بزر نابێ، بەڵکو لەنێو هزردا دەمێنێتەوە. واتا ئەو پارچە مۆمە توانستێکی لە ژمارە نەهاتووی گۆڕانی هەیە، لەوانە گۆڕانی لە فۆرمی لوولەکییەوە بۆ فۆرمی چوارگۆشەیی، ئەم گۆڕانەش لەنێو مۆمەکەدا ڕوودەدات نەك لە نێو هزری مندا. بەلام من بە بڕوای دێکارت تەنانەت بە شێوەیەکی وێنەیی ناتوانێ پێشبینی ئەوە بکات، کە

ئەو "مۆمە-لە-خۆدا" چیە، بەڵکو تەنها دەتوانێ بەڕێی زەینەوە تێیبگات. زەین دەتوانێ ئەو مۆمە گۆڕاوە هێشتا لەنێو فۆرمە سەرەتاییەکەیدا سەیر بکات. ئەمە بۆ دێکارت بەڵگەیەکی دیکەیە سەبارەت بەوە کە من چاکتر لە شتەکانی دی خۆی دەناسێ.

## سەرنجی ڕخنەیی

لە کاتێکدا گەلانی ئەوروپا لە سەردەمی جەنگی سیسالەدا، کە هاوکات سەردەمی کامڵبوونی دێکارتە، بەزۆریی خەریکی شەڕ و دەمەقاڵەی بۆچوونن و تەنانەت جەنگی ئایینییان لە دژی یەکتری بەرپا کردووە، ئەوە دێکارت بە پێچەوانەوە تاکە کەسێکە کە لەنێو جیهانی هزرەوە دێتە مەیدانەوە و دەبێژێ "من دەهزرێم، کەواتە من هەم"، واتا ڕستەیەکی ئەوتۆ دەردەبڕێ کە دەشێ لەتەك ئێرنست بلۆخ ناوی بنێین "ڕستەی سەردەم ڕاچڵەکێنەر". دێکارت دەبێ بە نوێنەری فەلسەفەیەکی ئەقڵگەرایی نوێ کە تەنها بە شێوەیەکی سەبژێکتیڤی (بکەری)، بە هەڵچنینی سەبژێکتیڤییانە لەسەر پنتگەی بەڵگەنەویستی من ی هزرڤان، شیاوی بنیاتنانە.

بەڵام دێکارت لە گۆڕاندان بە فەلسەفە ئەقڵگەراکەیدا بە جیهانەوە پابەند نەمایەوە، بۆ نموونە وەك تۆماس هۆبس ی هاوچەرخ و دۆستی، کە هزری گەڕانەوە بۆ کاریگەریی ئەستو و لێرەشەوە بوو بە نوێنەری ماتەریالیزمێکی مۆنیستی (تیۆریی یەکتەوەرەگەرایی)، بە پێچەوانەوە دێکارت لە پنتگەی کۆگیتۆوە (من-هزرڤانم)، وەك بوونی مسۆگەری سەبژێکت، بە جیاوازیی بنەمایی لە نێوان دوو جیهانی لە یەك سەربەخۆدا دەگات، کە برێتین لە شتی هزرڤان و شتی کشاو، بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکترییەوە هەبێ یان کاریگەری لەسەر یەك بنوێنن. دێکارت بۆ مەبەستی دابینکردنی تیۆریی زانین، هۆش و ئەستو وەك جەوهەر دیاری دەکات، کە وەك جەوهەر بۆ لێرەبوونی خۆیان پێویستیان بە لێرەبوونی هیچ شتێکی دیکە نییە، بەڵام بەم ڕێیەوە تەنها دەرفەتی ئەوەی بۆ دەرەخسێ کە فۆرمی ئەو شتانە بگرێ کە سێنسەکان وەك زانینی روون و ئاشکرا خستوویانەتە بەردەم بەئاگابوون. بەڵام لێرەدا کاراییەکی نوێ بە فەلسەفە دەدرێ: فەلسەفە دەبێ بە زانستێك، کە پێویستە سەرەتا بە شێوەیەکی مێتۆدی بەدیبهێنرێ و ئینجا مرۆڤی ویستداری زانین بچێتە نێوییەوە، تاکو بە یارمەتی ی ئەم مێتۆدە بوونی خۆی وەك سەبژێکتی هزرڤان مسۆگەر بکات و لێرەشەوە دەست بداتە "کردن" یان "دروست-کردن"، ئەمەش برێتییە لە نواندنی دەسەڵات بەسەر جیهان یان سروشتدا، چونکە سەبژێکت وەك ئۆبژێکت دایدەنێ تاکو شتێکی لێ دروست بکات. بەڵام کێشە کرۆکییەکەی سەبژێکتی هزرڤان ئەوەیە، کە گەرچی ئەو بە جەختیی من-دەهزرێم دەگات، هەروەها گەرچی ئەو لە سەرەنجامدا لەنێو خۆیدا ئاسایش دەدۆزێتەوە (بۆ نموونە بەهێزی زەین بڕیارە چەوتەکانی ڕادەگرێ، هەرگیز بۆچوون وەك نزمترین پلەی زانین چێناکات) و

لێرەشەوە دەتوانێ دەست بداتە توێژینەوەی بکەریانە، بەڵام هاوکات بە چەسپیوی لەسەر پنتی "من-دەهزرێم" دەکەوێتە بەردەم کێشەی گەڕانەوە بۆ نێو جیهان. کێشەکە دەشێ بەم چەشنە ڕوونبکرێتەوە: سەبژێکتی هزرڤان مێتۆدییانە جیهان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و خۆی دەخاتە سەر ڕێگەی گومانی مێتۆدی، تاکو بە زانینی ئێڤیدێنت بگات و پاشان بتوانێ زانست بینا بکات، لەم ڕەوتەشدا من هێدی هێدی خۆی بە لێهزرینی مێتۆدی لە جیهان دەپچڕێنێ، ئینجا لێرەدا سێنسەکانی خۆی و سەرجەم تۆمارە دێرینە سەرەتاییەکانی نێو هۆشی بە سەرجەم زانستەکان و دیاریکردنی ئایینییانەی خوای خولقێنەرەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لێرەشدا، بە پۆلێنی حاڵەتە سێنسییەکانی، خودی ئەم حاڵەتانەی شرۆڤە دەکات، هەتا بە بوونێکی چەسپ دەگات: واتا بە منی هزرڤان. بەڵام بە دابینکردنی منی هزرڤان و جەختیی لێرەبوونی خوای چاك، پاشان سەرلەنوێ پۆلێنی حاڵەتەکانی هۆش و ئاگادارییی لە ناکۆتایەتیی ویست و کۆتادارییی زەینی پەتی، هەروەها تاکە شیمانەی هەڵەکردن بەڕێی بڕیارەوە، هێشتا هەر دەرفەتی نابێ لە ڕووکردنەوەیدا لە جیهان بۆ نێو جیهان بگەڕێتەوە: ئەوەی ئێستا من ی هزرڤانی ئاگامەند لەنێو خۆیەوە وەك فۆرمی هەر شتێك یان هەر حاڵەتێك دیاریی دەکات، تەنها ئەو منە خۆیەتی، واتا سەبژێکتی هزرڤان بە داخراوی لەنێو خۆیدا دەمێنێتەوە، ئەمەش برێتییە لە سۆلیپسیزمی (خۆداخراویی) فەلسەفەکەی دێکارت. داخراویی سەبژێکتی هزرڤان لەنێو خۆیدا ئەو سەرەنجامەی لێدەکەوێتەوە، کە ئەو تووشی نامۆبوون دەبێ لەو "ناوەرۆکە ماتەریالانەی نێو هۆشی کە بە جادوویەك هەروا سووك و ئاسان شیاوی سڕینەوە نین" (ئادۆرنۆ)، بەڵێ تەنانەت هێنانیان بۆ ژێر پرسیاری مێتۆدی هیچ واتایەکی دیکەی نابێ جگە لەوە کە مرۆڤی سەر ڕێگەی بە-سەبژێکت-بوون پشت لە سروشتێتیی خۆی بکات.

بێگومان دێکارت لە پسیکۆلۆژیەکەیدا داواکارییەکی مۆراڵی بۆ چاکەکاری و خۆشەویستی بەرز دەکاتەوە، بەڵام هاوکات ئەوەیش دەدرکێنێ، کە سێنسەکان بە هۆی پەیوەندییانەوە لەتەك بابەتەکانی جیهاندا دووچاری ژان دەبن. بۆیە ئەوە ئەرکی ئەقڵە کە سۆزەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەمەیش لە پرسیاری "ئەویدیی"دا سەرەنجامی نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەویدی "شت" نییە بە کاریگەرییەکەیەوە بۆ سەر بەئاگابوون، بەڵکو ئەویش بە هەمان شێوەی سەبژێکت لە بزووتن و دۆخگۆڕیی بەردەوامدایە.

یەکێك لە بەناوبانگترین مێتافۆرەکانی سەردەمی دێکارت بریتی بوو لە مێتافۆری سەعات، کە چ بۆ گەردوون و چ بۆ زیندەوەرەکان بەکار دەهێنرا. بە هەمان شێوە دێکارت سروشتێتیی مرۆڤ دەسڕێتەوە و لەشی مرۆڤ وەك ئۆتۆماتێك دادەنێ کە بە پەمپی دڵ دەژی. جەستەی مرۆڤ دەبێ بە شتێك لەپاڵ شتەکانی نێو جیهان و خودی جیهاندا. لەم ڕوانگەیەوە تەنها ئەوە گرنگە، کە سەبژێکت بە یارمەتیی ئەقڵ دەتوانێ، وەك بکەر، وەك خۆڕاگر، واتا وەك چەوسێنەری سروشتێتیی خۆ، بە کردن هەستێ. سەبژێکی هزرڤان دەتوانێ بە یاریدەی ئەقڵ ببێ بە سەرەوەر و خاوەنداری سروشت و بیکات بە ئۆبژێکتی بەکارهێنان. بەڵام سەبژێکت بەبێ نەواندنی سروشتێتیی خۆی، ناتوانێ بە کردن هەستێ: کردن وەك نواندنی دەسەڵات.

بێگومان دێکارت فەیلەسوفێکی فۆناغبڕە. ئەو بەوە دەبێ بە "باوکی نوێکاتی ئەورووپی"، کاتێك کۆتایی بە دابەشاندنی سکۆلایستییانەی زانستەکان دەهێنێ، ئەمەیش بەو فەلسەفە ئەقڵگەراییە ئەنجام دەدات کە ئەو وەك زانستێکی گشتگیر هەڵیدەبەستێ و پنتی دەرچوونەکەشی برێتییە لە سەبژێکت. ئەم پرسیارەی سەبژێکت بێگومان ژمارەیەك پرسیار بۆ دانوستاندنی نوێ ئاوەڵا دەکات. دەشێ لەم حاڵەتەدا تێڕوانینەکەی ئێرنست بلۆخ سەبارەت بەوە کە دێکارت مێدیتاسیۆنەکانی لە تەسەوفی خۆرهەلاتییەوە وەرگرتووە، پڕبایەخ بێ؛ بێگومان بلۆخ هاوکات دەنگ بەو جیاوازییەشدا دەنێ، کە لە نێوان ئەقڵگەرایی دێکارت و تەسەوفی خۆرهەلاتیدا هەیە، واتا جیاوازیی رێگەهزرینی تەسەوف وەك سایکۆلۆژی و فەلسەفەی ئەقڵگەرایی کە راستییە سەرمەدییەکانی ماتماتیك وەك بنەمای هزر وەردەگرێ. ئێمە دەتوانین لێرەدا پنتێکی بەپیت بۆ ئەو دانوستاندنە ببەینەوە. پنتێکی دیکەی بەپیت دەشێ لە کێشەی کەسی سۆسیۆکولتووریی خۆرهەلاتییەوە ببرێتەوە، لێرەشدا ئەو کەسە سۆسیۆکولتوررییە بەرەنگاری هزرینی سەبژێکتیڤی بکرێتەوە، هزرینێك کە هەمیشە لە پنتگەی ئاگامەندی ئازادییەوە دابین دەکرێ. بەم شێوەیە ئیتر پرسیاری خەریکبوون بە ئەقڵگەرایی دێکارتەوە چیدی رووناکاتە وەرگرتنی ترادیسیۆنییانەی هێشتا سەروەر و دابینکردنی جۆرە هزرینێکی بە نوێدانراو. ئەوە هەوڵێکی بێهودە دەبێ، گەر ئەقڵییەتی خۆرهەلاتی-ئیسلامی، بۆ مەبەستی خۆدەربڕین، ڕستەی "من دەهزریم" وەك ئەنالۆژی (لێچوواندن) وەربگرێ، تاکو تێڕوانینی نوێی لێوە چێ بکات. ڕستەی "من دەهزریم" تەنها ڕستەی یەکێکە کە لە مرۆڤەوە بووە بە سەبژێکت، ئینجا وەك ئەم سەبژێکتە دەستی داوەتە کردنەکانی. پرسیاری شیانی یان نەشیانی سەبژێکتێکی هزرڤان (جا با نموونەکە "دێکارت"ێك بێ) پتر بابەتی دانوستاندنە نەك خەریکبوون بە رستەکانەوە وەك بنەمای هزرین.

# سەرچاوەكان

## بەرهەمەكانی دێكارت:

Descartes, René
- Abhandlung über die Methode des richtigen Vernunftgebrauchs. Stuttgart 1984.
- Regulae. In: Ausgewählte Schriften, ausgewählt vom Ivo Frenzel. Frankfurt / Main 1986
- Meditationen über die Erste Philosophie. Reclam. Stuttgart, 1971
- Meditationen über die Erste Philosophie. Meiner. Hamburg 1972
- Die Prinzipien der Philosophie. Hamburg

## سەرچاوەی لاوەكی

Bloch, Ernst. Leipziger Vorlesungen zur Geschichte der Philosophie. Bd. 3, F.a.M. 1985

Gerl, Hanna-Barbara. Einführung in die Philosophie der Renaissance. Darmstadt, 1989

Göbel, Dieter. Das Abenteuer des Denkens. Düsseldorf-Wien 1982

Lloyd, Genevien. Das Ptriarchat der Vernunft. Bielefeld 1985

Marshall Jr, David J. Prinzipien der Descartes-Exegese. München 1979

Möller, Joseph. Vielleicht ist alles anders. Mainz 1962

Richter, Horst E. Der Gotteskomplex. Reinbeck 1986

Röd, Wolfgang. Descartes. Die Genese des cartesianischen Rationalismus. München 1982

Specht, Reiner. Descartes. Reinbeck 1980

Derselbe. Descartes. In: Klassiker der Philosophie, Bd. 1, Hrsg. V. Ottfried Höffe. München 1981

Williams, Bernard. Descartes. Das Vorhaben der reinen philosophischen Untersuchung. Frankfurt/Main. 1988

**فەرهەنگۆك:**

- **ئاپۆدیكتی**: لۆجیكی، نەشیاوی هەڵوەشاندنەوە

- **ئەمپیری**: ئەزموونی

- **ئەبستراكسیۆن / ئەبستراكتتاندن**: (تەجریدكردن)

- **ئەدگار**: خاسیەت

- **ئەستو**: ماتەری

- **ئۆبژێكت**: بابەتی دانراو لە لایەن سەبژێكتەوە

- **ئێڤیدێنس**: راستیی روون و ئاشكرا

- **ئیدێیا**: وشەیەكی گریكییە، لە بنەڕەتدا واتای "لێڕوانین" دەگەیەنێ

- **ئیكۆنۆمی**: ئابووریناسی

- **ئیمماتەریالیزم**: بەدەركردنی كاریگەریی ئەستوو لەسەر هزرین

- **ئینتەرنات**: فێرگەیەك كە هاوكات شوێنی ژیانی فێرخوازانە.

- **ئینتوئیسیۆن**: روانینی روون و ئاشكرا (روئیا)

- **ئیندوكسیۆن**: ( بە عەرەبی: استقراء) بردنەوەی گشتێتی لە دەرككراوە سێنسییەكانەوە.

- **بڕیار**: بە لاتینی "یودیسیا"، تێگەیەكی لۆجیكە، بۆ نموونە: "سۆكرات مرۆڤە". لە عەرەبیدا وەرگێڕراوە بۆ "القضیة" (!).

- **بەئاگابوون**: (بە ئەڵمانی Bewusstsein/ بە ئەرەبی "وعی"). گەر ئەم تێگەیە بەم چەشنە لە ئەڵمانییەوە نەچەسپێنین، ناتوانین بەپوختی لەبارەی فەلسەفەكانی بەئاگابوون ( Die Bewusstseinsphilosophien) بنووسین. بۆ نموونە بەئاگابوون (Bewusstsein) لای هێگل بریتییە لە بوونی بەئاگا (bewusstes Sein).

- **پانتایزم**: جیهانبینییەكە كە خوا و جیهان وەك یەك دادەنێ. **پانتایست** لایەنگری ئەو جیهانبینییەیە.

- **پرۆگنۆز**: دیاریكردنیكی یان راگەیاندنێكی پێشینەیی

- **پەرچاندن**: (بە لاتینی "رێفلەكسیۆن"، بە عەرەبی "انعكاس"). كاتێك من لە وێنەی درەختێكی دەرككراو لەنێو هۆشمدا دەڕوانمەوە، ئەوە من ئەو درەختە دەپەرچێنم. كوردەكان كردوویانە بە "رەنگدانەوە"، كە وشەیەكی بەڕبەڕیانەیە. ئاخر ئەستو رەنگ نادرێتەوە، مەگەر مرۆڤ سیحرباز بێ.

- **تێکست**: (دەق)

- **تێگە**: (مفهوم)

- **تیۆسۆفی**: دانایی ئاڕاستەگرتوو رووەو خوا

- **تیۆلۆژی**: زانستی لێکۆڵینەوە لە خوا

- **چەرخی نێڤین**: سەدەکانی ناوەڕاست

- **جەوهەر**: ئەوەیە کە بۆ لێرەبوونی خۆی پێویستیی بە لێرەبوونی شتی دیکە نییە.

- **دەرککـردن**: واتـا تۆمـارکردنی شـتەکان بـەڕێی سێنسـەکانە، بۆنموونـە روانـین لـە درەختێـك، کـە پاشـان وێنەکەی دەرککراوی ئەو درەختەیە.

- **دێدوکسیۆن**: هەڵهێنجانی تایبەتێتی لە گشتێتییەوە، بۆ نموونە لە بنەماکانی لۆجیك یان ماتماتیکەوە (بە عەرەبی: استنباط).

- **دیمەنزیۆن**: دووری (بعد)

- **دووێل**: بەرانبەرێن بە دەمانچە یان شمشێربازی (لێرەدا روون نییە کە دووێلەکەی دێکارت کامیان بووبێ)

- **راستێنراو**: تەسدیق کراو

- **رودانگە**: (الواقع)

- **ناکۆکیی تێگەکان** (یان یونیڤێرسالەکان): لەم ناکۆکییەی چەرخی نێڤیندا دوو روانگەی جیـاواز بەرانبـەر یەکتری وەستابوونەوە. رووانگەیـەکیان پابەنـد بـە پلاتۆنـەوە بـوونێکی ڕەهـای بـە ئیـدێکان دەدا، واتـا بـەو بوونەوەرانە، کە تەنها بە هۆش (ئەقڵی پەتی) شیاوی ناسینن. ئەم هەڵوێستە هزرییـە نـاو نـرا "ڕیـالیزم"، چونکە ئیدێکانی بە ڕیال، واتا بە هەبوو، دادەنا. بە واتایەکی دیکە، تێگەکانی هزر بـۆ ڕیالیسـتەکان برێتـی بـوون لـە جەوهـەری هۆشـەکی؛ ئـەوان لێرەبـوونی (وجـود) ئـەو تێگانـەیان پـێش لێرەبـوونی شـتە تاکـە ئەستوییەکان دادەنا. هەڵوێستە دژبەرەکەی ئەم شێوازە هزرینە برێتی بوو لە نۆمینالیزم (ناوگـەرایی)، کـە سەرجەم تێگە گشتییەکانی وەك "ئەبستراکسیۆن" (تجریـد) و هێمـا دادەنـا، واتـا وەك دروسـتکراوی مـرۆڤ لێیان تێدەگەیشت.

- **سەبژێکت**: بکەری زانست

- **ستێریۆمەتری**: زانستی ئەندازە و قەوارە موجەسەمەکان

- **ستیل**: شێواز

- **سکۆلاییزم**: 1) شێوازی فێرکاریی چەرخی نێڤێن؛ 2) شێوازی هزرینی چەرخی نێڤین

- **سێنس**: (حواس)، بە کوردی "هەست" بەکار دەهێنرێ کە هەڵەیە. سێنس چۆنێتیی فیزیۆلۆژییـە، بـەڵام هەست سایکۆلۆژییە، وەك هەستی خۆشەویستی، کین، بەخیلی و هتد.

- **سێنسگەرایی**: فەلسەفەی دەرچوو لە سێنسەکانەوە

- **کارتێسی**: ناوی خودی دێکارتە، کەواتە "دێکارتی"

- **کاردینال**: باڵاترین پایەگای کلێسەی کاتۆلیکییە دوای پاپا
- **کۆنسەپت**: خشتەی یان پلانی هزری
- **هزرینی ئەبستراکت**: هزرینی داماڵراو یان دابڕاو لە دەرککراوییە سێنسییەکان
- **هیچاندن**: نەهێشتن (نێگاسیۆن، بە ئەرەبی: ئەلنەفی)
- **لێرەبوون**: ڤێهەیە، (الوجود)
- **مۆدیفیکاسیۆن**: گۆڕینی یان دوورخستنەوەی شتێك لە هەقیقەتە سەرچاوەییەکەی
- **مێتۆد**: ڕێگەبڕینی سەبژێکتیڤییانەی هزری
- **مێتۆدۆلۆژی**: مێتۆدناسی
- **نەسازی**: (التناقض)
- **نۆرم**: پێوەر (معیار)
- **ویست**: (بە ئەرەبی ئیرادە)
- **یاسای چوونیەکی** (ئیدێنتیتێ):
- **یاسای دژبێژی** (یان نەسازی = التناقض): یەکێکە لە یاساکانی لۆجیك، کە دەڵێ: ناشێ دوو تەوەرەی بە یەك نەساز هاوکات راست بن. ئەم یاسایەی دژبێژی هەمیشە بەسەر دەربڕینێك و ئینجا ڕستە نەرێنیکەرەکەیدا بەکار دەبرێ. لێرەدا یاساکە دەڵێ، کە ناشێ دەربڕینێك هاوکات لەتەك پێچەوانەکەیدا (واتا ئەو ڕستەیەدا کە نەرێنیی دەربڕینەکە دەکات)، ڕاست بێ. بۆ نموونە: ناشێ زەوی تەخت بێ و هاوکات نەشێ تەخت بێ.
- **یاسای سێیەم بەدەرکەر** (Low of the Excluded Middle): ئەم یاسایەی لۆجیك دەڵێ: لە دوو تەوەرەی بە یەك نەسازدا دەبێ لایەنی کەم یەکێکیان راست بێ. ئەم نەسازییە هەروەها ناودەنرێ نەسازیی نێوانە بەدەرکەر یان نەسازیی نێوان دوو دژەتەوەرەی کۆنتڕادیکتۆر.
- **یاسای هۆکاری کافی**: ئەم یاسایە دەڵێ: هەموو بوونێك یان ناسینێك دەشێ و/یان گەرەکە بە شێوەیەکی گونجاو بۆ شتێکی دیکە بگەڕێنرێتەوە. ئەم بنەمایە ئەڕیستۆتێلیس داینا، هەروەها لە لای لایبنیتس، لەپاڵ یاسای دژبێژیدا، یەکێکە لەو دوو پرنسیپە کە دەرەنجاماندنەکانی ئەقڵی مرۆڤ پشتیان پێدەبەستن. لایبنیتس دەنووسێ: "هیچ دراوێك ناشێ وەك ڕاست یان هەبوو و هەروەها هیچ دەربڕینێك وەك ڕاست چوواندنی پێبدرێ، گەر هۆیەکی کافی (raison suffisante) بۆ ئەوە لە ئارادا نەبێ کە ئەو دراوە یان دەربڕینە تەنها ئەوهایە و بە جۆرێکی دیکە نییە، جا گەرچی تەنانەت بشێ ئەم هۆکارانە لە لای ئێمە ناسراو نەبن". بڕوانە:

Leibnitz, Monadologie, § 32, Stuttgart 1998, S. 27

- **یەکەم فەلسەفە**: (بە لاتینی پریما فیلۆسۆفییا) بریتییە لە مێتافیزیك، کە بە دابینکردنی، شیمانەی فەلسەفاندنێکی تایبەتی دەرەخسێنرێ (وەك لای ئەڕیستۆتێلیس، یان دێکارت).
- **یونیڤێرسال**: گشتی، گەردوونی